زانكۆی سەلاحەدین - هەولێر
Salahaddin University-Erbil

# هونەری ڕوونبێژی لە شیعرەکانی بێخود دا

**نامەیەکە**

**پێشکەش بە ئەنجوومەنی کۆلێژی زمان لە زانکۆی سەلاحەددین- هەولێر کراوە**

**وەک بەشێک لە پێویستییەکانی بەدەستهێنانی بڕوانامەی ماستەر لە ئەدەبی کوردیدا**

لەلایەن

**دنیا شهاب علی**

بەکالۆریۆس لە زمان و ئەدەبی کوردی - ٢٠١٠

بەسەرپەرشتی

**پ. ی. د. ئیدریس عەبدوڵڵا مستەفا**

ڕەزبەر ٢٧١٥

**بەڵێننامە**

من بەڵێن دەدەم ئەم ماستەرنامەیە کە ناونیشانەکەی بریتییە لە (هونەری ڕوونبێژی لەشیعرەکانی بێخود دا) هەمووی کاری ڕەسەنی تاکە کەسی خۆمە. جگە لەو جێگایانەی کە بە ئاشکرا ئاماژەم پێکردووە، هەموو نووسینەکان و ئەنجامەکان تۆژینەوەی سەربەخۆی خۆمە و پێشتر لەهیچ شوێنێک بڵاوم نەکردۆتەوە و پێشکەشی هیچ شوێنێکم نەکردووە بۆ ئەوەی بڕوانامەیەکی پێ وەربگرم. بەڵێن دەدەم لە هەر جێگایەک شتێکم وەرگرتبێت ئاماژەم بەسەرچاوەکەی کردووە.

واژوو:

ناوی قوتابی: **دنیا شهاب علی**

بەروار:

**پشتگیری و ڕەزامەندی سەرپەرشتیار**

ئەم نامەیە لەژێر سەرپەرشتیاری من ئامادەکراوە و نووسراوە و نێردراوە بۆ وەرگرتنی بڕوانامەی ماستەر لەپسپۆری ئەدەبی کوردیدا. من پشتگیری دەکەم و ڕازیم کە بەمشێوەیەی ئێستا پێشکەشی لیژنەی تاقیکردنەوە بکرێت.

ناو: **پ.ی. د. ئیدریس عەبدوڵڵا مستەفا**                واژوو:

بەروار:

پشتگیری دەکەم کە هەموو پێداویستیەکان جێبەجێ کراوە و هەروەها ئاماژە بەپشتگیری و ڕەزامەندی سەرپەرشتیار، من ئەم نامەیە دەنێرم بۆ گفتوگۆ.

واژوو:
ناو: **پ.ی. د. ئیدریس عەبدوڵڵا مستەفا**
سەرۆکی بەشی زمانی کوردی
بەروار:

پشتگیری دەکەم کە هەموو پێداویستیەکان جێبەجێ کراوە، بۆیە ڕازیم کە ئەو نامەیە بنێردرێت بۆ گفتوگۆ.

بەرپرسی خوێندنی باڵا لە کۆلێژ
واژوو:
ناو: **د. عاطف عبدالله فرهادی**
بەروار:

## پێشکەشە بە

- دایک و باوکی خۆشەویستم.
- هاوسەری ئازیزم (هۆزان).
- جگەر گۆشەکانم (نورە و مصطفى).

## سوپاس و پێزانین

• سوپاس و پێزانین بۆ سەرۆکایەتی زانکۆی سەلاحەددین و کۆلێژی زمان / بەشی کوردی.

• سوپاس و پێزانین بۆ سەرپەرشتیاری بەڕێزم (پ.ی.د. ئیدریس عەبدوڵلا مستەفا) کە ئەرکی سەرپەرشتی کردنی نامەکەمی گرتە ئەستۆ, بەو پەڕی پشوو درێژیەوە, بە سەرنج و تێبینییە زانستییەکانی نامەکەمی دەوڵەمەند کرد.

• سوپاس و پێزانینم بۆ هەموو مامۆستایانی بەشی کوردی ئەوانەی ڕۆژێک لە ڕۆژان وانەیان پێوتووم بە تایبەتی قۆناغی ماستەر.

• سوپاس و پێزانین بۆ هەموو ئەوانەی بە جۆرێک لە جۆرەکان هاوکارییان کردووم.

• سوپاس و پێزانینێکی تایبەتم بۆ هاوسەری خۆشەویستم (هۆزان شمس الدین مولود) ئەرک و ماندوو بوونێکی زۆرم خستە سەر شانی و هاوکار و یارمەتی دەرم بوو, لە تایپی نامەکەم و هۆکارێکی سەرەکی سەرکەوتنی نامەکەم بوو.

## ((پوختەی لێکۆڵینەوەکە))

(هونەری ڕوونبێژی لە شیعرەکانی بێخود دا) ناونیشانی ئەم نامە زانستییەیە، کە وەکو بەشێک لە پێویستییەکانی بەدەستهێنانی پلەی ماستەر لە ئەدەبی کوردیدا نووسراوە.

لەم نامەیەدا دەروازەیەک بۆ ناساندنی هەندێ ناو و زاراوەی گرنگ تەرخانکراوە، کە لە ناونیشانەکە هاتوون، وەکو ناوو زاراوەکانی: هونەر.. بێخود.. ڕوونبێژی.. کە بە شێوەیەکی پوخت و ڕەوان، یەکە یەکەی ئەم ناو و زاراوانە زانیاری پێویستییان لە بارەوە خراوەتە ڕوو.

دوای ئەوە نامەکە هاتۆتە سەر بەشە سەرەکییەکانی کارەکەی، بۆ ئەم مەبەستەش خۆی دابەشکردۆتە سەر پێنج بەشی سەرەکی، بەشی یەکەم تایبەتکراوە بە هونەری لێکچوواندن (تشبية).. بەشی دووەم تایبەتکراوە بە هونەری خوازە (مجاز).. بەشی سێیەم تایبەتکراوە بە هونەری خواستن (استعارة).. بەشی چوارەم تایبەتکراوە بۆ هونەری درکە (کناية).. بەشی پێنجەمیش، کە دوابەشەو لە دوای هەمووان دێت، تەرخانکراوە بۆ جوانی هونەرەکانی ڕوونبێژی.. کە دیارە: بەهۆی هونەرەکانی ڕوونبێژییەوە چەندین شێوازی جوان دروست دەبێت و قسەکەر بەم هۆیانەوە مەبەستەکانی خۆی پێشکەشی گوێگر دەکات, ئەوانیش بریتینە لە: ڕوونکردنەوە.. کورتبڕی, یان ئابوریکردن لە قسە.. قسەکردن بە وێنە.

سەرەنجام لێکۆڵینەوەکە دوای هێنانەوەی نمونەی پێویست لە بەیتە شیعرەکانی (بێخود)دا، گەیشتۆتە چەندین ئەنجامی گرنگ، لەم (شەش)انەی خوارەوەی کورتکردۆتەوە:

١. ڕوونبێژی زانستێکی دیارو چڕو پڕو فرە هونەری نێو زانستی ڕەوانبێژییە، کە بەهۆیەوەی تاکە واتا بە ڕێگە و شێوازی ئەدەبی لە یەکجیا پێشکەش دەکرێت. بە ڕای زانایان لە چوار هونەردا کورتدەکرێنەوە, کە ئەوانیش: لێکچوواندن و خوازە و خواستن و درکەن.

٢. لێکچوواندن هونەرێکی کۆن و گرنگی دەربڕینی ئەدەبییە، بێخودیش توانایەکی باشی لە بەکارهێنانی لێکچوواندندا هەبووە و زۆرترین جۆری لێکچوواندنی بەکارهێناوە, هەموویان دەگەنە (٣٣) جۆر و شێوازی لێکچوواندن.

٣. خوازە هونەرێکی فراوانی هۆنراوەکانی ئەم شاعیرەیە, دروستکردنی خوازە بەرهەمی ئەقڵی تیژ و خەڵکی بە توانایە، (سێزدە) شێوازی خوازە سوودی وەرگرتووە.

٤. خواستن لە کۆن و نوێدا، بە هونەرێکی بەرز و کاریگەری شیعری دادەنرێت، بێخود وێنەی خواستنی بەهێز و ڕەنگینی بە شێوازی جۆراوجۆری خواستن بەرهەمهێناوە, کە هەموو ئەو شێوازانە دەگەنە (١٦) جۆرو شێواز.

٥. دوا هونەری زانستی ڕوونبێژی درکەیە، کە: درکە خوازەیە لە ئاستی ڕستەدا، لای ئەم شاعیرە گرنگی زۆری پێدراوە، (٧) جۆر و شێوازی درکەمان لای بەدی کردووە.

٦. لێکدانەوە و شیکردنەوەی شیعرەکانی بێخود لە ڕێگەی ئەم هونەرانەوە تێگەیشتن ئاسان دەکات و چێژی شیعری دەبەخشێت.

# پێڕست


| بابەت | لاپەڕە |
|---|---|
| بەڵێننامە | ii |
| بڕیاری سەرپەرشتیار | iii |
| بڕیاری لیژنە | iv |
| پێشکەشنامە | v |
| سوپاس و پێزانین | vi |
| پوختەی لێکۆڵینەوەکە | viii-vii |
| پێڕست | xiv-ix |
| پێشەکی | ١-٥ |
| دەروازەیەک بۆ هەندێ ناو و زاراوەی گرنگ | ٦-١٧ |
| ١. هونەر | ٦ |
| ٢. بێخودی شاعیر | ٩ |
| ٣. ڕوونبێژی | ١٣ |
| ـ ڕوونبێژی لە ڕووی وشەییەوە | ١٣ |
| ـ ڕوونبێژی لە ڕووی زاراوەییەوە | ١٣ |
| بەشی یەکەم: لێکچوواندن (التشبیه) | ١٨-٥٧ |
| باسی یەکەم: پێناسەی لێکچوواندن و بنەڕەتەکانی | ١٩ |
| لێکچوواندن لەڕووی وشەییەوە | ١٩ |
| لێکچوواندن لەڕووی زاراوەییەوە | ٢٠ |
| بنەڕەتەکانی لێکچوواندن | ٢٣ |
| پێناسەی بنەڕەتەکانی لێکچوواندن | ٢٣ |
| ١. بنەڕەتی سەرەکی لێکچوواندن | ٢٣ |
| أ. لێچوو (المشبه) | ٢٣ |
| ب. لەوچوو (المشبه به) | ٢٣ |
| ٢. بنەڕەتی ناسەرەکی لێکچوواندن | ٢٤ |
| أ. ئەوزار (أداة التشبیه) | ٢٤ |
| ب. ڕووی لێکچوون (وجه الشبه) | ٢٤ |
| باسی دووەم: جۆرەکانی لێکچوواندن | ٢٤ |
| یەکەم: بەپێی هەبوون و نەبوونی بنەڕەتەکان | ٢٤ |
| أ. بە گوێرەی ئەوزار | ٢٤ |

| | |
|---|---|
| ١. لێکچوواندنی بەرەڵڵا (التشبیه المرسل) | ٢٥ |
| ٢. لێکچوواندنی جەختاو (التشبیه المؤکد) | ٢٥ |
| ب. بەگوێرەی ڕووی لێکچوون | ٢٧ |
| ١. لێکچوواندنی درێژە (التشبیه المفصل) | ٢٧ |
| ٢. لێکچوواندنی پوختەکراو (التشبیه المجمل) | ٢٨ |
| ج. بەگوێرەی ئەوزار و ڕووی لێکچوون | ٢٨ |
| ١. لێکچوواندنی درێژەی بەرەڵڵا (التشبیه المرسل المفصل) | ٢٨ |
| ٢. لێکچوواندنی ڕەوان (التشبیه البلیغ) | ٣٠ |
| دووەم: بەپێی ئەقڵی و هەستی دوو لایەنەکانی لێکچوواندن | ٣١ |
| ١. لێکچوواندنی هەستی هەستی (التشبیه حسی حسی) | ٣١ |
| ٢. لێکچوواندنی ئەقڵی ئەقڵی (التشبیه عقلی عقلی) | ٣٢ |
| ٣. لێکچوواندنی هەستی ئەقڵی (التشبیه حسی عقلی) | ٣٣ |
| ٤. لێکچوواندنی ئەقڵی هەستی (التشبیه عقلی حسی) | ٣٣ |
| سێیەم: لێکچوواندنی لێکدراو | ٣٤ |
| چوارەم: لێکچوواندنی پێچراو (التشبیه الملفوف) | ٣٦ |
| پێنجەم: لێکچوواندنی بڵاو (التشبیه المفروق) | ٣٨ |
| شەشەم: لێکچوواندنی ئاوەژوو (التشبیه المقلوب) | ٤٠ |
| حەفتەم: لێکچوواندنی نائاشکرا (التشبیه الضمنی) | ٤١ |
| هەشتەم: بەگوێرەی ژمارەی لێچوو و لەوچوو | ٤٢ |
| ١. لێکچوواندنی تەخت (التشبیه التسویة) | ٤٢ |
| ٢. لێکچوواندنی کۆ (التشبیه الجمع) | ٤٢ |
| نۆیەم: بەگوێرەی تاک و کۆی لێچوو و لەوچوو | ٤٣ |
| ١. لێکچوواندنی کۆ بە کۆ | ٤٣ |
| أ. کۆ بە کۆی ڕێک | ٤٣ |
| . لێکچوواندنی دوو بە دوو | ٤٣ |
| . لێکچوواندنی سێ بە سێ | ٤٤ |
| ب. لێکچوواندنی کۆ بە کۆی ناڕێک | ٤٤ |
| . لێکچوواندنی سێ بە پێنج | ٤٥ |
| ٢. لێکچوواندنی تاک بە تاک | ٤٥ |

| | |
|---|---|
| . لێکچوواندنی یەک بە یەک | ٤٥ |
| ٣. لێکچوواندنی تاک بە کۆ | ٤٦ |
| أ. لێکچوواندنی یەک بە دوو | ٤٦ |
| ب. لێکچووندنی یەک بە سێ | ٤٦ |
| ج. لێکچوواندنی یەک بە چوار | ٤٦ |
| د. لێکچوواندنی یەک بە پێنج | ٤٧ |
| ٤. لێکچوواندنی کۆ بە تاک | ٤٧ |
| . لێکچوواندنی سێ بە یەک | ٤٧ |
| دەیەم: لێکچوواندنی مەرجدار | ٤٨ |
| باسی سێیەم: ئەوزارەکانی لێکچوواندن | ٥٠ |
| یەک: ئەوزارە عەرەبییەکان | ٥٠ |
| دوو: ئەوزارە فارسییەکان | ٥١ |
| سێ: ئەوزارە کوردییەکان | ٥١ |
| باسی چوارەم: مەبەست و گرنگییەکانی لێکچوواندن | ٥٤ |
| یەکەم: مەبەستەکانی لێکچوواندن | ٥٤ |
| دووەم: جوانی و گرنگی لێکچوواندن | ٥٦ |
| بەشی دووەم: خوازە (المجاز) | ٥٨-٨١ |
| باسی یەکەم: درووست و جۆرەکانی | ٥٨ |
| درووست (الحقیقە) | ٥٨ |
| درووست لە ڕووی وشەییەوە | ٥٨ |
| درووست لە ڕووی زاراوەییەوە | ٥٩ |
| جۆرەکانی درووست | ٦٠ |
| ١. درووستی وشەیی | ٦١ |
| ٢. درووستی واتایی | ٦١ |
| باسی دووەم: پێناسەی خوازە | ٦٢ |
| خوازە لە ڕووی وشەییەوە | ٦٢ |
| خوازە لە ڕووی زاراوەییەوە | ٦٢ |
| حاڵەتی خوازە (مجاز) لە زماندا | ٦٥ |

| | |
|---|---|
| هۆی دروستبوونی خوازە | ٦٥ |
| حەقیقەتی خوازە | ٦٦ |
| باسی سێیەم: جۆرەکانی خوازە | ٦٦ |
| یەکەم: خوازەی زمانی (المجاز الغوی) | ٦٦ |
| دووەم: خوازەی ژیری (المجاز العقلی) | ٦٨ |
| باسی چوارەم: پەیوەندییەکانی خوازە ی ڕەها | ٧٠ |
| پەیوەندییەکانی خوازە لە شیعری بێخود دا | ٧١ |
| ١. پەیوەندی کەرتی (العلاقة الجزئیة) | ٧١ |
| ٢. پەیوەندی گشتی (العلاقة الكلیة) | ٧٣ |
| ٣. پەیوەندی ڕابردوویی (العلاقة اعتبار ماكان) | ٧٤ |
| ٤. پەیوەندی هاوسێیەتی (العلاقة المجاورة) | ٧٤ |
| ٥. پەیوەندی کاتی (العلاقة الزمانیة) | ٧٥ |
| ٦. پەیوەندی شوێنی (العلاقة المكانیة) | ٧٦ |
| ٧. پەیوەندی بەرکاری (العلاقة المفعولیة) | ٧٦ |
| ٨. پەیوەندی ئاوەڵناوی (العلاقة الوصفیة) | ٧٧ |
| ٩. پەیوەندی ژمارەیی (العلاقة الأرقام) | ٧٧ |
| ١٠. پەیوەندی تایبەتکردن (العلاقة الخصوص) | ٧٨ |
| ١١. پەیوەندی هۆیی (العلاقة السببیة) | ٧٩ |
| ١٢. پەیوەندی سەرچاوەیی (العلاقة المصدریة) | ٧٩ |
| ١٣. پەیوەندی خاوەندارییەتی (موڵکایەتی) | ٨٠ |
| جوانی و گرنگی خوازە | ٨٠ |
| بەشی سێیەم: خواستن (الاستعارە) | ٨٢-١٠٤ |
| باسی یەکەم: پێناسەی خواستن و بنەڕەتەکانی | ٨٢ |
| خواستن لە ڕووی وشەییەوە | ٨٢ |
| خواستن لە ڕووی زاراوەییەوە | ٨٣ |
| پەیوەندی و جیاوازی خواستن بە لێکچوواندن | ٨٥ |
| پێناسەی خواستن لەڕووی پەیوەندیی بە خوازە | ٨٧ |
| پێناسەی خواستن لە ڕووی پەیوەندیی بە لێکچوواندنەوە | ٨٧ |
| بنەڕەتەکانی خواستن (أرکان الاستعارە) | ٨٧ |

| | |
|---|---|
| باسی دووەم: جۆرەکانی خواستن | ٨٨ |
| یەکەم: خواستنی تاکە وشە (الاستعارە مفرد) | ٨٨ |
| دووەم: خواستنی دەربڕینی لێکدراو (الاستعارة التمثيلية) | ٨٩ |
| جۆرەکانی خواستنی تاکە وشە | ٩٠ |
| یەکەم: بە بەرچاوگرتنی جۆری وشە خواستراوەکان | ٩٠ |
| ١. خواستنی بنجی (الاستعارة الاصلية) | ٩٠ |
| ٢. خواستنی شوێنکەوتەیی (الاستعارة التبعية) | ٩٢ |
| دووەم: بە بەرچاوگرتنی دوو لایەنەکانی خواستن | ٩٢ |
| ١. خواستنی ئاشکرا (الاستعارة التصريحية) | ٩٣ |
| ٢. خواستنی درکاو (الاستعارة المكنية) | ٩٤ |
| سێیەم: بە بەرچاوگرتنی بۆ گونجاوەکان (الملائمات) | ٩٥ |
| ١. خواستنی ڕەها (الاستعارة المطلقة) | ٩٥ |
| ٢. خواستنی پاڵێوراو (الاستعارة المرشحة) | ٩٦ |
| ٣. خواستنی پەتی (الاستعارة المجردة) | ٩٧ |
| چوارەم: بە بەرچاوگرتنی (هەستی و ئەقڵی) | ٩٧ |
| ١. خواستنی ئەقڵی هەستی (الاستعارة المعقول لمحسوس) | ٩٨ |
| ٢. خواستنی هەستی هەستی (الاستعارة المحسوس لمحسوس) | ٩٩ |
| ٣.خواستنی ئەقڵی ئەقڵی (الاستعارة المعقول لمعقول) | ٩٩ |
| پێنجەم: بە بەرچاوگرتنی (گونجاوی و نەگونجاوی) دوو لایەنەکانی خواستن | ١٠٠ |
| ١. خواستنی گونجاوی (الاستعارة الوفاقية) | ١٠٠ |
| ٢. خواستنی نەگونجاوی (الاستعارة العنادية) | ١٠١ |
| شەشەم: خواستنی گشتی (الاستعارة العامية) | ١٠٢ |
| حەفتەم: خواستنی ڕاستەقینە (الاستعارة التحقيقة) | ١٠٣ |
| باسی سێیەم: جوانی و گرنگی خواستن | ١٠٣ |
| بەشی چوارەم: درکە (الكناية) | ١٠٥-١١٦ |
| باسی یەکەم: پێناسەی درکە و بنەڕەتەکانی | ١٠٥ |
| درکە لە ڕووی وشەییەوە | ١٠٥ |

| | |
|---|---|
| دركه له ڕووی زاراوەییەوه | ١٠٥ |
| جیاوازی نێوان دركه و خوازه | ١٠٨ |
| بنەڕەتەكانی دركه | ١٠٩ |
| باسی دووەم: جۆرەكانی دركه | ١٠٩ |
| ١. دركەله سیفەت (الكیناية عن الصفه) | ١١٠ |
| ٢. دركه له مەوسوف (الكیناية عن الموصوف) | ١١١ |
| ٣. دركه له هاوگری (الكیناية عن النسبة) | ١١٢ |
| چەند جۆرێكی دیكەی دركه | ١١٣ |
| ١. دركەی گشتی | ١١٣ |
| ٢. دركەی خەبەری | ١١٣ |
| ٣. دركەی مەرجی | ١١٤ |
| ٤. دركەی فرمانی | ١١٤ |
| باسی سێیەم: جوانی و گرنگی دركه | ١١٥ |
| بەشی پێنجەم: جوانی هونەرەكانی ڕوونبێژی | ١١٨-١١٧ |
| ١. ڕوونكردنەوه | ١١٧ |
| ٢. كورتبڕی | ١١٧ |
| ٣. قسەكردن به وێنه | ١١٨ |
| ئەنجام | ١٢١-١١٩ |
| لیستی سەرچاوەكان | R١٣٦- R١٢٢ |
| پوختەی ئینگلیزی | II-I |

# پێشەکی

# پێشەکی

## ـ گرینگی لێکۆڵینەوە

(هونەری ڕوونبێژی لە شیعرەکانی بێخود دا) ناونیشانی ئەم نامە زانستییەیە، کە کار لەسەر گرینگترین و دیارترین زانستی ڕەوانبێژی دەکات، کە هونەری ڕوونبێژییە، ئەم زانستەش هەر چوار هونەری لێکچوواندن و خوازە و خواستن و درکە دەگرێتەوە، هەر یەک لەو هونەرانە بەکۆڵەکەی دروستکردنی وێنەی هونەری و پێدانی شیعرییەت لە دەقی ئەدەبیدا و بە تایبەتی شیعر دادەنرێت، بایەخ و گرینگی و بەکارهێنانی هونەرەکانی ڕەوانبێژی بەگشتی و هونەرەکانی ڕوونبێژی بە تایبەتی، تایبەت نین بە شیعری کۆن و کلاسیک، بەڵکو لە ڕابردوو و ئێستاشدا و لە سەرجەم ئەدەبیات و ڕەخنە و لێکۆڵینەوە ئەدەبیەکانی جیهانیشدا کۆمەڵێک وێنەی دیارن و جێ بایەخی نوسەران و لێکۆڵەرەوانن.

بێخودیش یەکێکە لەو شاعیرە گەورە و دیارەی نەتەوەی کورد، کە لە بنیاتنانی هونەری ڕوونبێژی دەستێکی باڵای هەیە، کە بە شێوەیەکی ورد و چڕ و هونەرییانە بەکاریهێناوە، بە پاشخانێکی ڕەوانبێژییانەوە دیوانەکەی پێ بەهێزترو کاریگەرتر کردووە، بە بەڵگەی ئەوەی شاعیر گەلێک وێنەی دروستکردووە لە ڕێگەی ئەو هونەرانەوە. بەڵام لەم ڕووەوە هیچ کارێک لەسەر ئەم شاعیرە نەکراوە، گرنگی ناونیشانەکەشمان لێرەوە سەرچاوە دەگرن

## ـ ئامانجی لێکۆڵینەوە

ئامانجی ئەم لێکۆڵینەوەیە بۆ چەند هۆکارێک دەگەڕێتەوە، ئەوانیش:

١. بەرجەستە کردنی هونەرەکانی ڕوونبێژی لە ئەدەبیاتی کوردی و شیعرەکانی بێخود بە تایبەتی.

٢. دەرخستنی ڕادەی دەوڵەمەندی زمانی کوردی لە بەرهەمهێنانی شێوازی نوێ و لادان لە باری ئاسایی ئاخاوتن بۆ بارێکی تازەی پڕ لە داهێنان و کاریگەری.

٣. زۆربەی ئەو نووسینانەی لە پێشوودا لە سەر بێخودی شاعیر کراون لە ئاستی ناوەرۆکدا بوون و لە سەر هزر و تێروانین و بیر و بۆچوونی ئاینی شاعیر نوسراون، ئەم لێکۆلینەوەیە هەوڵێکە بۆ ناساندنی بێخود وەکو شاعیرێکی بە توانا و لێهاتوو، دەرخستنی توانا ئەدەبییەکانی لە ڕادەی فراوانی ڕێگەکانی بەدیهێنانی زمان، هەروەها شارەزا لە زۆربەی تەکنیک و هونەرەکانی ڕوونبێژی بەرجەستە کردنیان لە شیعرەکانیدا.

**- سنووری لێکۆلینەوە**

ئەم لێکۆلینەوەیە لە سنووری زانستەکانی (ڕوونبێژی)دا دەخولێتەوە و هەر چوار هونەرەکانی ئەم زانستە (لێکچوواندن - خوازە - خواستن - درکە) لە شیعرە کوردییەکانی (بێخود)دا و لێکدانەوە و شیکردنەوەی ئەو شیعرانە لە ژێر ڕۆشنایی  ئەو هونەرانەدا دەگرێتەخۆ.

**- میتۆدی لێکۆلینەوە**

میتۆدی لێکۆلینەوە میتۆدی ڕەخنەیی شیکارییە و سەرچاوەکانی ڕەوانبێژی دەکاتە پێوەر بۆ بەرەو پێشبردنی شیکار و لێکدانەوەی شیعرەکانی بێخود.

**- گیروگرفتی لێکۆلینەوە**

لەکاتی ئەنجامدانی لێکۆلینەوەکە وەکو هەموو لێکۆلینەوەیەک  گرفتی خۆی هەبووە، بە تایبەتیش لە هەڵبژاردنی زاراوە هاتۆتە پێشم، چونکە لێکۆلینەوەکە بە دەیان زاراوە لە خۆ دەگرێت، هەروەها ڕەوانبێژیش لە هەناوی شیعر و ئەدەبیاتی عەرەبییەوە هەڵهێنجراوە، بۆ ئەم زاراوانەش لە کوردیدا بۆ هەموویان یەک زاراوەی تایبەت دانەنراوە، بۆیە هەندێ جار ئەو زاراوانەم هەڵبژاردووە کە کوردەکانی پێشی خۆم بەکاریان هێناوە، هاتووم بەرانبەر هەر زاراوەیەکی کوردی زاراوە عەرەبییەکەم بەکارهێناوە، بۆیە دەبێ ئەوە ئاشکرا بێ کە زاراوە کوردییەکانی ئەوانەی کە لە کوردیدا بۆ ئەو هونەرانە دانراون، ئەگەر زاراوە عەرەبییەکانیشیان لە تەک بەکارهاتبێ، تاوەکو بۆ خوێنەر ڕوون بێت، کە بەرانبەر زاراوە عەرەبییەکە ئەم زاراوە کوردییە بەکارهاتووە.

- **پێکهاتەی لێکۆڵینەوە**

ئەم لێکۆڵینەوەیە لە پێشەکی و دەروازەیەک بۆ هەندێ ناو و زاراوەی گرنگ و پێنج بەش و ئەنجام و لیستی سەرچاوەکان و پوختەی باسەکە بە زمانی عەرەبی و ئینگلیزی پێکهاتووە.. لە دەروازەدا تیشکمان خستۆتە سەر هەندێ ناو زاراوەی گرنگ کە پێکدێت لە (هونەر، بێخودی شاعیر، ڕوونبێژی).

**بەشی یەکەم:** بریتییە لە (لێکچوواندن) و دابەشکراوەتە سەر چوار باسی سەرەکی، کە بریتینە لە: پێناسەی لێکچوواندن و بنەڕەتەکانی و جۆرەکانی لێکچوواندن و ئەوزارەکانی لێکچوواندن و مەبەست و گرنگییەکانی لێکچوواندن. لە باسی یەکەمدا پێناسەی لێکچوواندن لە ڕووی وشەیی و زاراوەوە کراوە لەگەڵ خستنە ڕووی بنەڕەتە سەرەکی و ناسەرەکییەکانی لێکچوواندن، لە باسی دووەمدا کە مەبەستی سەرەکییە لە نامەکەدا باس لە جۆرەکانی هونەری لێکچوواندن کراوە بەپێی چەندین لایەن، هەموویان دەگەنە زیاتر لە (٢٢) جۆر و شێوازی لێکچوواندن، لە باسی سێیەمیشدا باسی ئەوزارەکانی لێکچوواندن کراوەو ئەوزارە کوردی و عەرەبی و فارسییەکان لە یەک جیاکراونەتەوە، لە باسی چوارەمیشدا مەبەست و گرنگییەکانی لێکچوواندن بە نمونەی شیعرییەوە لای بێخود ڕوونکراوەتەوە.

**بەشی دووەم:** تایبەتکراوە بۆ هونەری خوازە و دابەشکراوەتە سەر چوار باسی سەرەکی (درووست و جۆرەکانی و پێناسەی خوازە و جۆرەکانی خوازە و پەیوەندییەکانی خوازە و جوانی و گرنگی خوازە)، لە باسی یەکەمدا کە (درووست و جۆرەکانی)یە، تیشک خراوەتە سەر پێناسەی درووست لە ڕووی وشەیی و زاراوەییەوە لەگەڵ جۆرەکانی درووست ئەوانیش (درووستی وشەیی و درووستی واتایی)نە، لەباسی دووەمیشدا کە تایبەتە بە پێناسەی خوازە، تیشک خراوەتە سەر پێناسەی خوازە لە ڕووی وشەیی و زاراوەییەوە، لە باسی سێیەمیشدا کە تایبەتە بە جۆرەکانی خوازە، تیشک خراوەتە سەر هەردوو جۆری خوازەی زمانی و خوازەی ژیری، لە باسی چوارەمیشدا کە تایبەتە بە

پەیوەندییەکانی خوازە و تیشک خراوەتە سەر (١٣) پەیوەندی، ئەوانیش: پەیوەندی کەرتی، پەیوەندی گشتی، پەیوەندی ڕابردوویی، پەیوەندی هاوسێیەتی، پەیوەندی کاتی، پەیوەندی شوێنی، پەیوەندی بەرکاری، پەیوەندی ئاوەڵناوی، پەیوەندی ژمارەیی، پەیوەندی تایبەتکردن، پەیوەندی هۆیی، پەیوەندی سەرچاوەیی، پەیوەندی خاوەندارییەتی. لە کۆتایشدا باسی جوانی و گرنگی خوازە کراوە.

**بەشی سێیەم:** بریتییە لە خواستن (الاستعارة) و دابەشکراوەتە سەر سێ باسی سەرەکی. باسی یەکەم: تایبەتە بە پێناسەی خواستن و بنەڕەتەکانی، باسی دووەم: تایبەتە بە جۆرەکانی خواستن، تیشک خراوەتە سەر (١٦) جۆری خواستن، ئەوانیش بریتینە لە: خواستنی تاکە وشە، خواستنی دەربڕینی لێکدراو، خواستنی بنجی، خواستنی شوێنکەوتەیی، خواستنی ئاشکرا، خواستنی درکاو، خواستنی ڕەها، خواستنی پاڵێوراو، خواستنی پەتی، خواستنی ئەقڵی هەستی، خواستنی هەستی هەستی، خواستنی ئەقڵی ئەقڵی، خواستنی گونجاوی، خواستنی نەگونجاوی، خواستنی ڕاستەقینە. باسی سێیەمیش تایبەتە بە جوانی و گرنگی خواستن.

**بەشی چوارەمیش:** تایبەتکراوە بۆ هونەری درکە (الکنایە) و دابەشکراوەتە سەر سێ باسی سەرەکی، لە باسی یەکەمدا پێناسەی درکە و بنەڕەتەکانی کراوە، باسی دووەمیش تایبەتە بە جۆرەکانی درکە و تیشک خراوەتە سەر (٧) جۆر و شێوازی درکە ئەوانیش بریتینە لە: (درکە لە سیفەت، درکە لە مەوسوف، درکە لە هاوگری، درکەی گشتی، درکەی خەبەری، درکەی مەرجی، درکەی فرمانی). باسی سێیەمیش تایبەتە بە جوانی و گرنگی درکە.

**بەشی پێنجەمیش:** کە دوا بەشە و لە دوای هەمووان دێت، تەرخانکراوە بۆ فەلسەفە و جوانی هونەرەکانی ڕوونبێژی.. ئەوانیش بریتینە لە: ڕوونکردنەوە و کورتبڕی و قسەکردن بە وێنە.

له کۆتایدا گرنگترین ئەنجامی لێکۆلینەوە لە (٦) خاڵ کورتکراوەتەوە، ئینجا لیستی سەرچاوەکانیش دوای ئەوانە بە پێی ڕیز بوونی ناو نووسەرەکان لە دوای ئەنجامەکانەوە دانراوە کە ژمارەی ئەو سەرچاوانە (١٥٢) سەرچاوەن و لە سەرچاوە ناسراوەکانی زانستی ڕەوانبێژینە، لە کۆتایشدا پوختەی لێکۆلینەوەکە بە هەردوو زمانی عەرەبی و ئینگلیزی خراوەتە ڕوو. هیوادارم توانیبێتم بەردێک بخەمە سەر کۆشکی ئەدەبیاتی کوردی و کەلێنێکم پڕ کردبێتەوە لە زانستی ڕەوانبێژی کوردیدا بە تایبەتی ڕوونبێژی.

- **تێبینییەکی گرنگ:**

هەموو ئەوانەی لە سەر (ڕەوانبێژی کوردی) یان نووسیوە، ئەوەیان لا ڕوونە، کە:

١. زاراوە و ناوی هونەرەکان وەکو زاراوە و ناوە عەرەبییەکان جێگیر نینە.

٢. مەرج نییە ناو و زاراوە کوردییەکان تەرجەمەکراوی ناو و زاراوە عەرەبیەکان بن، چونکە عەرەب بە جۆرێ بیردەکاتەوە و کوردیش تایبەتمەندی خۆی هەیە و وەکو خۆی بیردەکاتەوە.

# دەروازە

## بۆ هەندێ ناو و زاراوەی گرنگ

١. هونەر

٢. بێخودی شاعیر

٣. ڕوونبێژی

# دەروازەیەک بۆ هەندێ ناو و زاراوە

## ١ـ هونەر (الفن)

وشەی هونەر بەو چالاکی و بەرهەمانە دەگوترێت، کە لەلایەن دەستەی مرۆڤەوە دادەهێنرێن لە بواری وێنەکێشان و داتاشین و نواندن و سەما و وتار و شیعر، یان هەر شتێکی تر.

**هونەر لە ڕووی وشەییەوە:** عەرەب (الفن)ی پێدەڵێن.. لای ئەوان مەبەست لە هونەر ئەو وشەیەیە بۆ دەست نیشانکردنی هونەرە جوانەکان، یان جۆرە پیشەکانی تر وەکو پەیکەرتاشی و مۆسیقا و بێجگەی ئەمانە. ئەوەتا لە فەرهەنگەکانیاندا هاتووە: ((هونەر بە گشتی بە جوانی بەستراوەتەوە، جا لە ڕەسم، یان نەحت، یان مۆسیقا، یان غەیری ئەوانە ـ وەکو ئەدەب بەگشتی ـ یان هەر شتێکی تر لەو ڕووالەتانەی، چاو و دەروون پێی ئاسوودە دەبن))[١]، واتە: هەموو لایەنەکانی ئەدەب و شیعر و وتار و بابەتەکانی تر دەگرێتەوە، کە لایەنی جوانی بە مرۆڤ دەبەخشن.

لە کوردیشدا مەبەست لە هونەر: بەکارێکی جوان و سەرسورهێنەر دێت، لە (فەرهەنگی خاڵ)دا هونەر بە واتای ((کردەوەیەکی جوانی پەسەندە، کە لە دەست هەموو کەس نەیەت))[٢]، واتە: کەسێک کردەوەیەکی سەرسورهێنەر ئەنجام بدات، ئەوا بەو چالاکی و کردەوەیە دەگوترێ: بەڕاستی هونەرە. لە (فەرهەنگی کوردستان)یشدا هونەر بە واتای ((کارزانی، زانست، زانیاری، جەوهەردار، بەجەوهەر))[٣] دێت.

**هونەر لەڕووی زاراوەییەوە:** هونەر ((ئەو کارە ناوازەیە، کە بەسیفەت و لێزانی بنیات دەنرێ))[٤].

یەکەمین فەیلەسوفێک، کە لە کۆمارەکەیدا هێرشی کردە سەر شاعیران (ئەفلاتون) بوو، کە تێڕوانین و دەربڕینی فەلسەفییانەی خۆی بە سەر هونەر و شیعردا سەپاند. تێڕوانینی

---

(١) عبدالحق الکتانی، المغنی (معجم اللغة العربیة)، دار الکتب العلمیة، بیروت ـ لبنان، ٢٠١٢ ـ ٢٠١٣، ص٣٨٦.

(٢) شێخ محمدی خاڵ، فەرهەنگی خاڵ، جزمی سێهەم، چاپخانەی کامەرانی، سلێمانی، ١٣٩٦هـ ـ ١٩٧٦م، ل٤٠٣.

(٣)گیوی موکریانی، فەرهەنگی کوردستان، چاپی یەکەم، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، هەولێر، ١٩٩٩، ل٩٣٢.

(٤) الموسوعة الفلسفیة العربیة، رئیس التحریر: د. معن زیادە، المجلد الاول (الاصطلاحات و المفاهیم)، الطبعة الأولی، معهد الإنماء العربی، ١٩٨٦، ص٦٦١.

ئەفلاتون سەبارەت بەلاسایکردنەوە ئەوەیە: ((هونەری هۆنراوە کارێکی داهێنراو و خولقێنراو نییە بەڵکو سەر ئەنجامی لاسایکردنەوەی سروشت و جیهانی هەست پێکراوە))[١]، واتە: بەڕای ئەفلاتون هونەرمەند لاسایی واقیع دەکاتەوە، کە دەڵێ: ((هونەر ڕێگەیەکە بۆ گوزارشتکردن، بە هۆی هەندێ شتی هەستی لە جیهانی نمونەییدا))[٢]، لە کۆماردا ئەفلاتون بۆ ڕوونکردنەوەی ئەم بیرو ڕایە، دەڵێ: ((ئەوەیە کە ئاوێنەیەک بە دەستەوە بگریت و بە هەموو لایەکدا بیسوڕێنی، لەو ڕێیەوە دەتوانیت هەم خۆر دروست بکەیت و هەم ئەستێرەکانیش، بەڵام بەم شێوە وێنەیەکی ئەوان دروست دەکەی نەک بونیاتێکی ڕاستەقینەی ئەوان))[٣].

هەرچی (ئەرستۆ)یە بە پێچەوانەی ئەفلاتونی مامۆستایەوە تێروانینی خۆی بەرامبەر تیۆری لاسایکردنەوە دەردەبڕێ و دەڵێ: ((هونەری هۆنراوە لاسایی کردنەوەی سروشتە، مەبەستی دووبارە کردنەوەی سروشت نییە، بەڵکو مەبەستی خولقاندن و داهێنانی بەرهەمێکی تازەیە، کە ئاکامی دەنگدانەوەی بوونە لە قەوارەی هەست و نەست و سۆز و ئارەزوو ئەندێشەی هەستیاراندا))[٤]، واتە: لەلای (ئەرستۆ) هونەر ئەو لایەنە تەواو دەکات، کە سروشت نەیتوانیوە تەواوی بکات، لە هەموو هونەرەکانیشدا لاسایکردنەوە ڕەگەزی هەرە بنچینەییە، هەروەها بایەخی زۆری بە کەرەستەی هونەری داوە، ((چونکە کەرەستەکە، جۆری هونەرەکە دەست نیشان دەکات))[٥]، کەواتە بە شێوەیەکی بەردەست سەرەتای باسکردنی هونەر بۆ سەردەمی ئەفلاتون و ئەرستۆ دەگەڕێتەوە.

هونەر هەر لە سەرەتای پەیدابوونیەوە ئامرازێک بووە بۆ گەیشتن بە ئامانجێک، ((بەرهەمی هونەری هەمیشە ئاکامی چالاکی ئادەمیزادە، ئاکامی هوشیاری ئادەمیزادە دەربارەی ڕواڵەتەکانی واقیعەکەی))[٦]، واتە: ئامانجی هونەر لێرەدا ئەوەیە، کە کار لە هەڵوێست و خواست و بیری ئادەمیزاد بکا و ڕواڵەتەکانی واقیع هەڵبسەنگێنێت. هەروەها دەتوانین بڵێین: هونەر ((شێوەیەکی جۆرەکیی ئەوتۆیە، کە ئاگایی و چالاکیی ڕەنگ بە واقیعدەرەوەی مرۆڤەو یەکێ لە ڕێگا هەرە گرنگەکانە، کە جیهان بە تەرزێکی جوانکاری وێنە

---

(١) سەردار ئەحمد حەسەن گەردی، بنیاتی وێنەی هونەری لە شیعری کوردیدا (١٩٧٠ ـ ١٩٩١)، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی، ٢٠٠٤، ل٣٣.

(٢) الموسوعة الفلسفية العربية، ص٦٦١.

(٣) ئەفلاتون، سەرجەم بەرهەمەکانی ئەفلاتون، وەرگێرانی: عیمران هاواری، بەرگی سێیەم، چاپی یەکەم، خانەی چاپ و پەخشی ڕێنما، سلێمانی، ٢٠١١، ل١٥٥٢.

(٤) کامل حسن عزیز البصیر ، ڕەخنەسازی مێژوو و پەیڕەو کردنی، چاپخانەی کۆڕی زانیاری عێراق، بەغداد، ١٤٠٣ک ـ ١٩٨٣ز، ل٢٢.

(٥) ئەرەستۆ، هونەری شیعر، وەرگێرانی لە ئینگلیزییەوە: عەزیز گەردی، چاپی دووەم، خانەی چاپ و پەخشی ڕێنما، سلێمانی، ٢٠١١، ل١١٨.

(٦) کەمال مەمەند میراودەلی، فەلسەفەی جوانی و هونەر (ئیستاتیکا)، مطبعة مديرية دار الكتب للطباعة والنشر، بەغداد، ١٩٧٩، ل٢٠٦.

دەکێشێ و دەنوێنێ))[١]، بە واتایەکی تر: هونەر ((یەکێکە لە ئامرازەکانی پێوەندی نێوان مرۆڤەکان لەگەڵ یەکتر و هەروەها یەکێکە لە هۆیەکانی پێشکەوتن))[٢]، واتە: هونەر ئیمکانی ئەوە بۆ تاکەکانی هەر سەردەمێک دەڕەخسێنێ، تا ئەو هەستانەی، مرۆڤەکانی پێشوو ئەزموونیان کردوون و هەروەها ئەو هەستانەش، کە ئێستا باشتر کەسەکان ئەزموون دەکەن، وەربگرن. هەروەها گوتراوە هونەر ((کۆمەڵێک ڕێگەیە، بۆ گەیشتن بە ئەنجامێکی دیاریکراو، بەپێی هەندێ بنەمای دیاریکراو دەگیرێنەبەر))[٣].

هەردەم هونەر و ژیان هاوکێشەیەک پێکدەهێنن و هەر یەکەیان لە ئاستی خۆیەوە کار لەوی تریان دەکات، بۆیە ((ژیان قەوارەی هونەر لە قۆناغ و سەردەمێکی تایبەتیدا دەست نیشان دەکات. لەهەمان کاتیشدا هونەر تارایەکی جوانکاری ڕەوتی ژیان و خواست و ئارەزوو هەست و نەستی مرۆڤ بەرجەستە دەکات))[٤]. هونەر و ئەدەب دەنگدانەوەی جۆرە هاوکێشەیەکە، کە لە پێکهاتنی هەستی مرۆڤ و نهێنییەکانی جیهاندا سەر هەڵدێنی، شیعریش بەشێکە لە ئەدەب، هونەریش لایەنی دروستکەر و داهێنانە لە جموجۆلی مرۆڤایەتیدا، کەواتە هونەر و شیعریش یەک دەگرنەوە، چونکە بەرهەمی ناخ و ویژدانن، ((هونەر زمانێکی مرۆڤایەتییە و دروستکەری ئەو پێوەندییە تازانەیە، کەوا ڕواڵەتی ژیان و سروشت لە ناو یەک بۆنەدا کۆدەکەنەوە))[٥].

بە کورتی دەتوانین بڵێین: هونەر کاری جوان و ناوازەیە، بۆ گەیشتن بە ئامانجێکی دیاریکراو، ناوەڕۆکی کۆمەلایەتیمان بۆ دەردەبڕێ و هەڵوێستی مرۆڤمان بۆ ڕوون دەکاتەوە، دەربارەی: ژیان، هونەرەکانیش: نیگار کێشان و مۆسیقا و پەیکەرتاش و شانۆ و سەما و سینەما و ئەدەب بەگشتی، دەگرێتەوە.

---

(١) شوکور مستەفا، ئەندێشە و هونەر لە پێشکەوتنی کۆمەلایەتیدا، چاپی دووەم، دەزگای توێژینەوەو بڵاوکردنەوەی موکریانی، هەولێر، ٢٠١١، ل٣٦٥.

(٢) لیۆ تولستۆی، هونەر چییە؟، وەرگێرانی: هەژار ڕەحیمی، چاپی یەکەم، دەزگای توێژینەوەو بڵاوکردنەوەی موکریانی، هەولێر، ٢٠٠٩، ل١٦٩.

(٣) الموسوعة الفلسفية العربية، ص٦٦١.

(٤) موعتەصەم ساڵەیی، ئەدەب و هونەر، چاپی یەکەم، چاپخانەی ڕوون، سلێمانی، ٢٠٠٧، ل١٣٦.

(٥) عەبدوڵڵا سەڕاج، با لە هونەر بگەین، چاپی یەکەم، چاپخانەی خانی ـ دهۆک، هەولێر، ٢٠٠٨، ل٩.

## ٢ـ بێخودی شاعیر

بێخود یەکێکە لە شاعیرە دیار و زمان پاراو و ناسراوەکانی کلاسیکی نوێ لە مێژووی شیعری کوردیدا، یەکێکە لەو چەند شاعیرە گەورانەی ناوەڕاستی سەدەی بیستەم، شاعیرێکە لە دوای شاعیرانی ئەو قوتابخانەیە، وەکو: نالی و سالم و کوردی و مەحوی جێگای دەستی دیارە و ناوێکی درەوشاوەی ناو ئەدەبیاتی سەدەی بیستەمە. هەر چەندە بێخود ((بە لەش لە نیوەی یەکەمی سەدەی بیستەم ژیاوە، بەڵام بەمێشک و خەیاڵ لە نیوەی یەکەمی سەدەی نۆزدەم ژیاوە، بۆیە شیعرەکانی شەقڵی ئەو سەردەمەی پێوەیە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا نەیتوانیوە لە نیوەی یەکەمی سەدەی بیستەم ڕزگاری ببێ))[١]، درەوشاوەیی و ناوداری ئەم شاعیرە بۆ چڕی و وردەکارییە زمانیەی دەگەڕێتەوە، کە بۆ مەبەستی تایبەتی خۆی، لە بەکارهێنانی زمان و هەندێ وشەو زاراوەو دەربڕینی تازە لە شیعرەکانیدا کردوویەتی، ئەمەش بووەتە هۆی دروستبوونی شیعرییەت. دیارە بێخود ((شارەزایی تەواوی لە ئەدەبیاتی فارسیدا بووە و بە زەوقێکی بێ پایان و سنوورەوە بێدڵ و مەسنەوی دەخوێنێتەوە))[٢]، ئەوەش بۆ زمان و داهێنانی شیعری خۆی سودی پێگەیاندووە.

سەبارەت بە ناو و نازناوی شاعیر، ناوی (مەحمودە و کوڕی مەلا ئەمینی موفتی کوڕی مەلا ئەحمەدی چاومارە، کە ئەمەی دوایی: ناوبانگی بە پیر حەسەن دەرکردووە. ئەمیش کوڕی مەلا مەحمودی دێلێژەییە و لەقەبی بنەماڵەکەی موفتییە)، (بێخود)ی وەک نازناو بۆ تۆماری شیعری خۆی هەڵبژاردووە وەکو شاعیرانی تری کلاسیک نازناوی لە غەزەل و قەسیدەکانی بەکارهێناوە.

لە ساڵی (١٨٧٨) لە سلێمانی لە دایکبووە، کە دەکاتە (١٢٩٦)ە، ((ئەم ئایەتە پیرۆزە، بە حیسابی ئەبجەد دەبێتە ساڵی لە دایکبوونی: (عسى أن يبعثَكَ ربُكَ مَقاماً مَحمودُاً) ))[٣].

بێخودی شاعیر لە سەرەتای ژیانیدا، وەکو زۆربەی شاعیرانی ئەو سەردەمە و دواتریش لە حوجرەی مزگەوتدا خوێندوویەتی، دەڵێن: ((کاتێک تەمەنی گەیشتۆتە (٦ ـ ٧)

---

(١) مارف خەزنەدار، ووشەو تەعبیری تازە لە شیعری بێخود، گۆڤاری کۆلێجی ئەدەبیات، زانستگای بەغدا، ژمارە: (٢٢)، چاپخانەی دار الجاحظ، بەغدا، ١٩٧٨، ل١١.

(٢) رەفیق حلمی، شعر و ئەدەبیاتی کوردی، بەرگی یەکەم ، المکتبة الوطنية، بغداد، ١٩٨٨، ل٥٢.

(٣) بابە شێخی مەردۆخ ڕۆحانی، مێژووی ناودارانی کورد، وەرگێرانی: ماجد مەردۆخ ڕۆحانی، بەرگی دووەم، چاپی یەکەم، لە کتێبەکانی ئەکادیمیای کوردی، هەولێر، ٢٠١١، ل٧٨١.

ساڵان، هەروەک منداڵانی سەردەمەکەی خۆی چۆتە بەر خوێندن و فێری ئیملا و نەحو و صەرفی زمانی عەرەبی بووە))[1]، کەواتە: هەر لە سەرەتای منداڵیدا، خەریکی خوێندن بووە، دوای ئەوە:((بە فەقێیەتی گەلێ شوێنی کوردستان گەڕاوە، تا لە پاشان گەڕاوەتەوە سلێمانی، لەلای زانایانی ئەو سەردەمە خوێندنەکەی تەواو کردووە))[2]، لەگەڵ ئەوەشدا شارەزایی لە زمانەکانی فارسی و تورکی و هەروەها لە زانستەکانی ئاینیشدا پەیدا کردووە، دوای ئەوە کەوتۆتە خزمەتکردنی وڵاتەکەی، سەرەتا وەکو مامۆستای ئاینی، دواتر ((لە ساڵی (١٩٠٠)ی زاینیدا کراوە بە حاکمی هەڵەبجە، وە لەگەڵ مامۆستایان (ڕەفیق حیلمی و مەلا عەبدوڵڵای زێوەر) مامۆستایەتی کردووە، بێ ئەوەی بەرانبەر بەوە هیچ مانگانەیەک وەربگرێ))[3]. پاش ماوەیەک لە مامۆستایەتیدا ((لەم کارە دوور دەکەوێتەوە و بە درێژایی ژیانی لە کاروباری میری نزیک نەکەوتۆتەوە، هەموو ژیانی لە سلێمانی بردۆتە سەر. کەسوکاری بێخود دەستڕۆیشتوو بوون، یارمەتیان دەدا، بۆیە دەست کورتی بەخۆیەوە نەدیوە و ژیانی نەرمونۆڵ بووە، لە سایەی خزمەکانییەوە باش ژیاوە. گەشتی زۆر بووە بەتایبەتی بۆ کەرکووک، لەو گەشتوگوزارانەیدا ماوەیێکی زۆر لای خزمەکانی ماوەتەوە))[4].

((پێش کۆچی دوایی موفتی کاکی، چەند ساڵێکی لە هەڵەبجە بە سەر بردووە. ئەوجا گەڕاوەتەوە سلێمانی، تا مردنی لە جێگاکەی ئەودا موفتی بووە))[5]، سەرەنجام ((سەعات سێ و چارەکێکی پاش نیوەڕۆی (١٩٥٥/٨/٢٥) زاینی (١٣٧٦) هیجری کۆچی دوایی کردووە))[6]، تەرمەکەی لە شاری سلێمانی ((لە ناو دار ئەرخەوانەکانی گردی سەیوان نێژراوە))[7].

دیوانی شیعری بێخود لە ساڵی (١٩٧٠) بۆ یەکەم جار لە چاپخانەی (سلمان الاعظمی) بە زمانی کوردی و فارسی لەگەڵ تاقە شیعرێکی تورکی لە شاری بەغدا چاپ کراوە*.

---

(١) نەوزاد کەلهور، ڕەهەندی ئایین لە شیعری کلاسیکی کوردی کرمانجی خواروو، چاپی یەکەم، نوسینگەی تەفسیر بۆ بڵاوکردنەوەو راگەیاندن، هەولێر، ١٤٢٩ک ـ ٢٠٠٨ز، ل١٧٧.

(٢) سدیق بۆرەکەیی (سەفی زادە)، مێژووی وێژەی کوردی، بەرگی دووەم، چاپی دووەم، دەزگای چاپ و بڵاوکراوەی ئاراس، هەولێر، ٢٠٠٨، ل٧٣٧.

(٣) مەلا سامان هەڵەبجە، گوڵستان (ژیانی ناوداران و شاعیرانی کورد)، چاپی یەکەم، کتێبخانەی هەژار موکریانی، هەڵەبجە، ٢٠١٤، ل٢٠١.

(٤) مارف خەزنەدار، مێژووی ئەدەبی کوردی، بەرگی شەشەم، چاپی دووەم، چاپخانەی ئاراس، هەولێر، ٢٠١٠، ل٧٩ و ٨٠.

(٥) مامۆستا مەلا مەحموودی موفتی، ناسراو بە (بێخود)، دیوانی بێخود، کۆکردنەوەو ڕێکخستن و لەسەر نوسینی: موحەممەدی مەلا عەبدولکەریم، چاپی یەکەم، بڵاوکردنەوەی کوردستان، سنە، ١٣٨٦، ل١٣.

(٦) سەرچاوەی پێشوو، ل١٣و١٤.

(٧) سدیق بۆرەکەیی، مێژووی وێژەی کوردی، بەرگی دووەم، ل٧٣٧.

* مەلا مەحمودی مفتی، ناسراو بە بێخود، دیوانی بێخود (کوردی و فارسی)، کۆکردنەوەو ڕێکخستن و لەسەر نوسینی: محەمەدی مەلا کەریم، چاپخانەی سلمان الاعظمی، بەغدا، ١٩٧٠.

شیعرەکانی بێخود لە ڕووی ڕوخسارەوە، هەمووی لەسەر کێشی عەرووز ڕێکخراوە و زمانێکی پاراوی بەکارهێناوە، لە فەرهەنگی زمانی کلاسیکی سەدەی نۆزدەم لاینەداوە، لەگەڵ ئەوشدا وشەو زاراوەی نوێی بەکارهێناوە، ئەوەتا (د. مارف خەزنەدار) دەڵێت: ((ئەم وشەو تەعبیرە تازانەی بێخود بەکاری هێناون لەدوای دروستبوونی دەوڵەتی عێراق هاتوونەتە ناو زمانی کوردییەوە))[1]، لەوانە: ڕەئیسی سیحە، نەخۆشخانە، رۆمانتیزم، ... هتد.

نمونەی وێنە ڕەوانبێژییەکانی شیعری کلاسیکی کوردی بەگشتی و ڕوونبێژی بە تایبەتی، لە شیعرەکانیدا بەدی دەکرێن، شاعیرێکی زماناس و خاوەنی پاشخانێکی ئەدەبی گەورە بووە وئاگاداری بەکارهێنانی هونەرەکانی ڕوونبێژی بووە، بە هەموو جۆرەکانیەوە بەئاستێکی بەرز لە نوسینی شیعرە جوانەکانیدا پەیڕەوی کردووە، هەموو ئەوە لە کۆی ئەم بەرهەمە شیعرییە کەمەی، کە (١٦٨) لاپەڕەیە، بەدی دەکرێت.

لە ڕووی ناوەڕۆکەوە شیعرەکانی بێخود لاسایی شاعیرانی کلاسیکی کوردستانی باشوور بووە لە ناوەڕاستی سەدەی بیستەم، زۆربەی هۆنراوەکانی بۆ پیاوانی ئاینی و دۆست و ناسیاوانی خۆی یان پیا هەڵگوتن بووە بۆ پێغەمبەر (د.خ)، ئەگەر شاعیرانی ئەو سەردەم بایەخیان بە شیعری دڵداری داوە، بەڵام بێخود زۆر گرنگی بە بابەتی دڵدارییەوە نەداوە، چونکە بە ((هیچ جۆرێک وێنەی ژن بەگشتی و ژنی کورد بە تایبەتی نانوێنێ، هەروەکو چۆن ژیانی لە ژن بەدەر بوو، شیعرەکانیشی لە ژن بەدەرن))[2]، وەک دەڵێن: ((لە ساڵی (١٩٠٠)دا کە لە (هەڵەبجە) حاکم بوو کچێکی مارەکردووە، ئەو کچە بە ڕووداوێک مردووە لەو کاتەوە، لە هۆنراوە ووتن سارد بووەتەوە، مەگەر تاکوتەرا، ئەگینا، لە هۆنراوەی ئایینیی بەولاوە، هۆنراوەی تری نەنوسیوە))[3]، شاعیرێک بووە، کە ژنی نەهێناوە، لەوانەیە، لەئەنجامی ئەو کارەساتەدا (بێخود) تووشی ڕەشبینی بووبێ. بۆیە شیعری ڕۆمانسی و نیشتمانی زۆر کەم نوسیووە.

---

(١) مارف خەزنەدار، مێژووی ئەدەبی کوردی، بەرگی شەشەم، ل٨٠.

(٢) عەبدولڕەزاق بیمار، خوێندنەوەیەکی تازەی هەڵبەستی کوردی، چاپی یەکەم، دەزگای ئاراس، هەولێر، ٢٠٠٦، ل١٦٧.

(٣) حوسێن محەمەد عەزیز، یاقووت و زمرووتی کوردیی (ئایین و فەلسەفە)، بەرگی دووەم، چاپخانەی شڤان، ٢٠٠٤، ل١٤٠.

دیوانی بێخود شیعری موناجات و نەعت و غەزەل و وەسف و ستایش و شیوەن و پێدا هەڵدان دەگرێتەوە، گەلێ هۆنراوەی بەرزی لە ستایشی خودا و وەسفی پێغەمبەری خودا (د.خ)، مەدحی یارانی و پیاو چاکان داناوە.

## ٣- ڕوونبێژی (البیان)

### پێناسە

**- ڕوونبێژی لە ڕووی وشەییەوە:** (ڕوونبێژی) وشەیێکی لێکدراوە، پێکهاتووە، ((لە (ڕوون) کە سیفەتێکە تایبەتە بە (ئاو)، دەگوترێت (ئاوێکی ڕوونە)، واتە: بێگەردە و چ خۆڵ و پیسییەکی تێدانییە.. لەگەڵ (بێژی) ئەمەش پێکهاتووە لە (بێژ)ی ڕەگی چاوگی (بێژتن) و (ی)ی دروستکەری ناوی واتایی))[١].. بەم شێوەیە بە سەریەکەوە وشەی (ڕوونبێژی) دروستبووە، واتە: ئەو گوتەو ئاخاوتنانەی لە ڕووی واتاوە ڕوون و ئاشکرانە.

ڕوونبێژی لە زمانی عەرەبیدا بەرامبەر بە چاوگی (بَیَنَ)، لە فەرهەنگی (محیط المحیط)دا (بَیَن) واتە: ((ئەوەیە کە شت بە هۆیەوەی لە ڕووی واتا و ڕووەکانی ترەوە ڕوون دەبێتەوە))[٢]، واتە: بە هۆی ڕوونبێژییەوە واتای شتەکان ڕوون و بێ گرفت و ئاڵۆز دەبێت. لە فەرهەنگی (معجم مقایس اللغة)شدا، بەم واتایە دێت ((ئەگەر هات و شتەکە ڕوونبوو، ئاشکرابوو، قسەکانی فلان ڕوونترە لە قسەی فلان))[٣].

**- ڕوونبێژی لە ڕووی زاراوەییەوە:** (ڕوونبێژی) ناوی یەکێکە لە زانستەکانی (ڕەوانبێژی) عەرەب (البیان)یان بۆ بەکارهێناوە، (لە کتێبی ڕەوانبێژانی کۆنی عەرەب بە هەموو (بەلاغە) دەگوترا البیان)[٤]، بەڵام دواتر عەبدولقاهر جورجانی لە کتێبەکانی خۆیدا (أسرار البلاغە) و (دلائل الاعجاز) زانستی ڕوونبێژی لە زانستەکانی تر (جوانکاری و واتاناسی)، جیا کردۆتەوە.

زانایان گەلێک پێناسە و لێکدانەوەیان بۆ زاراوەی ڕوونبێژی کردووە، هەیە گوتوویەتی:

((زانستێکە لێیەوەی فێری ڕووەکانی گوزارشتکردن لە واتای مەبەست دەبین، بە وشەو دەربڕینی بابەتی و عەقڵی))[٥]، واتە: زانستێکە بە هۆیەوەی خەڵک دەتوانێت تاکە واتاییێک بەچەند واتاییێکی جۆراو جۆر دەربڕێ، واتە: ڕوونبێژی ((دیارکەوتن و ئاشکرا بوون))[٦]ە.

---

(١) ئیدریس عەبدوڵڵا، کۆوانەکانی ڕەوانبێژی، چاپی یەکەم، چاپخانەی ڕۆژ هەلات، هەولێر، ٢٠١٣، ل١٤٥.
(٢) المعلم بُطرس البستانی، محیط المحیط (قاموس مطولُ لِلغة العربیة)، مکتبە لبنان، بیروت، ١٩٨٧، ص٦٥.
(٣) أبي الحسین أحمد بن فارس بن زکریا، معجم مقاییس اللغة، إعتنی بە: د. محمد عوض مرعب، الانیسة فاطمە محمد أصلان، الطبعة الأولی، دار إحیاء التراث العربي، بیروت ـ لبنان، ١٤٢٢هـ ـ ٢٠٠١م، ص١٤٧.
(٤) بدوی طبانە، علم البیان، دار الثقافة، بیروت ـ لبنان، ١٤٠١هـ ـ ١٩٨١م، ص١٢.
(٥) رکن الدین محمد بن علی بن محمد الجرجاني، الإشارات و التنبیهات في علم البلاغة، علق علیة: إبراهیم شمس الدین، الطبعة الاولی، دار الکتب العلمیة، بیروت ـ لبنان، ١٤٢٣هـ ـ ٢٠٠٢م، ص١٣.
(٦) إنعام فوال عکاوی، المعجم المفصل في علوم البلاغة (البدیع و البیان و المعاني)، مراجعة: أحمد شمس الدین، الطبعة الرابعة (طبعة جدیدة منقحة)، دار الکتب العلمیة، بیروت ـ لبنان، ١٤٣٥هـ ـ ٢٠١٤م، ص٢٦٩.

لە پێناسەیەکی تریشدا ڕوونبێژی ((ئەو قسەیەیە، کە تیایدا ڕەچاوی ئەوە کراوە، ڕێک بێ لەگەڵ ئەو بارەی تیایدا دەخرێتە ڕوو))[1]، واتە: لەم پێناسەیەدا مەبەست ئەوەیە، کە ئەو وشەیەی دەردەبڕی لەگەڵ ئەو ژینگەیەی، کە مەبەستە، واتاکەی ڕوون بێت. هەروەها هەندێکی تر وتوویانە: ڕوونبێژی ((لە زانستە زمانیەکانە، چونکە پەیوەندداره بە وشە و سوودەکانی))[2]، زانستێکە بەچەند شێوازێکی دەربڕینی جیاواز، تاکە واتا دەگەیێنێت، واتە: دەتوانین لە یەک وێنەدا، بە هۆی بەشەکانی ڕوونبێژییەوە چەند وێنەیەکی تر بنیات بنێین، واتە: ((زانینی گەیشتنی تاکە واتایە، بە ڕێگەی جۆراو جۆر، ئەوەش بە زیاد کردن، یان بەکەمکردن، بۆ ئەوەی دەربڕین بەم شێوەیە لە هەر هەڵەیەک بە دوور بێ، تا بکات ئاخاوتن بە تەواوی واتای مەبەست بگەیێنێ))[3].

ئەو ڕێگایانەی لێرەدا مەبەستن بۆ گەیاندنی واتا، یان (لێکچوواندن) و (خوازە)، یان (خواستن) و (درکە)ن، هەندێکیان واتای خوازەین و هەندێکیان واتایان ئاشکرایە و هەریەکەیان نواندنێکی جوانیان هەیە. بە شێوەیەکی گشتی دەتوانین بڵێین: ڕوونبێژی دیارترین و بەهێزترین زانستی ڕەوانبێژییە، بریتییە لە کۆمەڵێک یاساو بنەمای دیاریکراو، کە شارەزایانی ڕەوانبێژی لەسەری ڕێککەوتوون، بەهۆیانەوە تاکە واتاییک بە ڕێگای جیاواز و لە یەک ڕوونتر و جوانتر، پێشکەش دەکرێت، ڕوونبێژیش زیاتر لە هونەرێکی هەیە، ئەوانیش بریتینە لە لێکچوواندن و خوازە و خواستن و درکە.

مادام هونەر بە شێوەیەکی گشتی بە ستراوەتە بە جوانی، کەوابێ هونەری ڕوونبێژیش بریتییە لە ڕەچاو کردنی جوانی، بەشێوەیەک مێشک و دەروون ئاسوودە بکات، گوێ حەز بە بیستنی ئەو دەربڕینانە بکات، کە بەهۆی هونەرەکانی ڕوونبێژییەوە بەرهەم هاتوون.

هونەرەکانی ڕوونبێژی لە کۆندا واتە: لە پۆلێنکردنی زانایانی کۆنی ڕوونبێژیدا بریتینە لە سێ هونەری سەرەکی، ئەوانیش: (لێکچوواندن، خوازە، درکە)نە، لە لایەن ڕەوانبێژە عەرەبەکاندا: (عەلەوی) لە کتێبی (الطراز)دا، لە باسی زانستی ڕوونبێژیدا باسی لە سێ جۆری

---

(١) السيد الشريف الجرجاني أبى الحسن علي بن محمد بن علي، الحاشية على المطول (شرح تلخيص مفتاح العلوم في علوم البلاغة)، الطبعة الأولى، دار الكتب العلمية، بيروت ـ لبنان، ١٤٢٨هـ ـ ٢٠٠٧م، ص٣١٩.

(٢) شيخ الإسلام أبو يحيى زكريا الانصاري، ملخص تلخيص المفتاح في علوم البلاغة، تحقيق: إلياس قبلان التركي، الطبعة الأولى، دار صادر، بيروت ـ لبنان، ١٤٢٩هـ ـ ٢٠٠٨م، ص٢٧.

(٣) الإمام أبى عبدالله بدرالدين بن مالك الدمشقي، المصباح في المعاني و البيان و البديع، حقق الكتاب وقدم: د. عبدالحميد هنداوي، الطبعة الأولى، دار الكتب العلمية، بيروت ـ لبنان، ١٤٢٢هـ ـ ٢٠٠١م، ص١٥٩.

بەشەکانی ڕوونبێژی کردووە[١]. (سەکاکی)یش لە کتێبی (مفتاح العلوم)دا لە باسی ڕوونبێژیدا، بە هەمان شێوە لە بابەتی ڕوونبێژیدا تەنیا باسی سێ جۆری ڕوونبێژی کردووە[٢]. (تەفتازانی)ش لە کتێبی (المطول)دا، لە باسی ڕوونبێژیدا، بە هەمان شێوە باسی لە سێ جۆری ڕوونبێژی کردووە[٣]. (ئەبو هیلال عەسکەری)یش، لە بابەتی ڕوونبێژیدا، باسەکانی ڕوونبێژی کردۆتە سێ باسی سەرەکی و خواستن و خوازەی لە یەک باسدا باس کردووە[٤]. (قەزوینی)ش لە بابەتی زانستی ڕوونبێژیدا باسی لە سێ جۆری سەرەکی ڕوونبێژی کردووە[٥].

سەبارەت بە نوسەرە کوردەکان، ئەوانەی ڕوونبێژییان دابەشی سێ جۆری سەرەکی کردووە. (عەزیز گەردی) لە کتێبی ڕەوانبێژی لە ئەدەبی کوردیدا، ڕوونبێژی دابەشی سەر سێ هونەر کردووە، کە هەریەکەیان پلە و ئەندازەی خۆی هەیە، بریتینە لە: لێکچوواندن، خوازە، درکە[٦]. (عەبدول سەلام سالار)یش لە نامە ماستەرەکەیدا، هونەرەکانی ڕوونبێژی کردۆتە سێ هونەری سەرەکی، هەر ئەو سییانەن، کە عەزیز گەردی و عەرەبەکان لە سەری ڕێککەوتوون[٧].

بەڵام لە پۆلێنە نوێیەکانی ڕەوانبێژاندا ئەو هونەرانە کراونەتە چوار پۆلی سەرەکی، کە بریتینە لە (سێ هونەری پێشوو) لەگەڵ (خواستن)، ئەمە بەو پێیەی خواستن کە لە پۆلێنی کۆنی ڕەوانبێژاندا بەشێک بوو لە خوازەی زمانی، بەلای ڕەوانبێژانی نوێ لەبەر ئەوەی ئەم

(١) السيد الامام أمام الائمة الكرام امير المؤمنين يحيى بن حمزة بن على بن ابراهيم العلوى اليمنى، كتاب الطراز المتضمن لأسرار البلاغة و علوم حقائق الأعجاز، الجزء الاول، مطبعة المقطف، مصر، ١٣٣٢هـ ــ ١٩١٤م، ص٩ ـ ١١.

(٢) أبى يعقوب يوسف بن محمد بن على السكاكى، مفتاح العلوم، حققة و قدم: د. عبدالحميد هنداوى، الطبعة الثالثة، دار الكتب العلمية، بيروت ـ لبنان، ١٤٣٥هـ ـ ٢٠١٤م، ص٤٣٧ ـ ٤٣٩.

(٣) لِلعلامة سعدالدين مسعود بن عمر التفتازانى، المطول (شرح تلخيص المفتاح)، وعلق عليه: احمد عزوعناية، الطبعة الاولى، دار الكوخ للطباعة والنشر، ١٣٨٧ش.ق، ص٥٦.

(٤) أبي هلال الحسن بن عبدالله بن سهل العسكري، كتاب الصناعتين، (الكتابة و الشعر)، تحقيق: على محمد البجاوى، محمد أبو الفضل إبراهيم، الطبعة الأولى، المكتبه العصرية، صيدا ــ بيروت، ١٤٢٧هـ ــ ٢٠٠٦م، ص٢٤٠ ـ ٢٥٨.

(٥) الخطيب القزويني، الايضاح في علوم البلاغة (المعانى و البيان و البديع)، المحقق: إبراهيم شمس الدين، الطبعة الثانية، دار الكتب العلمية، بيروت ـ لبنان، ٢٠١٠، ص١٦٣ ـ ١٦٤.

(٦) عەزیز گەردی، ڕەوانبێژی لە ئەدەبی کوردیدا، بەرگی یەکەم، ڕوونبێژی، چاپی یەکەم، چاپخانەی دار الجاحظ، بغداد، ١٩٧٢، ل٢١.

(٧) عەبدول سەلام سالار عەبدولڕەحمان، هونەری ڕەوانبێژی لە شیعری نالیدا، نامەی ماستەر، پێشکەشکراوە بە کۆلێژی زمانی زانکۆی سلێمانی، کانوونی دووەمی ٢٠٠٠، ل٣٩.

هونەری خواستنە گەلێک بەر فراوانە و ڕوحی ئەدەب پێک دێنێ و گەلێک جۆری لێدەبێتەوە، بۆیە وەکو بەشێکی سەربەخۆ لەلای ڕەوانبێژانی نوێ هەژمارکراوە.

بۆ نمونە لەلای ڕەوانبێژە عەرەبەکان (ئەحمەد شوعەیب)، هونەرەکانی ڕوونبێژی کردۆتە چوار هونەری سەرەکی[1]، (د. عاطف فەضل محەمەد)یش لە کتێبی (البلاغة العربية)دا، لە بابەتی ڕوونبێژیدا، چوار هونەری سەرەکی ڕوونبێژی دیاریکردووە[2]، وەکو ئەوەی گوتمان.

لەلای ڕەوانبێژە کوردەکانیشدا، (عەلائەدین سەجادی) ڕوونبێژی دابەش کردۆتە سەر چوار هونەری سەرەکی[3]، هەروەها (د. ئیدریس عەبدوڵڵا)ش، لە بەشی ڕوونبێژییدا، لە نامە دکتۆراکەی خۆیدا، خواستنی وەک بەشێکی سەربەخۆ خستۆتە ڕوو و باسەکانی ڕوونبێژی دابەشی سەر چوار جۆری سەرەکی کردووە کە بریتینە لە: لێکچوواندن، خوازە، خواستن، درکە[4].

لە هەمان کاتدا هەندێ لە نوسەرە کوردەکان، کە نوێنەو لە بارەی ڕەوانبێژییەوە نووسیویانە، بەڵام هونەرەکانی ڕوونبێژییان دابەشی سەر سێ جۆری سەرەکی کردووە، بەهەمان شێوەی ڕەوانبێژە کۆنەکان، خواستنیان بە بەشێک لە خوازەی زمانی داناوە، لەوانەش: (موحسین ئەحمەد مستەفا)، لە کتێبی (بەهاری ڕەوانبێژی)دا، لە باسی ڕوونبێژیدا سێ جۆری سەرەکی دیاریکردووە[5].

سەبارەت بەم پۆلێن کردنەی ڕوونبێژی، کە لەلایەن ڕەوانبێژە کۆن و نوێیەکاندا کراوە و هەندێ سێ و هەندێ چوار هونەریان بۆ دیاریکردووە، هۆیەکەی ئەوەیە. لە کۆندا خواستن وەکو بەشێکی خوازەی زمانی خراوەتە ڕوو، بەڵام ڕەوانبێژانی نوێ زۆریان (خواستن)یان وەکو باسێکی سەربەخۆ خستۆتە ڕوو، ڕاستە سەر بە خوازەی زمانییە، بەڵام

---

(١) ابن عبدالله أحمد شعيب، بحوث منهجيه في علوم البلاغة العربية، الطبعة الاولى، دار ابن حزم للطباعة ونشر، بيروت ـ لبنان، ١٤٢٩هـ ـ ٢٠٠٨م، ص٤٦.

(٢) عاطف فضل محمد، البلاغة العربية، الطبعة الأولى، دار المسيرة للنشر و التوزيع، عمان، ١٤٣٢هـ ـ ٢٠١١م، ص٣٩ ـ ٤٠.

(٣) عەلائەدین سەجادی، خۆشخوانی (گوزارەکاری، ڕەوانکاری، جوانکاری)، چاپخانەی زانکۆی سەڵاحەددین، هەولێر، ١٩٨٦، ل٤٤ ـ ٧٤.

(٤) ئیدریس عەبدوڵڵا مستەفا، لایەنە ڕەوانبێژییەکان لە شیعری کلاسیکی کوردیدا بە نموونەی حەمدی و حاجی قادری کۆیی، چاپخانەی حاجی هاشم، هەولێر، ٢٠١١، ل١١٤.

(٥) موحسین ئەحمەد مصطفی گەردی، بەهاری ڕەوانبێژی (واتاناسی، ڕوونبێژی، جوانکاری)، چاپی یەکەم، نارین بۆ چاپ و بڵاوکردنەوە، هەولێر، ٢٠١٣، ل١١٨ ـ ٢٤٠.

لەبەر ئەوەی بەشێکی گەورە و فراوانی خوازەی زمانییە، بۆیە ئاساییە وەکو باسێکی تایبەت تیشکی بخرێتە سەر، لەسەر ئەو بنەمایە، کە ئەمە بڕوای منیشە سەبارەت بەو باسە، بۆیە من بەشەکانی ڕوونبێژی ئەم نامەیەم بەم شێوەیە بە سەر چوار بەش دابەشکرد، ئەوانیش:

**بەشی یەکەم: لێکچوواندن (التشبیة)**
**بەشی دووەم: خوازە (المجاز)**
**بەشی سێیەم: خواستن (الإستعارة)**
**بەشی چوارەم: درکە (الكيناية)**

# بەشی یەکەم: لێکچوواندن (التشبیه)

## باسی یەکەم: پێناسەی لێکچوواندن و بنەڕەتەکانی

## باسی دووەم: جۆرەکانی لێکچوواندن

## باسی سێیەم: ئەوزارەکانی لێکچوواندن

## باسی چوارەم: مەبەست و گرنگییەکانی لێکچوواندن

## بەشی یەکەم: لێکچوواندن (التشبیە)

لێکچوواندن یەکێکە لە هونەرە دیارەکانی ڕوونبێژی و ڕەوانبێژی، بەرلەوەی ئەو زانستە ئاشکرا بێت و هونەرەکانی دەستنیشان کرابێت، یان بەرلەوەی نووسین داهێنرابێت، ئادەمیزادە سەرەتاییەکان لە زمانی ڕۆژانەی خۆیاندا لە کاتی قسەکردنیاندا پەنایان بۆ بردووە، ئەمەش بۆ ئەوەی وێنەی دروستی مەبەستەکانیان یان ئەو شتەی لە مێشکیانە، لەرێگەی لێکچوواندنەوە بیگەیێننە بەرامبەرەکانیان، ئیدی لەو ڕۆژەوە تاوەکو ئێستاش ئەم هونەرە لە ئەدەب و قسەی ئاسایی خەڵکیشدا بەردەوام سوودی لێوەردەگیرێت، شاعیران بایەخێکی زۆریان پێداوە، بۆیە گوتویانە: ((لێکچوواندن لە کۆنترین وێنەکانی ڕوونبێژی و هۆکارەکانی خەیاڵە، نزیکترینیانە لە تێگەیشتن و زەینەوە، ئەم هونەرە وەکو هەر هونەرێکی تر بە چەندین قۆناغدا تێپەریوەو بەرەوپێش چووە، تا بووەتە گرنگترین هۆکارەکانی ڕوونبێژی))[١].

بەڕای من ئەم هونەرە دوورنییە، بەبێ بیرکردنەوەیەکی کەم کەوتبێتە نێو ئاخاوتنی ئادەمیزادە سەرەتاییەکانەوە، چونکە ویستوویانە ئاخاوتنەکانیان ڕوونتر بکەوێتە بەرگوێ، بۆ نمونە: دایک هەمیشە بەکچەکەی گوتووە (کچی خۆم جوانە)! بەڵام ئەم جوانییە شتێکی بەرجەستە نەبووە لەکچەکەی. لەولاشەوە ئادەمیزاد وای زانیوە گوڵ جوانترین ڕووەکی سەرزەمینە، بۆیە رۆژێکیان لەبڕی ئەوەی گوتبی، کچەکەم جوانە، ئەمجارە گوتوویەتی: کچەکەم گوڵە! لەوەشدا چێژێکی خۆشی وەرگرتووە، چونکە قسەکەی ڕوونتربووەو مەبەستەکەی باشتر هاتۆتە دی. بەم جۆرە ئەم لێکچوواندنە بەرهەمهێنراوە، دوای ئەوە ئادەمیزاد بەپێی مەبەستەکانی خۆیان یەکتریان بە دار و ئاسمان و مانگ و رۆژ و ئەستێرە و گیانلەبەرەکان و شتەکانی دیکەی دەوروبەری خۆیان چوواندووە.

---

(١) احمد مطلوب، البلاغة العربية ( المعاني و البيان و البديع )، الطبعة الأولى، الطبع والنشر محفوظة لدى وزارة التعليم العالي والبحث العلمي، بغداد، ١٤٠٠هـ - ١٩٨٠م، ص١٧٣.

**باسی یەکەم: پێناسەی لێکچوواندن و بنەڕەتەکانی**

لێکچوواندن شێوازێکە لە شێوازەکانی ڕوونبێژی، لەلایەکی دیکەشەوە وەک هەر هونەرێکی تر بەچەندین قۆناغدا تێپەریوەو فراوان بووە و گەشەی کردووە و بووەتە زانستێکی سەربەخۆ، ئەمە وایکردووە شتی زۆری لەسەر بنوسرێت، لە خوارەوە هەندێ لەوشتانە دەخەینە ڕوو:

**لێکچوواندن لەڕووی وشەییەوە:** لێکچوواندن لەزمانی کوردیدا، مامۆستا (هەژار) لە فەرهەنگی (هەنبانە بۆرینە) بۆ واتای وشەیی لێکچوواندن ((وەک یەک چون)) [١]ی بەکارهێناوە. هەروەها (گیوی موکریانی) لە فەرهەنگی (کوردستان)دا، بۆ وشەی لێکچوواندن ((بەیەک چوون))[٢]ی بەکارهێناوە، واتە: ئەمەم بەوە چوواندووە. بەهەمان شێوە لە فەرهەنگی (خاڵ)ی (محمدی خاڵ) دا بۆ واتای وشەی لێکچوواندن ((تەشبیە کردنی شتێک بە شتێکی تر))[٣]ی بەکارهێناوە. لە زمانی عەرەبیشدا لێکچوواندن هەمان واتای لای کورد هەیە. ئەوەتا دەڵێین (ڕوومەتی ئەم منداڵە بەو گوڵە دەچێت)، واتە لێکچوواندنی شتێک بە شتێکی تر بەهۆی ئەو سیفەتە هاوبەشەی لە نێوان هەردووکیاندا هەیە.

لێکچوون یان پێکچوون لە زمانی عەرەبیدا بەرانبەرە بە مەصدەری (شبه)، ابن منظور لە قاموسی (لسان اللسان) لە ماددەی (شَبَـهَ) دا گەلێ واتای وشەیی بۆ لێدروستبووەکان (مشتقات)ی (شبه) نوسیووە، یەک لەوانە دەڵێ: ((فلان به فلانی دەچی، ئەوە واتا وەکو ئەوە، بەئەو دەچوێنرێ، هاوشێوەیەتی))[٤].

(شبه) لەقاموسی (محیط المحیط) دا، شَبَـهَ ، (شَبَـهُ إياه) واتا: ((بە ئەوچوو، نمونەی ئەم وەکو ئەوە، لە سیفەتێکی خودی هەر دووکیان یەکسان... یان: خواستراوێکە لە (لەوچوو) کە لە (لێچوو)شدا هەیە، جا بە شێوەیەکی دروست بێ، یان بەشێوەی زێدەڕۆی (مبالغه) ))[٥]. دەگوترێ ئەمەم بەوە چوواندووە، ئیدی لێکچوواندنی شتێک بە شتێکی ترە، بە هۆی ئەو سیفەتە هاوبەشەی لە نێوان هەردووکیانە.

---

(١) هەژار، هەنبانە بۆرینە، فەرهەنگی (کوردی ـ فارسی)، چاپی هەشتەم، سروش، تهران، ١٣٩١، ل٧٧٩ .

(٢) گیوی موکریانی، فەرهەنگی کوردستان، ل٨٤٢.

(٣) شێخ محمدی خاڵ، فەرهەنگی خاڵ، جزمی سێهەم، ل٢٦٤.

(٤) للإمام العلامة أبي الفضل جمال الدين محمد بن مكرم ابن منظور، لسان اللسان، تهذيب لسان العرب، الجزء الاول، الطبعة الاول، دار الكتب العلمية، بيروت ـ لبنان، ١٤١٣هـ ـ ١٩٩٣م، ص٦٥٢.

(٥) المعلم بُطرس البستاني، محيط المحيط (قاموس عصري مطول للغة العربية)، الجزء الخامس، الطبعة الاولى، دار الكتب العلمية، بيروت ـ لبنان، ٢٠٠٩، ص٤٩.

**لێکچوواندن لەڕووی زاراوەییەوە:** لێکچوواندن لە ڕووی زاراوەییەوە زۆر نزیکە واتاکەی لە ڕووی زمانییەوە، زانایانی ڕەوانبێژی کوردی زاراوەی (لێکچوواندن)یان لەجیاتی وشەکانی (لێکچوون) و (پێکچوون) بەکارهێناوە، چونکە وشەکانی لێکچوون و پێکچوون واتە بونێکی سروشتی و خواکردی لێکچوون لە نێوان شتەکاندا، بەڵام لە ڕەوانبێژیدا کار لەسەر ئەدەب دەکرێ، ئەدەبیش واتا پیشەسازی و داهێنان، لێرەدا شاعیر یان ئەدیب خۆی شتێک دێنێ و بە شتێکی دیکەی دەچوێنێ لەبەر هەر ڕوویەکی لێکچوون، کە لە نێوانیاندا هەیە، ئەمەش بە سروشتی حاڵا، پرۆسەی (لێکچوواندن)ە نەوەکو لێکچوونی سروشتی.

بۆیە واتای زاراوەی وشەی لێکچوواندن و واتای وشەیی وشەی لێکچوون زۆر لەیەک نزیکن جیاوازییەکەیان ئەوەندەیە: لێکچوون خواکردەو سروشتییە، بەڵام لێکچوواندن پیشەسازییە و داهێنانە و دروستکردنە. لەبەرئەمە پێناسەی لێکچوواندن لە سەرچاوە ڕەوانبێژییەکاندا وەکو هونەرێکی گەورە و بنجی لە زانستی (ڕوونبێژی)دا، کە سەرچاوەی هونەرەکانی دیکەی خواستنیشە، کەخواستنیش رۆحی شیعرییەت پێکدێنێ، وەکو (جۆن کۆهن) لەبارەی خواستنەوە وەهای نوسیوە، کە ئەم هونەرە رۆحی داهێنانی شیعری و شیعرییەتە، بۆیە لێکچوواندن هونەرێکی زۆر دەوڵەمەند و زۆر جوانی ڕەوانبێژییە لەسەر بنەمای چەندین ڕووەوە جۆری جۆراو جۆری لێ دەبێتەوە، بەهەموویان بەدەیان وێنەی شیعری بەرهەم دێنن، زۆرترین شیعرییەتیش بە باڵای دەقی ئەدەبییەوە دەلکێنن، لەڕووی زاراوەییەوە پێناسەی یەکجار زۆر بۆ لێکچوواندن کراوە لە خوارەوە تیشک دەخەینە سەر هەندێ لەو سەرچاوانە، کە لە کتێبی زانا گەورەکانی ڕەوانبێژی وەریان دەگرین، لە دوایدا لە پەراوێزی ئەم پێناسانەدا خۆشمان پێناسەیەکی لێکچوواندن دادەڕێژینەوە:

ـ (عەلەوی) دەڵێت: لێکچوواندن (بریتییە لە کۆکردنەوەی نێوان دووشت، یان زیاتر لە ڕێگەی ئامرازی جۆراو جۆرەوە)[1]. (ئیبن و ئەسیر)یش دەڵێت: ((لێکچوواندن بریتییە لەوەی

---

(١) السيد الامام أمام الائمة الكرام يحيى بن حمزة بن على بن ابراهيم العلوى اليمنى، الطراز لأسرار البلاغة و علوم حقائق الأعجاز، الجزء الاول، ص٢٦٣.

سیفەتێک لە سیفەتەکانی (لەوچوو) بە (لێچوو) بدرێت))[١]، واتە هەبوونی سیفەتی شتێک لە شتێکی تردا .

ـ خاوەنی کتێبی (حوسن ئەلتەوسیل)یش لەبارەی لێکچوواندنەوە دەڵێت: ((ئەمەش گوزارشتە لە کۆبوونەوەی دووشت لە وەسفێکدا، ئەم وەسفە لە بنجدا هی یەکێ لەبنەڕەتەکانی (لێچوو) یان (لەوچوو) ە))[٢]. بە واتایەکی نزیک لەمە (قەزوینی) دەڵێت: ((لێکچوواندن گوزارشتە لە سەر هاوبەشیکردنی شتێک لە شتێکی دیکەدا لە ڕووی واتاوە))[٣].

بەڵام لێکچوواندن جۆری زۆرە، بۆیە پێناسەکەی لای هەندێ نووسەر زیاتر وردکراوەتەوە، ئەوەتا (ڕوومانی) لەبارەی لێکچوواندنەوە دەڵێت: ((لێکچوواندن بریتییە لە دانان بەوەی یەکێ لە دووشتەکان، شوێنی ئەوەی دیکە دەگرێتەوە، جا شوێنگرتنەوەکە هەستی بێ، یان ژیری، دیسانەوە لێکچوواندن لەوە خاڵی نابێ، کە لە (قسە)دا بێ، یان لە (دەروون) ))[٤]، دەبینین ئەم پێناسەیە دوو جۆری لێکچوواندنی ئەقڵی و هەستی دەستنیشانکردووە.

لێکچوواندن لەزمانی ئینگلیزیدا بەواتای (simile)دێت، کە بۆ هەمان مەبەستی واتای (لێکچوواندن) لە زمانی کوردی و (التشبیە)ی عەرەبی بەکاردێت، ئەمەش ((بەراوردکارییەکە لە نێوان دوو شت، یان ئەو شتانەی کە بەشێوەیەکی ئاشکرا لە یەکتر جیاوازن و لە لایەن وشەکانی "هەروەک"، یان "وەکو"، وەیان لێچوو دەردەخرێت، نمونەیەکی سادەی لێکچوواندنی "ڕوبێرت بێرنس" ئۆ خۆشەویستم وەکو گوڵە باخێکی سوورە))[٥].

کەواتە: لێکچوواندن بریتییە لە بەستانی پەیوەندییەک لەنێوان دوو شت یان زیاتر، یان چوواندنی شتێک بە شتێکی دیکەوە، بە مەبەستی هاوبەشی کردنیان لە سیفەتێک، یان زیاتر لە سیفەتێک لەنێوان هەردوو شتدا، ئەمەش بە زیاتر لە شێوازێک پێشکەش دەکرێ، هەیانە

(١) في أدب الكتاب والشاعير لضياءالدين بن الأثير، المثل السائر، قدمه وعلق عليه (د. أحمد الحوفى و د. بدوى طبانه)، القسم الثاني، الطبعة الثاني، دار نهضة مصر للطبع والنشر، الفجالة ـ القاهرة، ١٩٧٣، ص١٥١.

(٢) الامام الفاضل جامع الشتات الفضائل شهاب الدين ابى الثناء محمود بن سليمان الحلبى الحنفى، حسن التوسل، الطبعة الوهبية، مصر، ١٢٩٨هـ ، ص١٣.

(٣) الخطيب القزويني، الايضاح في علوم البلاغة (المعانى و البيان و البديع)، ص١٦٤.

(٤) لأبي االحسن علي بن عيسى الرماني، النكت في اعجاز القرآن (ثلاث رسائل في اعجاز القرآن)، حققها وعلق عليها (محمدخلف الله احمد ـ د. محمد زغلول سلام)، دار المعارف، مصر، ١٩٧٦، ص٨٠.

(5) Abrams, M.H 1999. Agossary of literary Terms, 7th edn. 1999. United king dom and The united states of America: cornell university public cation, P: 97.

ڕاستەوخۆ بەبێ بەکارهێنانی ئەوزار و ڕووی لێکچوون، هەشیانە بەسوود وەرگرتن لە ئەوزار و ڕووی لێکچوون، لێکچوواندنەکە دروست دەکەن. بێگومان لە فەرموودەی پیرۆزی پێغەمبەر (د.خ) گرنگی و جوانی لێکچوواندن بەکارهاتووە، کە دەفەرموێ: ((الناس كلهم سواء كأسنان المشط))[1]، واتا مرۆڤەکان هەموویان وەک دانەکانی شانە یەکسانن، ئەمەش بە واتای ئەوەدێت، کە مرۆڤ بە دانەکانی شانە چوێنراوە لە ڕووی یەکسانییەوە، بەمەش لێکچوواندن بەرهەم هاتووە... بۆ نمونە:

. بەتاریکی دەروونم گەر بزانی
هەتا ڕۆژ وەک چرا پەروانە ئەگری... دیوانی بێخود، ل ١١٩.*

چرا وەک پەروانە ئەگری: لێکچوواندنە، چوار بنەڕەتی لە خۆدا هەڵگرتووە، بریتینە لە:

پەروانە: لێچووە

وەک: ئەوزارە

چرا: لەوچووە

گریان: ڕووی لێکچوونە

. لە ناو فرنی دەروونا وەک سەموون بۆچی نەبرژێ دڵ
لەکوورەی سینەدا تاکەی نەبێ جەرگیش بە بوریانی... ل ١٢٦.

دڵ وەک سەموون بۆچی نەبرژێ لەناو فرنی دەروونا: لێکچوواندنە، چوار بنەڕەتی لە خۆدا هەڵگرتووە، بریتینە لە:

دڵ: لێچووە

وەک: ئەوزارە

سەموون: لەوچووە

* لێرە بەدواوە هەر نمونەیەکمان لە شیعری بێخود وەرگرتبێت، بەپێویستمان نەزانیوە ئاماژە بە دیوانی شاعیر بکەین، بەڵکو تەنها لە تەنیشت دێڕە شیعرەکەوە ئاماژەمان بە لاپەڕەی دێڕە شیعرەکە کردووە .

(١) القاضی ابي عبدالله محمد بن سلامة القضاعي، مسند الشهاب، حققه و خرج أحاديثهُ: حمدی عبدالمجيد السلفي، المجلد الأول، الطبعة الاولى، مؤسسة الرسالة للطباعه والنشر والتوزيع، بيروت، ١٤٠٥هـ ـ ١٩٨٥م، ص١٤٥.

برژان: ڕووی لێکچوونە

**بنەڕەتەکانی لێکچوواندن**

وەک لەم دوو نمونەی سەرەوە بۆمان دەرکەوت، کە چەند پێکهاتەیەک بەشداری دەکەن لە دروستبوونی لێکچوواندن، بە بنەڕەتەکانی لێکچوواندن ناو دەبرێن، ئەوانیش چوارن،* دابەش دەبنە سەر دوو بەشی سەرەکی و ناسەرەکی، بەم شێوەیەی خوارەوە:

١. بنەڕەتە سەرەکییەکانی لێکچوواندن دووانن: (لێچوو) و (لەوچوو).

٢. بنەڕەتە ناسەرەکییەکانی لێکچوواندن دووانن: (ئەوزار) و (ڕووی لێکچوون).

**پێناسەی بنەڕەتەکانی لێکچوواندن**

**١. بنەڕەتی سەرەکی لێکچوواندن**

ئەو بنەڕەتەیە، کە (لێچوو) و (لەوچوو) لە خۆدەگرێت، بۆیەش پێی دەڵێن بنەڕەتی سەرەکی، چونکە بە نەمانی هەریەکە لە (لێچوو)، یان (لەوچوو)ەکە، (لێکچوواندن)ەکە تێکدەچێت.

**أ. لێچوو (المشبه)**

شتێکە، سیفەتێکی تایبەتی هەیە، مەبەست لێی ((ئەو لایەی لێکچوواندنە، کە مەبەست ئەوەیە بە شتێکی تر بچووێنرێ))(١).

**ب. لەوچوو (المشبه به)**

((ئەو لایەی لێکچوواندنە، کە مەبەست ئەوەیە شتێکی تری پێ بچووێنرێ، ئەوەش لەبەر هەر مەبەستێکی بەلاغی بێ))(٢). واتا ئەو لایەنەیە، کە دەمانەوێت لێچووی پێبچوێنین.

---

* پێویستە ئاماژە بەوە بدەین کە ئەو چوار بنەڕەتە هەریەکەیان ناوی تری هەیە، وەک: (لێچوو: چوێنراو، لەوچوو: پێچوێنراو، ئەوزار: ئامراز، ڕووی لێکچوون: کۆکەرەوە)، بۆ نمونە عەبدولسەلام سالار لە نامە ماستەرەکەیدا بەکاریهێناوە.

(١) بن عیسى باطاهر، البلاغة العربية مقدمات و تطبيقات، الطبعة الأولى، دار الكتاب الجديد المتحدة، ليبيا، ٢٠٠٨، ص٢١٧ .

(٢) سەرچاوەو لاپەڕەی پێشوو.

**٢. بنەڕەتی ناسەرەکی لێکچوواندن**

ئەو بنەڕەتەیە، کە (ئەوزار) و (ڕووی لێکچوون) دەگرێتەوە، ئەمانە ئەگەر بێت و لە نمونەی لێکچوواندندا هاتبن، یان نەهاتبن، یان تەنیا یەکێکیان هاتبێ، هیچ لە (لێکچوواندن)ەکە کەم ناکەنەوە، بەڵکو بە پێچەوانەوە لێکچوواندنەکان بە هێزتر دەکەن .

**أ. ئەوزار (أداه التشبیه)**

((ئەو وشەیەیە، کە (لێچوو) و (لەوچوو) پێکەوە دەبەستێتەوە))[١]. دەشێ ئەو وشەیە فرمان، یان پیت، یان ئامرازە ڕێزمانییەکان بێ، هەندێک جار پەنایان بۆ دەبرێت، ژمارەیان زۆرە، لەوانە: (وەک، وەکو، میسل، هەروەکو، ئەڵێی،...هتد)، لە درێژەی ئەم بابەتە هەموو ئەو ئەوزارانە دەخەینە ڕوو، کە ئەم شاعیرە بەکاری هێناون.

**ب. ڕووی لێکچوون (وجه الشبه)**

((ئەو سیفەتەیە، کە لە خۆیدا (لێچوو) و (لەوچوو) کۆ دەکاتەوە))[٢]، واتە سیفەتێکی هاوبەشی نێوان هەردوو لایەنەکەیە، کە وێنە لێکچوواندنەکەی لەسەر بنیات دەنرێت.

**باسی دووەم: جۆرەکانی لێکچوواندن**

لێکچوواندن جۆری زۆرە، بە هۆی هەبوون و نەبوونی بنەڕەتەکانی و چۆنیەتی ڕێزبوونی بنەڕەتەکان و بەپێی چەند لایەنێکی تر جۆرەکانی لێکچوواندن لە یەکتری جیا دەکەینەوە، لە خوارەوە تیشک دەخەینە سەر ئەم جۆرانە:

**یەکەم: بەپێی هەبوون و نەبوونی بنەڕەتەکان**

**أ. بە گوێرەی ئەوزار: لێکچوواندن دەبێتە دوو جۆر.**

---

(١) حمید آدم ثویني، البلاغة العربیة المفهوم والتطبیق، دار المناهج للنشر والتوزیع، عمان، ٢٠٠٦، ص٢٥٢.
(٢) سەرچاوەی پێشوو، ل٢٥٣.

**١. لێکچوواندنی بەرەڵڵا (التشبیه المرسل)، یان (التشبیه التام)**

((ئەو لێکچوواندنەیە، کە ئەوزاری تێدا هاتووە))[١]، واتە لێچوو و لەوچوو و ئەوزاری تێدا هاتووە، ڕووی لێکچوون دەرنەکەوتووە، بۆ نمونە:

شوکری خودا کە بۆ دڵی پڕ چڵکی مەعسیەت
وەک سەیقەلێکی ژەنگی کە دوورەت زەدایە غەوس... ل ٤٥.

غەوس: لێچووە

سەیقەلی ژەنگ: لەوچووە

وەک: ئەوزارە

(پاککردنەوەی دڵی پڕ چڵکی مەعسییەت) ڕووی لێکچوونەکەیە، بەڵام نەهێنراوە، بەم شێوەیە لێکچوواندنی بەرەڵڵا دروستبووە.

عومرێکە کە ڕۆژم بە مەسەل وەک شەوە زەنگە
حەسرەت زەدەیی شامی غەریبانی کوەیتم... ل ٥٦.

ڕۆژم: لێچووە

شەوە زەنگە: لەوچووە

بە مەسەل و وەک: ئەوزارن، لە بەر کێشی شیعرەکە بە جووتە هێنراون

بەم شێوەیە لێکچوواندنی بەرەڵڵا دروست بووە، چونکە ڕووی لێکچوون دەرنەکەوتووە.

**٢. لێکچوواندنی جەختاو (التشبیه المؤکد)**

((ئەو لێکچوواندنەیە، کە ئەوزاری تێدا لابرابێ))[٢]، واتە پێچەوانەی لێکچوواندنی بەرەڵڵایە، ڕووی لێکچوونی تێدا هاتووە، بەڵام ئەوزاری تێدا لابراوە، واتە: ((ئەم لێکچوواندنە لە (لێچوو) و (لەوچوو) و (لێکچوون) پێک دێت و ئەوزاری تیانابێ))[٣]... بۆ نمونە:

---

(١) احمد مطلوب، فنون بلاغية (البيان ـ البديع)، الطبعة الاولى، دار البحوث العلمية، الكويت، ١٣٩٥هـ ـ ١٩٧٥م، ص٤٩.

(٢) حميد آدم ثويني، البلاغة العربية المفهوم والتطبيق، ص٢٥٦.

(٣) عەزیز گەردی، ڕەوانبێژی لە ئەدەبی کوردیدا، بەرگی یەکەم، ڕوونبێژی، ل٣٤.

ئەگەر چی ناوچەوانی پاکی قیبلەی ڕۆژ پەرستانە
هیلالی عیدی ((فطر))یش دەرئەخا، ئەمما بە ئەبرۆی کاڵ... ل ٥١.

ئەم دێرە شیعرە دوو لێکچوواندنی تێدا هاتووە، کە هەردووکیان لێکچوواندنی جەختاو یان (المؤکد)ن، ئەوانیش بریتینە لە:

یەکەم:

ناوچەوانی: لێچووە

قیبلە: لەوچووە

پاک: ڕووی لێکچوونە

دووەم:

ئەبرۆ: لێچووە

هیلال: لەوچووە

کاڵ: ڕووی لێکچوونە

دەبینیین لە هەردوو نمونەدا ئەوزار دەرنەکەوتووە، بەمەش دووجار لێکچوواندنی جەختاو (المؤکد) بەرهەم هاتووە.

لەبەر بای پێچەوانەی غەم لەهیچلا ناگرم وەقرە
لە عەردی وشکی دووری جاویدانا مەوجی دەریا خۆم... ل ٦٦.

خۆم (شاعیر): لێچووە

مەوجی دەریا: لەوچووە

وەقرە نەگرتن: ڕووی لێکچوونە

شاعیر لە ڕووی وەقرە نەگرتنەوە خۆی بە مەوجی دەریا چوواندووە، ئەوزار دەرنەکەوتووە، بەمەش لێکچوواندنی جەختاو (المؤکد) بەرهەم هاتووە.

**ب. بەگوێرەی ڕووی لێکچوون: ئەمەش دوو جۆری هەیە**

**١. لێکچوواندنی درێژە (التشبیه المفصل)**

((ئەو لێکچوواندنەیە، کە ڕووی لێکچوونی تێدا هاتووە))[١]، واتە ئەوزار هەبێ یان نەبێ مەسەلەیەک نییە، بەڵام دەبێ (لێچوو) و (لەوچوو) و (ڕووی لێکچوون) هەر هەبن، بۆ نمونە:

ئەی بازی سیدرە تۆبی خودا بۆچی ناگری
نێچیرەکەت کە پۆڕی دڵی هەڵفڕاومە... ل ٩٥.

دڵی: لێچووە

پۆر: لەوچووە

هەڵفڕاو: ڕووی لێکچوونە

شاعیر دڵی خۆی لە هەڵفڕاویدا بە پۆر چوواندووە، ئەوزار کە دەشیا (وەکو، میسلی، ئەڵێی،... هتد) بەکاربهێنرابووایە، نەهاتووە، ئەگەر لێکچوواندنەکە بگەڕێنینەوە بۆ دۆخی بنچینەی ئەوا دیسان ئەوزار دەردەکەوێتەوە، چونکە ((هەموو لێکچوواندنێک ئەوزاری تیایە، بەڵام هەندێ جار بۆ کورت کردنەوەی ئاخاوتن دەرناکەوێ))[٢]، بەم شێوەیە لێکچوواندنی درێژە بەرهەم هاتووە، چونکە ئەوزار دەرنەکەوتووە.

کە هەڵگیرا جەنازەی، بوو بە مەحشەر دەشتی سەر قەبران
لە بەر گریان و قوڕ پێوان و واوەیلاو عەشاماتی... ل ١١٥.

دەشتی سەر قەبران: لێچووە

مەحشەر: لەوچووە

گریان و قوڕ پێوانە و واوەیلای عەشاماتەکە: ڕووی لێکچوونە

بەم شێوەیە لێکچوواندنی درێژە بەرهەم هاتووە، چونکە ئەوزار دەرنەکەوتووە.

---

(١) عمر عبدالهادي عتيق، علم البلاغة بين الأصالة والمعاصرة، الطبعة الاولى، دار أسامة للنشر والتوزيع، الاردن ـ عمان، ٢٠١٢م، ص٨٣.

(٢) سەردار ئەحمەد گەردی، ئەوزاری لێکچوواندن لە شیعری کوردیدا، گۆڤاری کاروانی ئەکادیمی، ژمارە: (٢)، بەرگی یەکەم، هەولێر، ١٩٩٧، ل٥٥.

**٢. لێکچوواندنی پوختەکراو (التشبیه المجمل)**

پێچەوانەی لێکچوواندنی درێژەیە ((ئەو لێکچوواندنەیە، کە ڕووی لێکچوونی تێدا نەهاتووە))[١]، ئەو جۆرەیە، کە ڕووی لێکچوونی تێدا دەرنەکەوتووە، بەڵام دەبێ ئەوزار هەبێ، کورد لێکچوواندنی قوڵەشی پێدەڵێت واتە ((تەنها لە لێچوو، لەوچوو، ئەوزار پێک هاتبێ))[٢]، بۆ نمونە:

ئەوی دانایە جەرگی وەک پەڵاسە
ئەوی  نادانە نازانێ چ باسە... ل ١٦٧.

جەرگی دانا: لێچووە

پەڵاسە: لەوچووە

وەک: ئەوزارە

بەم شێوەیەش لێکچوواندنی پوختەکراو بەرهەم هاتووە، ڕووی لێکچوون دەرنەکەوتووە.

**ج. بەگوێرەی ئەوزار و ڕووی لێکچوون: ئەمەش دوو جۆری هەیە**

**١. لێکچوواندنی درێژەی بەرەڵڵا (التشبیه تام)، یان (التشبیه المرسل المفصل)**

((ئەو لێکچوواندنەیە، کە هەر چوار بنەڕەتەکانی لێکچوواندنی تێدایە))[٣]، واتە: لێچوو و لەوچوو و ئەوزار و ڕووی لێکچوون، هەر چواری تێدا هاتووە، بۆ نمونە:

چیە پیری دڵ ئیمشەو وەک عەرەق خۆر
لە کونجی تەکیە بۆ مەیخانە ئەگری... ل ١١٨.

دڵ: لێچووە

عەرەق خۆر: لەوچووە

وەک: ئەوزارە

گریان لە مەیخانە: ڕووی لێکچوونە

---

(١) عمر عبدالهادي عتيق، علم البلاغة بين الأصالة والمعاصرة، ص٨٣.
(٢) عەزیز گەردی، ڕەوانبێژی لە ئەدەبی کوردیدا، بەرگی یەکەم، ڕوونبێژی، ل٣٥.
(٣) عمر بن علوى بن ابى بكر الكاف، البلاغة (المعانى ـ البيان ـ البديع)، الطبعة الثالثة، دار المنهاج، المملكة العربية السعودية ـ جدة، ١٤٢٩هـ ـ ٢٠٠٨م، ص٣٠٩.

واته دڵ وەک عەرەق خۆر لە مەیخانە ئەگری، بەم شێوەیەش لێکچوواندنی درێژەی بەرەڵلا بەرهەم هاتووە، چونکە هەر چوار بنەڕەکانی لێکچوواندن بەرجەستەبوونەو بە ڕوونی هاتوونە.

سووەیدای پەرچەمی وەک فەجری ((کازیب)) زوڵمەت ئەفشانە
بەیازی گەردەنی وەک سوبحی ((سادیق)) پوڕتەو ئەندازە... ل ٩٢.

ئەم دێرە شیعرە دوو لێکچوواندنی تێدایە، هەردووکیان لە جۆری: لێکچوواندنی درێژەی بەرەڵلان، ئەوانیش بریتینە لە:

یەکەم:

سووەیدای پەرچەمی: لێچووە

فەجری ((کازیب)): لەوچووە

وەک: ئەوزارە

زوڵمەت ئەفشانە: ڕووی لێکچوونە

دووەم:

بەیازی گەردەنی: لێچووە

سوبحی ((سادیق)): لەوچووە

وەک: ئەوزارە

پوڕتەو ئەندازە: ڕووی لێکچوونە

دەبینین لە هەر دوو نمونەدا هەر چوار بنەڕەتەکانی لێکچوواندن هاتوونە، بەوەش دووجار لێکچوواندنی درێژەی بەرەڵلا، یان (التشبیە تام) بەرهەم هاتووە.

## ٢. لێکچوواندنی ڕەوان (التشبیه البلیغ)

((ئەو لێکچوواندنەیە، کە تەنیا دوو بنەڕەتە سەرەکیەکانی تێدا هاتووە، ئەوزار و ڕووی لێکچوونی تێدا لابراوە...))[١]، واتە: ئەوزار و ڕووی لێکچوون لەو جۆرەیان بوونیان نامێنێت. بە واتایەکی نزیک لەمە (د. بهرور) بەم شێوەیە باسی ئەم لێکچوواندنە دەکات و دەڵێت: ((لە لێکچوواندنەکاندا هەندێک جار ڕووی لێکچوون و ئەوزاری لێکچوواندن بە دیار ناکەون ئەمەش دەبێتە هۆی ڕوونی و ڕەوانی قسەکە...))[٢].

لێکچوواندنی ڕەوان لە زمانی تورکیدا بەواتای ( Güzel Benzetme) واتە لێکچوواندنی جوان دێت، کە بەهەمان واتای لێکچوواندنی ڕەوانی کوردی دێت، ئەویش: ((ئەو لێکچوواندنەیە، کە بەتەنیا لە لێچوو و لەوچوو دروستکراوە))[٣]. بۆ نمونە:

بە وەسڵی ئەو نیگارە بێ ڕەقیب زەحمەت بگەی ((بێخود))
لە دونیادا کەسێ بێ ئەژدەها نەیدیوە گەنجینە... ل١٠٢.

لەم نمونەیدا بە ئاشکرا لێکچوواندن دروست نەبووە، بەڵام لە سیاقەکەیدا خوێنەری زیرەک هەست بە لێکچوواندنێکی نائاشکرا دەکات، چونکە دوو وێنەی پێکەوە بەستۆتەوە، بێگومان پەیوەندی لێکچوون هەیە لە نێوان ڕەگەزەکانی نیوە دێڕی یەکەم و ڕەگەزەکانی نیوە دێڕی دووەم، کە لە بەرانبەر یەکدا هاتوون، واتە: سێ نمونەی لێکچوواندنی ڕەوانی نائاشکرای تێدایە، ئەوانیش بەم شێوەیەیە:

یەکەم:

بێخود: لێچووە

کەس: لەوچووە

دووەم:

ڕەقیب: لێچووە

ئەژدەها: لەوچووە

---

(١) احمد مصطفى المراغي، علوم البلاغة (البيان و المعانى و البديع)، الطبعة الرابعة، دار الكتب العلمية، بيروت ـ لبنان، ١٤٢٨هـ ـ ٢٠٠٧م، ص٢٣٣.

(٢) بهرور ثروتيان، بيان در شعر فارسى، چاپى دوم، تهران، ١٣٧٨، ص٤٩.

(3) Komisyon, 9.SINIF TÜRK EDEBIYATI, TEK Yildiz Yayinlari, Arrinti BASIMEVI, ANKARA, 2010, S40.

سێیەم:

نیگار: لێچووە

گەنجینە: لەوچووە

حەیاتی من ویساڵی تۆ، مەماتی من فیراقی تۆ
بەڵێ پەری خەیاڵی تۆ عیلاجی شێت و هار ئەکا...ل١٨.

لەم نمونەیەدا لە نیوە دێڕی یەکەمدا، دوو لێکچوواندنی ڕەوانی تێدایە ئەوانیش بریتینە لە:

یەکەم:

حەیاتی من: لێچووە

ویساڵی تۆ: لەوچووە

دووەم:

مەماتی من: لێچووە

فیراقی تۆ: لەوچووە

دەبینین لە هەردوو نمونەدا نە ئەوزار نە ڕووی لێکچوون نەهاتوون، بەوەش دووجار لێکچوواندنی ڕەوان بەرهەمهاتووە.

**دووەم: بەپێی ئەقڵی و هەستی دوو لایەنەکانی لێکچوواندن**

بە بەرچاوگرتنی هەستی و ئەقڵی لێچوو و لەوچوو لێکچوواندن چوار جۆری هەیە، بریتینە لە:

**١. لێکچوواندنی هەستی هەستی (التشبیه حسی حسی)**

((واتە هەریەکە لەبنەڕەتە سەرەکیەکانی لێکچوواندن بەیەکێ لە پێنج هەستەکان درکیان پێدەکرێ))[١]، واتە لەم جۆرەدا لێچوو و لەوچوو هەستی بن، مەبەست لێی ئەوەیە، کە ((دوو

(١) طالب محمد الزوبعي، د. ناصر حلاوی، البلاغة العربیة (البیان و البدیع)، الطبعة الاولی، دار النهضة العربیة، بیروت، ١٩٩٦، ص٢٥.

لایەنەکە هەستیان پێ بکرێ و بەر یەکێک لە پێنج هەستە دیارەکە بکەون، ئەوانیش هەستەکانی بینین و بیستن و بۆنکردن و چەشتن و بەرکەوتنن))[1]، بۆ نمونە:

بێ سوجدەیی هیلالی برۆی ئەو بە ڕاستی
زەردو زەعیف و زارو کەچ و ناتەوانە دڵ... ل ٥٤.

برۆ: لێچووە، هەستییە

هیلال: لەوچووە، هەستییە

بەمە لێکچوواندنی هەستی هەستی بەرهەم هاتووە.

بە خوڕ دیسان ڕژا فرمێسکی باران
لە هەوری چاوی سوری دوڕ نیساران... ل ٧٣.

فرمێسک: لێچووە، هەستییە

باران: لەوچووە، هەستییە

بەمە لێکچوواندنی هەستی هەستی بەرهەم هاتووە.

### ٢. لێکچوواندنی ئەقڵی ئەقڵی (التشبیه عقلی عقلی)

((ئەمە لێکچوواندنی واتا بە واتایە... واتا: (لێچوو) و (لەوچوو) لە واتا زەینییە ڕووتەکەیاندا بە ئەقڵ دەرکیان پێ دەکرێ، نەوەک بە پێنج هەستەکان))[2]، کەواشبێ لێرەدا لێچوو و لەوچوو دەبێ ئەقڵی بن و بەر هیچ یەکە لە پێنج هەستەکان نەکەون، وەکو: (بەخت، هیوا، ڕەوشت، ئازایەتی، دڕندە، زانست، توڕەیی، نەرم و نییانی، مەحەببەت، غەم، ...)، بۆ نمونە:

حەپسی نەجاتی مەحزە، غەمی عەینی شادییە
زام و برینی مەڵحەمە، دەردی دەوایە غەوس... ل ٤٦.

غەم: لێچووە، ئەقڵییە

شادی: لەوچووە، ئەقڵییە

---

(١) هەژار فەقێ سلێمان حسێن، ڕوونبێژی لە شیعری مەحویدا، چاپی یەکەم، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی، ٢٠١٤، ل٥٤.

(٢) طالب محمد الزوبعي، د. ناصر حلاوی، البلاغة العربیة (البیان و البدیع)، ص٢٦.

غەم و شادی، هەردووکیان ئەقڵین ناکەونە بەر هیچ یەکێ لە پێنج هەستەکان، بەمە لێکچوواندنی ئەقڵی ئەقڵی بەرهەم هاتووە.

### ٣. لێکچوواندنی هەستی ئەقڵی (التشبيه الحسي العقلي)

((ئەو لێکچوواندنەیە، کە تێیدا وێنە بەواتا دەچوێنرێ))[١]، واتە:هەستییەک بەژیرییەک دەچوێنرێ، بەواتایەکی تر ((ئەو لێکچوواندنەیە، کە لێچووی هەستی و لەوچووی ئەقڵی بێت))[٢]، بۆ نموونە:

لەگەڵ سکرتێر کە ((ئەو ڕەحمان))ە
ئەو ئەوڕەحمانەی کە نووری جانە... ل ١٤٠.

ئەوڕەحمان: لێچووە، هەستییە

نووری جان: لەوچووە، ئەقڵییە

بەمەش لێکچوواندنی هەستی ئەقڵی بەرهەم هاتووە.

### ٤. لێکچوواندنی ئەقڵی هەستی (التشبيه عقلي حسي)

((لێکچوواندنی واتایە بە وێنە))[٣]، واتە ژیرییەک بە هەستییەک دەچوێنرێ، بەواتایەکی تر ((ئەو لێکچوواندنەیە، کە: لێچووی ئەقڵی و لەوچوو هەستی بێت))[٤]، ئەمەش لەبەرئەوە پەنای بۆ دەبرێت تا ئەو شتە ئەقڵییەی نادیارە و بەگشتی خراوەتە ڕوو، بە شتێکی هەستپێکراو ببەسترێتەوە، بۆ ئەوەی واتاکەی زیاتر و جوانتر دەربکەوێت، وەکو ئەوەی زانست بە ڕووناکی و ئازا بە شێر و بەم شێوەیە ئەقڵییەکان بە هەستییەکان بچوێنرێن... بۆ نموونە:

دیسان لافاوی غەم هات هەروەکو بارانی نیسانی
بیناغەی قەسری مەعموری تەرەب رووی کردە وێرانی... ل١٢٦.

لەم دێڕەدا دوو لێکچوواندنی ئەقڵی هەستی بەیەکدا چوو هاتوونە، ئەوانیش:

یەکەم:

غەم: لێچووە، ئەقڵییە

---

(١) طالب محمد الزوبعي، د. ناصر حلاوی، البلاغة العربية (البيان و البديع)، ل٢٧.
(٢) ئیدریس عەبدوڵڵا، کۆوانەکانی ڕەوانبێژی، ل١٥٤.
(٣) طالب محمد الزوبعی، د. ناصر حلاوی، البلاغة العربية (البيان و البديع)، ص٢٦.
(٤) ئیدریس عەبدوڵڵا، کۆوانەکانی ڕەوانبێژی، ل١٥٤.

لافاو (بەواتای زۆر): لەوچووە، هەستییە

دووەم:

غەمی لافاو ئاسا: لێچووە، ئەقڵییە

بارانی نیسان: لەوچووە، هەستییە

بەوەش لە هەردوو نمونەدا، لێکچوواندنی (ئەقڵی هەستی) دروووستبوونە.

مەحەببەت ڕێگەیێکی ڕاستە قوربان
نەکەی لادەی لەسەر حەددو سنووری... ل١٢٣.

مەحەببەت: لێچووە، ئەقڵییە

ڕێگەیێکی ڕاستە: لەوچووە، هەستییە

بەمە لێکچوواندنی ئەقڵی هەستی بەرهەم هاتووە.

**سێیەم: لێکچوواندنی لێکدراو**

عەرەب (التشبیه المرکب) و (التشبیه التمثیل)یشی پێدەڵێن، کوردیش (لێکچوواندنی وێنەیی)یان بۆ بەکارهێناوە، ((ئەو لێکچوواندنەیە، کە ڕووی لێکچوونەکەی وێنەیەکە لە دووشت یان زیاتر پێکهاتووە))[١]، واتە: وێنەیەک بە وێنەیەکی تر دەچوێنرێ، کە ڕووی لێکچوونەکەی وێنەیەکە لە چەند شتێکەوە وەرگیرابێ یان ((پێکهاتەیەکی دروستکراوە لە چەند شتێک و بەزمانی ئەمرۆ، تابلۆ یان وێنەیەکی زەینییە، کە چەند شتێک لە دروستکردنی ڕۆڵ دەبینن و بەشدارن))[٢]. بۆ نمونە:

هەر وەک منالّە کوردێ کەون بێ لە باوکی
ئەگریم بەرەو ((مەدینە))وو هەر باوە باومە... ل٩٦.

شاعیر وێنەی دابڕانی خۆی لە مەدینە و گریان و نالّە نالّەی خۆی بۆ ئەم دابڕانەی، بە وێنەی ئەو مندالّە کوردە چوواندووە کە وون بووبێ لە باوکی و هەر بگریێ و هاوار بۆ باوکی بکات، بەوەش لێکچوواندنی وێنەیی دروست بووە.

(١) عبدالعزیز عتیق، علم البیان، دار النهضة العربیة، بیروت ـ لبنان، دون سنة الطبع، ص٨٦.
(٢) سیروس شمیسا، بیان، ویراست چهارم، نشر میترا، تهران، ١٣٩٠، ص٨٩.

ئەگریم بەرەو (مەدینە)وو هەر باوە باومە: لێچووە

منالە کوردێ کەون بێ لە باوکی: لەوچووە

ونبوون، هاتن، گریان، باوە باو، ڕووی لێکچوون بەرجەستە دەکەن.

وەک کەسێ لایدا لە رێ چۆلی بیابان وا منیش
نەفسی بەد پێم تەی ئەکا ئەم هەردو ئەو هەردی گوناح... ل٣١.

نەفسی بەد پێم تەی ئەکا ئەم هەردو ئەو هەردی گوناح: لێچووە

وەک: ئەوزارە

کەسێ لایدا لە ڕێ چۆلی بیابان وەک منیش: لەوچووە

شاعیر وێنەی وێل بوون و سەر شێوانی خۆی لە ناو هەردی گوناح بە هۆی نەفسی سەرکەشی بە وێنەی ئەو کەسە چوواندووە، کە ڕێی کەوتبێتە بیابانێک و دێوو درنجی بیابان ڕێی گرتبێت و وای لێکردبێت سەری بشێوێت و لە ڕێی ڕاست لابدات.

بەمە لێکچوواندنی لێکدراو، یان لێکچوواندنی وێنەیی دروستبووە، چونکە دوو وێنە کۆکراونەتەوە، ڕووی لێکچوونیش لە ڕێ گرتن و سەرشێوان و لە ڕێی ڕاست لادان، بەرجەستە بووە.

وەها پەرچەم ئیحاتەی دەوری جەبهەی داوە رۆژ و شەو
ئەڵێی تەسخیری موڵکی رۆم ئەکا ئەم حاکمی چینە... ل١٠١.

وەها پەرچەم ئیحاتەی دەوری جەبهەی داوە رۆژ و شەو: لێچووە، وێنەیەکە

ئەڵێی: ئەوزارە

تەسخیری موڵکی ڕۆم ئەکا ئەم حاکمی چینە: لەوچووە، وێنەیەکە

وێنەی هاتنە خوارەوەی پەرچەمی یار بەسەر ڕوویدا بەو وێنەیە چوواندووە کە حاکمی چین شەو و رۆژ دەوری موڵکی ڕۆمی دابێ و بیەوێ تەسخیر بکات و بیخاتە ژێر ڕکێفی خۆیەوە.

بەمە لێکچوواندنی لێکدراو یان لێکچوواندنی وێنەیی دروستبووە، ڕووی لێکچوونیش لە دەورەدان و داگیرکردن و... هتد بەرجەستە بووە.

**چوارەم: لێکچوواندنی پێچراو (التشبیه الملفوف)**

((کۆکردنەوەی هەریەکە لە بنەڕەتەکانی لێکچوواندنە لەگەڵ هاوشێوەکەی، وەکو کۆکردنەوەی لێچوو لەگەڵ لێچوو، ئینجا کۆکردنەوەی لەوچوو لەگەڵ لەوچوو، بەشێوەیەک کە لە سەرەتادا لێچووەکانی بەئامرازی خستنەسەر لەتەک یەکدا بێت، ئینجا لە دوای ئەواندا (لەوچوو)ەکان بە هەمان شێوە بێت))[1].. وەکو: ئەحمەد و ئازاد وەکو شێر و پڵینگن، بۆ نمونە:

دڵم بۆ زوڵف و رووی جانانە ئەگری
مناڵە و بۆ گوڵ و ڕێحانە ئەگری... ل١١٨.

لەم دێڕەدا لە نیوە دێڕی یەکەم سێ شت پێکەوە پێچراون، دواتر لە نیوە دێڕی دووەمدا سێ شتی تر بەڕێکی لە بەرامبەر ئەم سێیانەی نیوە دێڕی یەکەم هێنراونەتەوە، بەوەش لێکچوواندنێکی پێچراو بەرهەم هاتووە. لێرەدا وشەکانی (دڵ، زوڵف، ڕووی جانانە) لێکچوونە، وشەکانی (مناڵ، گوڵ، رەیحان) لەوچوونە و بەم شێوەیەی خوارەوە لە بەرامبەر یەک هێنراون:

دڵ لە بەرامبەر منداڵ

ڕووی جانانە لە بەرامبەر گوڵ (چونکە وەکو یەک جوانن)

زوڵف لە بەرامبەر رەیحان (چونکە وەکو یەک ڕەشن)

بەوەش لێکچوواندنێکی پێچراوی ناڕێک درووستبووە، چونکە دووەمی یەکەم لە بەرامبەر سێیەمی دووەم و سێیەمی یەکەم لە بەرامبەر دووەمی دووەم هێنراون.

لەو ساوە عاشقم بە برۆو روویی دوڵبەران
دایم لە مانگی یەک شەوەو ئافتاب ئەدووم... ل١٥٤.

---

(١) السید احمد الهاشمی، جواهر البلاغة، الطبعة الرابعة، دار المعرفة، بیروت ـ لبنان، ١٤٣٤هـ ـ ٢٠١٣م، ص٢٣٠.

لەم دێڕەدا لە نیوە دێڕی یەکەم دووشت پێکەوە پێچراون، دواتر لە نیوە دێڕی دووەمدا دووشتی تر بە ڕێکی لە بەرامبەر ئەم دووانەی نیوە دێڕی یەکەم هێنراوەتەوە، بەوەش لێکچوواندنی پێچراو بەرهەم هاتووە.

یەک: برۆ: لێچووە

مانگی یەک شەوە: لەوچووە

دوو: رووی دوڵبەران: لێچووە

ئافتاب: لەوچووە

ئەمەش وێنەی لێکچوواندنی پێچراوی ڕێکە.

پەرێشانم، لە رووی ئەو شۆخە لاچۆ ساتێ ئەی پەرچەم
دڵم بەینێکە زۆر تاریکە ئەی شەو ماهی تابانێ... ل١٢٩.

لەم دێڕە لە سەرەتادا دووشت پێکەوە پێچراون، (رووی ئەو شۆخە و پەرچەم) لە پاشان هەردووکیان بە دووشتی تر چوێنراون، کە بەنارێکی لە بەرامبەر ئەم دووەی پێشوو هاتوون، کە ئەوانیش (شەو و ماهی تابان)نە، کەواتە لەم دێڕەدا لێکچوواندنی پێچراوی نارێک بەرهەم هاتووە، چونکە لێچوو و لەوچوو لە بەرانبەر یەکدا نەهاتوونە، واتە:

یەک: رووی ئەوشۆخە: لێچووە

ماهی تابان: لەوچووە

دوو: پەرچەم: لێچووە

شەو: لەوچووە

**پێنجەم: لێکچوواندنی بڵاو (التشبیه المفروق)**

لەم جۆرەدا زیاتر لە وێنەییێکی لێکچوواندن لە یەک دێڕە شیعردا دەهێنرێ، واتە ((بریتییە لەو لێکچوواندنەی، کە زیاتر لە وێنەیەکی لێکچوواندنی تێدایە، بەڵام هەر یەکەیان بەجیا لە دوای یەکتریدا دێن، ئەوەش واتە: هەمیشە (لێچوو، لەوچوو) دێن، لە پاشان لێچوو و لەوچووەکی تر بەم شێوەیە))[1].. وەکو: پیاوەکە شێرە، پشیلەکە پلینگە.

لێرەشدا (لێکچوواندنەکان دەبێ بەشێوەیەکی ڕێک دابڕێژرێن، ژمارەی (لێچوو) و (لەوچوو)ەکان هەر چەندبن، بەڵام هەر (لێچوو)ێک لەگەڵ (لەوچوو)ی خۆی بهێت)[2].. بۆ نمونە:

((عەلی)) کەیوانە، ((تەوفیق)) زوهرەیە، ((نووری)) شەباهەنگە
((عەزیز خان)) ئافتابی حوسنە، ((فائیق)) ماهی تابانە... ل٩٩.

لەم دێڕەدا پێنج لێکچوواندن بە دوای یەکتریدا هێنراون، بریتینە لە:

یەک: عەلی: لێچووە

کەیوانە: لەوچووە

دوو: تەوفیق: لێچووە

زوهرە: لەوچووە

سێ: نووری: لێچووە

شەباهەنگە: لەوچووە

چوار: عەزیز خان: لێچووە

ئافتابی حوسنە: لەوچووە

پێنج: فائیق: لێچووە

ماهی تابانە: لەوچووە

---

(١) راضی نواصرة، البلاغة و البیان و فصاحة الکلام عند سیدنا الإمام، مؤسسە حمادة للدراسات الجامعیة والنشر والتوزیع، ارید ـ الاردن، ٢٠٠٧، ص٦١.

(٢) نەوزەت ئەحمەد عوسمان، ڕوونبێژی لە شیعری کلاسیکی کوردیدا بە نمونەی مەلای جزیری و نالی، نامەی ماستەری پێشکەشکراوە بە بەشی کوردی کۆلێژی ئادابی زانکۆی سەلاحەددین، جەمادی ئاخیری ١٤١٢هـ ـ کانونی یەکەمی ١٩٩١م، ل٧٧.

هیچ یەک لەو لێکچوواندنانە پێکەوە گرێنەدراون، بەڵکو هەر یەکەیان بە جیا لە دوای یەکتری ڕیز کراون، بەمەش لێکچوواندنی بڵاو (التشبیه المفروق) دروستبووە.

منم وەک نانەوا فرمێسکم ئاگر
جگەر نان، چاو ئەکا ئیشی تەنووری... ل١٢٣.

لەم دێڕەدا هەر نیوە دێڕێک دوو لێکچوواندنی تێدا هاتووە:

یەک: من: لێچووە

نانەوا: لەوچووە

دوو: فرمێسک: لێچووە

ئاگر: لەوچووە

سێ: جگەر: لێچووە

نان: لەوچووە

چوار: چاو: لێچووە

تەنوور: لەوچووە

هیچ یەک لەو لێکچوواندنانە پێکەوە گرێنەدراون، بەڵکو هەر یەکەیان بەجیا لە دوای یەکتری ڕیز کراون، بەمەش لێکچوواندنی بڵاو (التشبیه المفروق) دروستبووە.

گڵی یاقووتە، تۆزی عەنبەری سارایە بەرزنجە
گیای زمڕووتە، بەردی گەوهەری یەکتایە بەرزنجە... ل٨٩.

لەم دێڕەدا چوار لێکچوواندن بە دوای یەکتریدا هێنراون، بریتینە لە:

یەک: گڵ: لێچووە

یاقووت: لەوچووە

دوو: تۆز: لێچووە

عەنبەری سارا: لەوچووە

سێ: گیا: لێچووە

زمرووت: لەوچووە

چوار:   بەرد: لێچووە

گەوهەری یەکتا: لەوچووە

**شەشەم: لێکچوواندنی ئاوەژوو (التشبیە المقلوب)**

((ئەو لێکچوواندنەیە، کە تیایدا ( لێچوو) ـ کە لە ڕەسەنایەتیدا ناتەواوە دەبرێتە حاڵی (لەوچوو) ـ (لەوچوو)ش ـ کە لە ڕەسەنایەتیدا تەواوە، دەبرێتە حاڵی (لێچوو)... یان بە واتایەکی تر: ئەو لێکچوواندنەیە، کە تیایدا (لێچوو) دەکرێتە (لەوچوو)، ئەمە بەو پاساوەی کە ڕووی لێکچوون لەودا بەهێزتر و ڕوونتر و تەواو ترە))[1].. لەم جۆرەدا شاعیر ئەو شتەی دەیەوێ باسی بکات، دەیکات بە لەوچوو، ئەوەی دەیهێنێتەوە بۆ ڕوون کردنەوەی دەیکات بە لێچوو، ئەمەش بە مەبەستی زیاتر بایەخ دانە بەو شتەی کە دەیەوێ باسی بکات.

دیارە ئەم جۆرە لێکچوواندنەش گرنگی تایبەتی هەیە و بەلای هەندێ لە ڕەوانبێژان: ((ئەم وێنە لێکچوواندنە مانا بەهێز دەکات، مەرج و پێوەرێکی مەنتیقی و جەمالی هەیە، ئەوە وا دەکات بزانرێت، کامە لێکچوواندن هەڵگەڕێنراوەیە و کامەیان ئاساییە))[2].

لە ڕەوانبێژییدا وەها باوە، کە نزم بە بەرز و بچووک بە گەورە بچووێنرێت، خۆ ئەگەر لێکچوواندنەکە بە پێچەوانەی ئەوەوە هات، ئەوە لێکچوواندنی ئاوەژوو دروست دەبێت، بۆ نمونە، کە دەڵێت: مانگ وەک ڕووی یارەکەمە، لە ڕاستیدا ڕووی یارەکەی وەکو مانگە لە

ڕووی درەوشاوەیدا، بەڵام لێرەدا لێکچوواندنی ئاوەژوو دروستبووە، ((چونکە چوێنراوە و پێچوێنراو جێگۆرکێ دەکەن))[3]، واتە پێچەوانەی لێکچوواندنی ئاساییە، (ئیبن و جنی) پێی وایە ((ئەم کارە زاڵبوونی لقە بەسەر ئەسڵ))[4]دا. بۆ نمونە:

هەر تەیر و توورە وەک من ئەخوێنن لە خۆشیا
هەر باخەوانە ئارەزووی هەڵپەڕین ئەکا... ل٢٣.

تەیر و توور: لێچووە

(١) ابن عبدالله أحمد شعیب، بحوث منهجیه في علوم البلاغة العربیة، ص٧٢.

(٢) ئیدریس عەبدوڵڵا مستەفا، لایەنە ڕەوانبێژییەکان لە شیعری کلاسیکی کوردیدا، ل١٣٩.

(٣) سەردار ئەحمەد گەردی، لێکچوواندن و ڕۆلی لە دروست کردنی وێنەی هونەری لە شیعرەکانی (ئەحمەد موختار بەگی جاف)دا، گۆڤاری زانکۆی سلێمانی، ژمارە: (٥)، سلێمانی، ٢٠٠١، ل١١٤.

(٤) ابن عبدالله أحمد شعیب، بحوث منهجیه في علوم البلاغة العربیة، ص٧٢.

من: لەوچووە

بێخود لە بنجدا دەبێ لێچوو بێ، تەیر و توور (لەوچوو) بن، چونکە شاعیر هەر چەندە دڵی خۆش بێت و لە خۆشیا بخوێنێ، خوێندنی ئادەمیزاد لە خۆشیا ناکاتە خوێندنی تەیر و توور، کەچی لە جیاتی ئەوەی خوێندنی خۆی بە خوێندنی تەیر بچووێنێ لە خۆشیا، هاتووە خوێندنی تەیری بە خوێندنی خۆی چوواندووە، لێرەدا وێنەکە هەڵگەڕێنراوەتەوە و بەپێچەوانەوە تەیر بە بێخود و ئادەمیزاد چووێنراوە لە خوێندنیدا، بەوەش لێکچوواندنی ئاوەژوو درووستبووە.

**حەفتەم: لێکچوواندنی نائاشکرا (التشبیه الضمنی)**

((ئەو لێکچوواندنەیە کە لێچوو و لەوچوو لە وێنەیەک لە وێنە لێکچوواندنە ناسراوەکان دانانرێن، بەڵکو بە ئاماژە تیشک دەبرێتە سەر (لێچوو) و (لەوچوو)ەکە ئەمە لە واتادا تێدەگەین، لێرەدا هەمیشە (لەوچوو) دەبتە بەڵگەیەکی سەلماو لەسەر بوونی لێچوو))[1]، واتە: لێکچوواندنێکە لێچوو و لەوچوو ناخرێتە نێو وێنەیێک لە وێنە ناسراوەکانی لێکچوواندن، بەڵکو لە دارشتنئدا ئاماژەیان بۆ دەکرێ، یان لە ڕێگەی واتاوە دەزانرێن.. بۆ نمونە:

دوڕڕو مەرجان و کارەبای کوردان
نێرگسە و لالەیە گیای وەتەن... ل٨٠.

لەم دێڕەدا بەئاشکرا دوڕڕو مەرجان بەکارەبا و نێرگس و لالەیە بە گیا نەچوێنراون، نەگوتراوە دوڕڕو مەرجان وەکو کارەبای کوردانە و نێرگس و لالەیەش وەکو گیای وەتەنە، بەڵام کە دەڵێت: دوڕڕو مەرجان و کارەبای کوردان (نێرگسە و لالەیە و گیای وەتەن)، لەمەوە بۆمان دەردەکەوێت، کە بەم قسەیە شاعیر ویستوویەتی بڵێ: دوڕڕو مەرجان وەکو کارەبای کوردانە، نێرگس و لالەیە وەکو گیای وەتەنن، لەوانەشدا دوو لێکچوواندن هەیە، بەڵام تەنیا یەکەمیان لێکچوواندنی نائاشکرایە، ئەویش بەو شێوەیە:

دوڕڕو مەرجان: لێچووە

کارەبا: لەوچووە

(١) السید أحمد الهاشمی، جواهر البلاغة، ل٢٤٩.

**هەشتەم: بەگوێرەی ژمارەی لێچوو و لەوچوو**

**١. لێکچوواندنی تەخت (التشبيه التسوية)**

((ئەو لێکچوواندنەیە، کە لێچووی کۆیە و لەوچووی تاکە))[1]، واتە لێچووی زیاتر بێ لەیەک و لەوچووی یەک بێت، بەواتایەکی تر ((لێچوو زۆر بێت و لەوچوو هەر تەنها یەک دانە بێت))[2]، لێرەدا بۆ چەند لێچووەک تەنها یەک لەوچوو هەیە.. بۆ نمونە:

ئەبدال، ئەگەر ریجال، ئەوتاد، ئەگەر وەلی
بەخوا هەموو پەپوولەن، ئەوان و چرایە غەوس... ل٤٧.

ئەبدال، ریجال، ئەوتاد، وەلی: لێچووە، چوارن

پەپوولە: لەوچووە، یەکە

چوار شت بە یەک شت چووێنراوە، بەمەش لێکچوواندنی تەخت یان (التشبيه التسوية) بەرهەم هاتووە.

**٢. لێکچوواندنی کۆ (التشبيه الجمع)**

((پێچەوانەی لێکچوواندنی تەختە، لێرەدا لێچوو تاکە و لەوچوو کۆیە))[3]، واتە لەوچووی زیاتربێ لەیەک و لێچووی یەک بێت، لێرەدا بۆ چەند لەوچووەک تەنها یەک لێچوو هەیە. بۆ نمونە:

ماهێکی وایە ساکینی بورجی ویلایەتە
شاهێکی وایە خاوەنی تاجی رەزایەتە غەوس... ل٤٦.

غەوس: لێچووە، یەکە

ماه، شاه لەوچووە، دووانە

(١) محمد احمد قاسم، د. محی الدين ديب، علوم البلاغة (البديع و البيان و المعانی)، الطبعة الأولی، المؤسسة الحديثة للكتاب، طربلس ـ لبنان، ٢٠١٠، ص١٥٦.

(٢) دەریا جەمال حەویزی، وێنەی ڕوونبێژی لە کۆمەڵە شیعری (شەهید بە تەنیا پیاسە دەکات)ی قوبادی جەلیزادەدا، چاپ و بڵاوکردنەوەی سلێمانی، سلێمانی، ٢٠٠٩، ل١٢٩.

(٣) محمد احمد قاسم، د. محی الدين ديب، علوم البلاغة (البديع و البيان و المعانی)، ص١٥٦.

یەک شت بە دوو شت چوێنراوە، بەمەش لێکچوواندنی کۆ (التشبیە الجمع) بەرهەم هاتووە.

**نۆیەم: بەگوێرەی تاک و کۆی لێچوو و لەوچوو**

لەم ڕووەوە زیاتر لە جۆرێکی لێکچوواندن هەیە، ئەوانیش بریتینە لە:

**١. لێکچوواندنی کۆ بە کۆ**

((ئەوەیە کە هەردوو لایەنی لێکچوواندن ئاوێتە کرابن بە شێوەیەک کە جیا نەکرێتەوە، یاخود بریتییە لە چەند شتێ تێهەڵکێش))(١)، لێرەدا لێچوو و لەوچوو زیاترە لەیەک.
لێکچوواندنی کۆ بە کۆش دەبێتە دوو جۆر:

**أ. کۆ بە کۆی ڕێک**

ئەوەیە کە هەریەکە لە لێچوو و لەوچوو، دوو بە دوو، سێ بە سێ، چوار بە چوار،... هتد، هەر چەندێ بن، گرینگ ئەوەیە لێچوو چەندبێ لەوچووش ئەوەندە بێ، وەکو (مەرگ و ژین میسلی سێبەر و تاوە).

مەرگ و ژین: لێچووە، دوو دانەیە
سێبەر و تاوە: لەوچووە، دوو دانەیە

میسلی: ئەوزارە

ئەم جۆرانە لەلای بێخود بەدیکراون، بریتینە لە:

**. لێکچوواندنی دوو بە دوو**

ئەو لێکچوواندنەیە کە تیایدا لێچوو (دوو)و لەوچوو (دوو)ە.. بۆ نمونە:

زەمزەمەی ((سار)) و ((کەبووتەر)) وەک نەوای نای و نەیە
هەمهەمەی ((دوڕڕاج)) و ((قومری)) ڕاست ئەڵێی زیر و بەمە... ل٩٧.

---

(١) نەوزەت ئەحمەد عوسمان، ڕوونبێژی لە شیعری کلاسیکی کوردیدا بە نمونەی مەلای جزیری و نالی، ل٣٩.

ئەم دێڕە دوو لێکچوواندنی تێدایە، هەردووکیان لە جۆری لێکچوواندنی دوو بە دووە، ئەوانیش بریتینە لە:

یەکەم:

سار و کەبووتەر: لێچووە، دووە

نای و نەی: لەوچووە، دووە

دووەم:

دوڕڕاج و قومری: لێچووە، دووە

زیر و بەم: لەوچووە، دووە

دەبینین لە هەردوو نمونەدا لێچوو و لەوچوو دووە، بەمەش لە دێڕێکدا دووجار لێکچوواندنی دوو بە دووی ڕێک بەرهەم هاتووە.

**. لێکچوواندنی سێ بە سێ**

ئەو لێکچوواندنەیە، کە لێچوو (سێ)یەو لەوچووش (سێ)یە.. بۆ نمونە:

پەیەممەرێ کە باعیسی وجوودو خەلقی عالەمە
کە تاقە سواری عەرسەیی شەفاعەتەو موسەللەمە
کە زام و هیجر و میحنەتی سروور و وەسڵ و مەرهەمە... ل١٧.

زام، هیجر، میحنەت: لێچووە، سێیە

سروور، وەسڵ، مەرهەم: لەوچووە، سێیە

**ب. کۆ بە کۆی نارێک**

ئەوەیە لێچوو یان لەوچوو یەکیان لەئەوەی تر زۆرتر بن، بەو مەرجەی هیچ یەکیان لە دوو دانە وشە کەمتر نەبن.. بۆ نمونە:

. ئازاد و رزگار و چنار گوڵ و رەیحانن.

ئازاد، رزگار، چنار: لێچووە، کۆیە، سێ دانەیە

گوڵ و رەیحان: لەوچووە،کۆیە، دوو دانەیە، نارێکە

. چنار و سازان گوڵ و ڕەیحان و وەنەوشە و نێرگزن.

چنار و سازان: لێچووە، دوو دانەیە، کۆیە

گوڵ و ڕەیحان، وەنەوشە، نێرگز: لەوچووە کۆیە،چوار دانەیە، نارێکە.

بەمەش لێکچوواندنی کۆ بە کۆی نارێک (دوو بە چوار) دروستبووە.

ئەم جۆرەی کۆ بە کۆی نارێک لەلای بێخود بەدیکراوە، بریتییە لە:

**. لێکچوواندنی سێ بە پێنج**

ئەو توربەتەی کە خۆڵ و گڵ و وردە بەردی ئەو
ئاڵتوون و زیو و لیرەوو غازی و دراومە... ل٩٥.

خۆڵ، گڵ، وردە بەرد: لێچووە، سێنە

ئاڵتوون، زیو، لیرە، غازی، دراو: لەوچووە، پێنجە

**٢. لێکچوواندنی تاک بە تاک**

((ئەوەیە کە هەردوو بنەڕەتەکان (لێچوو، لەوچوو) تاک بن))[١]. ئەمەش یەک جۆری هەیە ئەویش بریتییە لە:

**. لێکچوواندنی یەک بە یەک**

ئەو لێکچوواندنەیە، کە لێچوو (یەک)ەو لەوچووش (یەک)ە.. بۆ نمونە:

بروانە گوڵشەن کە ئەڵێی ((بۆقەلەموون))ە
گەهـ سەوزە، گەهێ زەردە، گەهێ ماوی و سوورە... ل٩٠.

گوڵشەن: لێچووە، یەکە

بۆقەلەموون: لەوچووە، یەکە

---

(١) أحمد مطلوب، د. كامل حسن البصير، البلاغة والتطبيق، الطبعة الاولى، مطابع بيروت الحديثة، بيروت - لبنان، دون سنه الطبع، ص٢٨٦.

### ٣. لێکچوواندنی تاک بە کۆ

((ئەوەیە لێچوو تاک بێ و لەوچوو کۆ بێ))[١].. واتە لێچوو (یەک)ەو لەوچوو (دوو)وە یان زیاتر، ئەمەش چەند جۆرێکە وەک: یەک بە دوو، یەک بە سێ، یەک بە چوار،... هتد، ئەم جۆرانەی لای بێخود بەدیکراون بریتینە لە:

#### أ. لێکچوواندنی یەک بە دوو

ئەو لێکچوواندنەیە، کە لێچوو (یەک)ەو لەوچوو (دوو)ە .. بۆ نمونە:

ماهێکی وایە ساکینی بورجی ویلایەتە
شاهێکی وایە خاوەنی تاجی رەزایەتە غەوس... ل٤٦.

غەوس: لێچووە، یەکە

ماە، شاە: لەوچوونە، دوونە

#### ب. لێکچووندنی یەک بە سێ

ئەو لێکچوواندنەیە، کە لێچوو (یەک)ەو لەوچوو (سێ)یە .. بۆ نمونە:

بە رۆژ پەروانەییێکی دڵ شکاو و بێ پەڕو باڵم
بە شەو شەمعێکی پڕ سۆز و گودازم (یا رسول الله))... ل٨٨.

من: لێچووە، کە لە (م)ی ڕاناوی لکاوی کۆتایی وشەی باڵم بەرجەستە بووە، یەکە

دڵ شکاو، بێ پەڕ، بێ باڵ: لەوچووە، سێنە

#### ج. لێکچوواندنی یەک بە چوار

ئەو لێکچوواندنەیە، کە لێچوو (یەک)ەو لەوچوو (چوار)ە.. بۆ نمونە:

رۆحم لە خۆشی قاقەزەکەت زوو کە دەرنەچوو
جان سەختە، تیرە بەختە، نەفامە و سەهەندەیە... ل١٠٩.

رۆحم: لێچووە، یەکە

جان سەختە، تیرە بەختە، نەفامە، سەهەندەیە: لەوچووە، چوارە

---

(١) احمد مطلوب، معجم المصطلحات البلاغیة و تطورها، الجزء الثانی، مطبعة المجمع العلمی العراقی، بغداد، ١٤٠٦هـ ـ ١٩٨٦م، ص٢١١.

**د. لێکچوواندنی یەک بە پێنج**

ئەو لێکچوواندنەیە، کە لێچوو (یەک)ەو لەوچوو (پێنج)ە.. بۆ نمونە:

غەم واسیتەی حەیاتی منی بێ کەسە و فەقیر
غەم نان و ئاو و چایی و گۆشت و پڵاومە... ل٩٣.

غەم: لێچووە، یەکە

نان، ئاو، چایی، گۆشت، پڵاو: لەوچووە، پێنجە

**٤. لێکچوواندنی کۆ بە تاک**

پێچەوانەی لێکچوواندنی تاک بە کۆیە، ئەوەیە لێچوو کۆ بێ و لەوچوو تاک بێ.. واتە لێچوو (دوو)وە یان زیاتر، بەڵام لەوچوو (یەک)ە، ئەمەش چەند جۆرێکە وەک: دوو بە یەک، سێ بە یەک، چوار بە یەک،... هتد، ئەم جۆرەی لای بێخود بەدیکراوە بریتییە لە:

**. لێکچوواندنی سێ بە یەک**

ئەو لێکچوواندنەیە، کە لێچوو (سێ)یەو لەوچوو (یەک)ە.. بۆ نمونە:

منیش لەوحەی دڵ و ئەنگوست و چاوم نایە بەردەستی
ئەویش ((الحق)) بەدیققەت سەنعەتێکی پڕ نیکاتی کرد... ل٣٧.

واتە: دڵ و ئەنگوست و چاوم وەکو لەوحە خستە بەردەستی، لەوەشدا:

دڵ و ئەنگوست و چاوم: لێچووە، سێنە

لەوحە: لەوچووە، یەکە

سەدای باوک و برا رۆی خەڵق و گرمەی سینە، ناڵەی دڵ
وەکوو رەعدی بەهار ئیمڕۆ زەمین تا ئاسمان رۆیی... ل١٣٨.

باوک و برا رۆی خەڵق، گرمەی سینە، ناڵەی دڵ: لێچووە، سێیە

رەعدی بەهار: لەوچووە، یەکە

**دەیەم: لێکچوواندنی مەرجدار (بە مەرج)**

ئەم جۆرە لێکچوواندنە لە باری گوماندایە، واتە: بە یەقین دروست نەبووە، بەڵکو بە شێوەیەکی ئەگەر و مەرج خراوەتەڕوو، قسەکەر هەر زوو بۆ ئەوەی نەبووە لێکچوواندنەکە دروست بکات، بەڵکو بۆ ئەوەی بووە ئەگەرێک بخاتە مێشکی (لێچوو)، ـ کە ئەو (لێچوو)ە قسە بۆ کراوەکەیە ـ بۆ ئەوەی لە دوای ئەو وێنە لێکچوواندنەی بە گومان، یان بە ئەگەر لە مێشکی لێچووی زەق دەکاتەوە، قسەیەکی تر بۆ (لێچوو) بکات و تێبیگەیێنی، کە ئەگەر لێکچوواندنەکەش دروست بێت و وەدی بێت، کە لە باری ئاساییدا قەد بەدی نایێ، ئەوا ئەو هەواڵەش لە شاڕستەی مەرجیدا هاتووە هەر بەسەر لێچوودا جێ بەجێ دەبێ.. بۆ نمونە:

ئەگەر ببی بە ((سکەندەر)) بە بازووی قووەت
وەگەر ببی بە پەلەنگەر بە قووەتی بازوو... ل٨٤.

لە نیوە دێڕی یەکەمدا:

ببی (ی): ڕاناوی لکاوی کەسی دووەمی تاکە، لێچووە.

سکەندەر: لەوچووە.

لە نیوە دێڕی دووەمدا:

ببی (ی): ڕاناوی لکاوی کەسی دووەمی تاکە، لێچووە.

پەلەنگەر: لەوچووە.

بەڵام لێکچوواندنەکە لە باری ئەگەر دایە و دروست نەبووە لە پارستەی مەرجیدا هاتووە، شارستەکەی لە کۆتایدا دێت، هەواڵە یەقینەکەی تیایە، کە مەبەستی قسەکەرە بیگەیێنێتە (قسە بۆکراو) = (لێچوو)، ئەویش ئەوەیە:

کە هاتوو رشتەیی عومرت گەیشتە وەختی پسان
تەخەللوفی نیە ((باللە)) بە قەدری یەک سەری موو... ل٨٤.

به هەمان شێوە لە نیوە دێڕەکانی تردا دەڵێت:

به حوکمرانی ئەگەر ببیە شاهی ((کەیخەسرەو))
به پاڵەوانی ئەگەر ببیە ((رۆستەم)) و ((بورزوو))... ل٨٤.

لە نیوە دێڕی یەکەمدا:

ببی (ی): ڕاناوی لکاوی کەسی دووەمی تاکە، لێچووە.

کەیخەسرەو: لەوچووە.

لە نیوە دێڕی دووەمدا:

ببی (ی): ڕاناوی لکاوی کەسی دووەمی تاکە، لێچووە.

رۆستەم و بورزوو: لەوچووە.

ئەگەر بەزوهد و فەزیلەت ببیتە شێخی ((جونەید))
وە ئەگەر بە حیکمەت و فەن ببیە ((بوعەلی))، یاهوو... ل٨٤.

لە نیوە دێڕی یەکەمدا:

ببی (ی): ڕاناوی لکاوی کەسی دووەمی تاکە، لێچووە.

جونەید: لەوچووە.

لە نیوە دێڕی دووەمدا:

ببی (ی): ڕاناوی لکاوی کەسی دووەمی تاکە، لێچووە.

بوعەلی: لەوچووە.

به هەمان شێوە لەم نیوە دێڕانەی سەرووشدا لێکچوواندنەکان لە باری ئەگەر دان و دروست نەبوونە، لە پارستەی مەرجیدا هاتوون، بۆیە پێیان دەگوترێت لێکچوواندنی مەرجدار (مەرجی)، چونکە لێکچوواندنەکە دەشێ دروست نەبێ و ئەگەر و گومانی تێدا بێت.

**باسی سێیەم: ئەوزارەکانی لێکچوواندن**

((ئەوزارەکان: کۆمەڵێ دەربڕینن، گوزارشت لە سەر وەکیەکی دەکەن، کە ئەم وەکیەکییە دەشێ بەسترابێتەوە بە ڕوویێک یان چەند ڕوویێکی لێکچوون، لەم ڕووە، یان لەو ڕووانەدا لێچوو و لەوچوو وەکو یەک دەچوێنرێن))[1]، یاخود بریتینە: لەو وشە و پاشگرانەی، کە مانای لێکچوواندن و هاوبەشی دەگەیەنن، لێچوو و لەوچوو بەیەکەوە دەبەستنەوە، ((ئەوزار تەنها وشەیەک نییە بەڵکو خەرمانە وشەیەکی ڕەنگاو ڕەنگە))[2].. ئەوانیش چەندین دەستەن لەوانە:

**یەک:** ئەو ئەوزارانەی کە لە زمانی عەرەبییەوە وەرگیراون

وەکو: (عەینی، ئەشوبهێ، شەبیهی، میسالی، مەسەل، ...).

عەینی: هەشت جار بەکارهاتووە

دڵم مەفتوونی چاوی دوڵبەرێکی نیکتە پەردازە
کەمەحزی حوسنە، عەینی شۆخییە، سەرچاوەیی نازە... ل٩١.

ئەشوبهێ: یەک جار بەکارهاتووە

هەر فەجری کازیبەو کە ئەشوبهێ بە زوڵفی یار
هەر سوبحی سادیقەو لە بەیازی جەبین ئەکا... ل٢٣.

شەبیهی: یەک جار بەکارهاتووە

گوڵ خەریکی رەنگ و بۆ یەعنی شەبیهی روومەتە
خونچە مەشغووڵی تەبەسسوم، هەر دەڵێی لێو دەمە... ل٩٧.

میسالی: یەک جار بەکارهاتووە

هەر لالەیەو میسالی شەفەق سوور ئەچێتەوە
هەر ژاڵەیەو لە ئەنجومی چەرخی بەرین ئەکا... ل٢٣.

مەسەل: پێنج جار بەکارهاتووە

---

(١) ئیدریس عەبدوڵڵا، شێواز، چاپی یەکەم، چاپخانەی منارە، هەولێر، ٢٠١٢، ل٧٥.

(٢) عەزیز گەردی، ڕەوانبێژی لە ئەدەبی کوردیدا، بەرگی یەکەم، ڕوونبێژی، ل٣٢.

ئەو رۆژە کەوا دای لە دڵم تیری موحەببەت
گرتی بە مەسەل ئایینە تەسویری موحەببەت
چونکە بووە دێوانە بەزەنجیری موحەببەت... ل٧١.

**دوو:** ئەو ئەوزارانەی کە لە زمانی فارسییەوە وەرگیراون

وەکو: (چەشنی، ئاسا، ئاسایی،...).

چەشنی: شازدە جار بەکارهاتووە

بڕواننە ئاونگ و گیا تاکوو بزانن..
ئەم هەروەکوو زمڕووتە، ئەویش چەشنی بلوورە... ل٩١.

ئاسا: یەک جار بەکارهاتووە

لەحەو خوانی تەلیسمی سەخڵەتی و زیندانی ماتەمدا
گەهێ کاووسی بێ تاوان و گاهێ بیژەن ئاسا خۆم... ل٦٥.

ئاسایی: یەک جار بەکارهاتووە

کە ئیمڕۆ ((کوندە بوو))ی ئەملاک و خانووی عیترەتی ئەو بێ
سبەی چۆن ئەچیە ژێر سایەی هوما ئاسایی پێغەمبەر (صلى الله علیم وسلم)... ل٤٤.

**سێ:** ئەو ئەوزارانەی کە تایبەتن بە زمانی کوردی

لەوانە: (وەک، هەروەک، وەکوو، هەروەکوو، ئەڵێی، هەر دەڵێی، لە...ئەکا، ین، ییە، ...).

وەک: حەفتاو حەفت جار بەکارهاتووە

پوڕتەوی رووی تۆم کە دی لەو ساوە وەک ((روحُ البَیان))
هەر خەریکی سەیری سوورەی ((والضُّحی))تم، رۆحەکەم... ل٦٧.

هەروەک: سێ جار بەکارهاتووە

((بێخود)) بە کردەوەو قسە، خاکم بەسەر، وەهام
هەروەک دەم و جنێوی بتان نیشم و هەشم... ل٦٣.

وەکوو: چل و حەفت جار بەکارهاتووە

عومرێکە لە دووری مەحمەلی لەیلا وەکوو مەجنوون
خۆم لێرەوو دڵ وێڵی بیابانی کوەیتم... ل٥٧.

هەروەکوو: هەشت جار بەکارهاتووە

لە دیوانی چەمەنزاری مەحەببەت هەروەکوو قومری
بەلا گەردانی سەروی میسرەعی مەوزوونی بالاتم... ل٥٥.

ئەڵێی: دوازدە جار بەکارهاتووە

کە ئەچمە حوجرە ئەڵێی دەشتی ((شارەزوور))ە بەبێ تۆ
ولاخ ئەخاتە مەلە ئاوی ((زەڵم))ی ئەشکی رەوانم... ل٦٤.

هەر دەڵێی: دوو جار بەکارهاتووە

هەر دەڵێی غیلمان و حوورن نەو عورووسانی چەمەن
رووی زەمین جەنناتی عەدنە، هێندە تازەو خوڕڕەمە... ل٩٧.

لە... ئەکا: بیست و چوار جار بەکارهاتووە

زاهید کە سەیری پەرچەمی سونبوڵ ئەکا ئەڵێ..
ئەم رشتە بادراوە لە ((حَبلُ المـَتین)) ئەکا... ل٢٣.

ین: یەک جار بەکارهاتووە

دوو دیدەی نێرگسینی پڕ لە لالەم
لە دەوری لێوی ئەو چاو جوانە ئەگری... ل١٢٠.

ییە: چواردە جار بەکارهاتووە

ئەمە بۆی نەسیمی بەهارە، یاخەبەری سرووشی هەواییە
دەمی رۆح بەخشی نیگارە، یانەفەسی مەسیحی سەماییە... ل١١١.

هەواییە.. واتە: وەکو هەوایە.

سەماییە.. واتە: وەکو سەمایە.

ئەم خشتەیەی خوارەوە ئەم باسە باشتر ڕووندەکاتەوە:

| ژ | جۆری ئامراز | ژمارەی دووبارەبوونەوە |
|---|---|---|
| ١ | وەک | ٧٧ |
| ٢ | هەروەک | ٣ |
| ٣ | وەکوو | ٤٧ |
| ٤ | هەروەکوو | ٨ |
| ٥ | ئەڵێی | ١٢ |
| ٦ | هەر دەڵێی | ٢ |
| ٧ | عەینی | ٨ |
| ٨ | چەشنی | ١٦ |
| ٩ | لە ... ئەکا | ٢٤ |
| ١٠ | ئەشوبهێ | ١ |
| ١١ | شەبیهی | ١ |
| ١٢ | میساڵی | ١ |
| ١٣ | مەسەل | ٥ |
| ١٤ | ئاسا | ١ |
| ١٥ | ئاسایی | ١ |
| ١٦ | ین | ١ |
| ١٧ | ییە | ١٤ |

**باسی چوارەم: مەبەستەکانی لێکچوواندن و گرنگی لێکچوواندن**

**یەکەم: مەبەستەکانی لێکچوواندن**

لێکچوواندن هونەرێکی بەربڵاو و فراوانە، هۆکاری دروستکردنی لێکچوواندن، یان مەبەست لە دروستکردنی لێکچوواندن زۆرن، هەر نووسەرێک بەپێی بۆچوونی خۆی بە چەند خاڵێک، باسی مەبەستەکانی لێکچوواندن دەکات، لەوانە: (د. عەزیز گەردی) لە کتێبی ڕەوانبێژی لە ئەدەبی کوردیدا باسی (شەش) مەبەستی لێکچوواندنی کردووە[١]، (د. ئیدریس عەبدوڵڵا)ش لە نامە دکتۆراکەی خۆیدا، باسی (هەشت) مەبەستی لێکچوواندنی کردووە[٢]، بۆیە منیش بە بۆچوونی خۆم گرنگترینیان لەم (پێنج) خاڵەی خوارەوە کورتدەکەمەوە، کە لە لای بێخود بە دیمکردووە، ئەوانیش بریتینە لە:

١. بەرز کردنەوەو جوانکردنی حاڵی لێچوو

ئەمە ئەوکاتە خۆ دەنوێنێ، کە سیفەتی لەوچوو لەلای قسە بۆ کراو ڕوون بێ، لێچوو بەشتێکی جوان بچووێنێت بۆ ئەوەی قسە بۆ کراو بتوانێ لەحاڵی لێچوو تێبگات.. بۆ نمونە:

بڕواننە دنیا کە ئەڵێی جەننەتە ئیمرۆ
لایێ هەموو غیلمانە، لە لایێ هەموو حوورە... ل٩١.

دنیا: لێچووە

جەننەت: لەوچووە

شاعیر لەم دێڕەدا دنیای بە جەننەت چوواندووە، لێکچوواندنەکەی بۆ بەرز کردنەوەو جوان کردنی لێچوو بەکارهێناوە.

٢. ناشرین کردن و شکاندنەوەی حاڵی لێچوو

ئەمە ئەوکاتە خۆ دەنوێنێ، کە لێکچوواندنەکە بدرێتە پاڵ وەسفکراوێک کە لەوچووە، ئەو وەسفکراوە بەهۆی لێکچوواندنەکەوە، حاڵەتی دروستی خراپتر بکەوێتە بەرچاو.. بۆ نمونە:

---

(١) بڕوانە: عەزیز گەردی، ڕەوانبێژی لە ئەدەبی کوردیدا، بەرگی یەکەم، ڕوونبێژی، ل٥٥ تا ٥٨.
(٢) بڕوانە: د. ئیدریس عەبدوڵڵا مستەفا، لایەنە ڕەوانبێژییەکان لە شیعری کلاسیکی کوردیدا، ل١٤٨ تا ١٥٣.

قەت بە دنیا دڵ مەدەن جادووگەری ئێرانییە
سینەماییێکی پڕ ئاشووب و فریب و ئانییە... ل١١٠.

دنیا: لێچووە

جادووگەر، سینەما: لەوچووە

شاعیر هاتووە باسی دنیا دەکات و بە جادووگەر و سینەما دەیانچووێنێت، کە سیفەتی ناپەسەندن، مەبەستیشی لەمە شکاندنی لێچووەکەیە کە دنیایە.

٣. زێدەڕۆیی کردن

ئەمە ئەوکاتە خۆدەنوێنێ، کە پێدانی گەڵێک سیفەت بە لێچوو، کە لە ڕاستیدا زێدەڕۆییەکی تێدایە بەڵام بەهۆی ئەوەی کە هەندێک لە لێکچوواندنەکان بەرهەمی خەیاڵن، بەمەش جوانی بە دەقەکە دەگەیەنن.. بۆ نموونە:

کەوسەر وەکوو تەنوورەیی چاوی پڕ ئاومە
دۆزەخ وەکوو تەنووری دڵەی پڕ هەڵاومە... ل٩٢.

کەوسەر، دۆزەخ: لێچووە

تەنوورەیی چاوی پڕ ئاو، تەندووری دڵەی پڕ هەڵاومە: لەوچووە

شاعیر حەوزی کەوسەر و دۆزەخی کردووە بە لێچوو، چاو و دڵی خۆشی کردووە بە لەوچوو، لەگەڵ ئەوەشدا ئەوزاریشی بەکارهێناوە، مەبەستی ئەوەیە بڵێ نەگێژاوی کەوسەر دەگاتە گێژاوی چاوی من و نەهالاوی گەرمی دۆزەخیش دەگاتە هالاوی گەرمی دڵی من، دیارە ئەمەش زێدە ڕۆییەکی زۆری تێدایە.

٤. بەرهەمهێنانی دەقی ئەدەبی

ئەمە لەزۆربەی لێکچوواندنەکان دێتە دی بەڵام ئەوکاتە جوان زەقدەبێتەوە، کە لێکچوواندنەکە وێنەیەکی نایاب و جوانی پێشکەش کردبێت، بۆ نموونە:

هەر بەردی جۆیبارە سپی و سافە وەک سەدەف
هەر شەونمە لە دانەیی دوڕڕی سەمین ئەکا... ل٢٣.

بەردی جۆیبار: لێچووە

سەدەف: لەوچووە

شەونم: لێچووە

سەمین: لەوچووە

ئەو ژینگەیەی ئەم دوو لێکچوواندنەی تیا دروستکراوە وشە و دەربڕینەکانی گەلێ ناسک و جوان و سەرنجڕاکێشن، بەوەش وێنەیێکی ئەدەبی جوانی بەرهەم هێناوە.

٥. زەقکردنەوەی حاڵەتی لەوچوو

ئەمە ئەوکاتە خۆدەنوێنێ، کە سیفەتی لێچوو لەلای قسە بۆ کراو ڕوون بێ، بەڵام سیفەتی لەوچوو لەلایدا نەزانراو بێ، بۆیە لێکچوواندنەکە دروست دەکرێ، بۆ ئەوەی قسە بۆ کراو بتوانێ لەحاڵی لەوچوو تێبگات.. بۆ نمونە:

فیدای دولبەرێ ئەبم کەعەینی دڵڕوباییە
غوڵامی سەروەرێ ئەبم کەفەخری پاشاییە
کە رۆژی هیجری ماتەمەو شەوی ویساڵی شاییە
کە سەد هەزاری وەک منی بە جان و دڵ فیداییە... ل١٥.

سەد هەزار: لێچووە

من: لەوچووە

شاعیر لێرەدا بەحسێب باسی خەلک دەکات کە چۆن بە گیان و بە دڵ خۆیان فیدای دوڵبەر دەکەن، بەڵام لە ڕاستیدا لە ئاوێنەی باسی ئەودا مەبەستی خستنە ڕوو و زەقکردنەوەی هەواڵی ژیانی خۆیەتی، چۆن روح و گیانی خۆی فیدا کردووە.

**دووەم: جوانی و گرنگی لێکچوواندن**

لێکچوواندن ڕۆڵێکی گرنگ و فراوانی هەیە لە ڕازاندنەوەی وشە و بەپێزکردنیدا لە هەردوو بواری زمان و ئەدەبدا، ئادەمیزادیش یەک لە ئارەزووەکانی ئەوەیە کە شت بە جوانی و ڕوونی و وێنەیێکی زیندوو ببینێ و سەرنجی بۆ شتە جوانەکان ڕابکێشێ، بۆیە

لێکچوواندن ئەو مەبەستەی ئادەمیزاد وەدی دێنێت، کەواتە لێکچوواندن کۆمەلێک داوا و گرنگی هەیە لەوانە:

١. مەبەست لە لێکچوواندن زمانی تێگەیاندن و تێگەیشتنە و شتە نادیارەکان ئاشکرا دەکا.

٢. یەکێکی تر لە گرنگی لێکچوواندن ڕوونکردنەوەیە، سیفاتەکانی لێچوو و لەوچوو جوانتر و دیارتر ڕوون دەکاتەوەو وێنەیەکی جوان بەرهەم دێت.

٣. لێکچوواندن بناغەی هونەرێکی دیکەی ڕوونبێژییە، کە ئەویش (خواستن)ە.

٤. لێکچوواندن کاریگەری زۆرتر بۆ ئاخاوتن دروست دەکات.

٥. لێکچوواندن هەندێک جار وادەکات زیاتر لە لێکدانەوەیەکمان هەبێ بۆ وشەیەک، یان وێنەیەک، کە لەوچوو بێت، بەڵام ئەم وێنە و وشەیە واتای زیاتر لە سنوری وشەکان بگەینن و چەند لێیان وردبینەوە واتای زۆرتریان بۆ دروست دەبێت.

# بەشی دووەم: خوازە (المجاز)

## باسی یەکەم: درووست و جۆرەکانی

## باسی دووەم: پێناسەی خوازە

## باسی سێیەم: جۆرەکانی خوازە

## باسی چوارەم: پەیوەندییەکانی خوازە

## بەشی دووەم: خوازە (المجاز)

بۆ ئەوەی لە خوازە تێبگەین و باسیبکەین، زانایانی ڕەوانبێژی هەمیشە باسێکی دیکەیان پێشخستووە، کە ئەویش درووست (حەقیقەت)ە، چونکە ئەگەر لە درووست گەیشتین، ئەوا بۆمان ڕوونتر دەبێتەوە و دەزانین مەبەستمان لە خوازە چییە، چونکە خوازە پێچەوانەی درووستە لە ڕووی بەکارهێنانی واتای وشەکانەوە.. لەبەرئەوە لێرەشدا سەرەتا باسی درووست دەکەین، ئینجا دەچینە سەر خوازە و جۆرەکانی.

### باسی یەکەم: درووست و جۆرەکانی

### درووست (الحقیقه)

درووست لە ڕووی وشەییەوە: درووست زاراوەییێکە لە وشەی (حق)ی عەرەبییەوە وەرگیراوە، (حق)یش واتاییێکی چەسپاو و نەگۆری هەیە، لە ڕووی وشەییەوە هەندێک واتای تایبەتی هەیە، لەوانە فەراهیدی دەڵێت: (حەق پێچەوانەی ناهەقییە، هەندێک جار بەواتای واجب بوون دێت لە کاتێکدا، کە دەگوترێ: حەق ئەوەیە وەها بکەی. واتە: واجبە وەها بکەی، کەوابێ حەقیقەت ئەوەیە، کە واجب بوونی فرمانەکان و ئەرکەکان بەجێ دێنن)[1].

(ئەحمەدی کوری محەمەدی موقڕی)ش لە کتێبی (المصباح المنیر)دا هەمان قسەکانی فەراهیدی دەکات بە تۆزێک درێژکردنەوە، بەهەمان شێوە دەڵێت: (حەق پێچەوانەی ناهەقیە)[2] نمونەکانیشی زۆربەی نمونەکانی فەراهیدینە.

لە زمانی کوردیشدا (درووست) پێچەوانەی هەڵەیە، کە وابێ ئەگەر وشەیێک بۆ واتاییێک بەکارهێنرا، واتای خۆی بوو، ئەوە (درووست)ە و ئەگەرنا (هەڵە)یە، لە فەرهەنگی (خاڵ)دا بۆ واتای وشەی درووست، (شێخ محەمەدی خاڵ) پێی وایە: ((شتێکە ڕێکی دەستووری ئاسمانیی، یا زەمیینی بێ))[3]، (گیوی موکریانی)ش لە فەرهەنگی (کوردستان)دا هەمان قسەکانی (محەمەدی خاڵ) دەکات بە تۆزێک درێژکردنەوە، بە هەمان شێوە دەڵێ: ((شتێکە

---

(١) بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە: أبی عبدالرحمن الخلیل بن أحمد الفراهیدی، کتابُ العین، تحقیق: د. مهدی المخزومي، د. إبراهیم السامرائی، الجزء الثالث، دار الرشید للنشر، بغداد، ١٩٨١، ص٦.

(٢) بڕوانە: العالم العلامة أحمد بن محمد بن علی الفیومي المقرئ، المصباح المنیر (معجم عربی ـ عربی)، مکتبة لبنان ـ بیروت ـ لبنان، ١٩٨٧، ص٥٥.

(٣) شێخ محەمەدی خاڵ، فەرهەنگی خاڵ، جزمی دووەم، چاپخانەی کامەران، سلێمانی،١٣٨٣هـ ـ ١٩٦٤م، ل١١٦.

بەپێی دەستووری ئاسمانی، یان زەمینی ڕەوابێت، شیاو، ڕاست، کەسێکە ڕاست بێ و درۆ نەکا))[١]، واتە هەر وشەیەک بۆ واتای درووستی خۆی بەکاردێت.

کەوابێ لە فەرهەنگدا (دروست) = (حەق).. واتاییکی جێگیری هەیە، واتە: بەکارهێنانی هەرشتێک بەو هەقەی، کە لە بنجدا هەیەتی.

**درووست لە ڕووی زاراوەییەوە:** حەقیقەت لەوە هاتووە، کە سەعدەدین تەفتازانی لە کتێبی (المطول)دا دەڵێت: ((درووست ئەو وشەیەیە، کە بۆ واتای فەرهەنگی خۆی بەکارهاتبێت))[٢]، بە هەمان واتا، گوتراوە: ((درووست بریتییە لەو وشەیەی، کە بۆ واتای خۆی بەکارهاتووە))[٣]، واتە: واتای فەرهەنگی وشەکە نەگۆردرێت، هەر بۆ هەمان واتای خۆی بەکاربێت، کە لە فەرهەنگدا بۆی دانراوە، بەڵام زانایانی ڕەوانبێژی بۆ جۆرەکانی درووست چەند جۆرێکیان دەستنیشانکردووەو زیاتریان خوردکردۆتەوە، لەم ڕووەوە باسی درووستیان کردووە، گووتویانە: ((درووستی زمانی ئەو درووستەیە، کە لە سنووری تاکە وشەدا بەرجەستە دەبێ))[٤]، بۆ نمونە: مەبەستمان لە گوڵ هەر گوڵە کە لە فەرهەنگدایە، مەبەستمان لە باران، ئەو دڵۆپە ئاوانەیە، کە لە ئاسماندا دەبارێت، مەبەستمان لە خۆر ئەو خۆرەیە، کە بەیانی لە ڕۆژهەڵاتدا هەڵدێ و ئێوارە لە ڕۆژئاوادا ئاوادەبێ، بەڵام ((درووستی ئەقڵی ئەو درووستەیە، کە لە سنووری ڕستەدا دێت))[٥]، بۆ نمونە: کە دەڵێین منداڵەکە گریا، مەبەستمان لە بەکارهێنانی هەر یەکە لە واتاکانی ئەو وشە بەکارهاتووانەیە، کە بۆ واتای فەرهەنگی خۆیان بێت.

(عەزیز گەردی) لە کتێبی ڕەوانبێژی لە ئەدەبی کوردیدا، باسی درووستی کردووەو دەڵێت: ((درووست بریتییە لەو مانایەی، کە ووشەکە لە بنچینەدا بۆی دانراوە بێ هیچ پێچ و پەناو هێنان و بردنێک))[٦]، واتە هەر وشەیەک لە هەر زمان و شێوەزارێکدا بێت، بۆ ئەو واتایە بەکاردێت، کە لە فەرهەنگدا بۆی دانراوە، بۆ واتایەکی تر نەخوازراوە.

---

(١) گیوی موکریانی، فەرهەنگی کوردستان، ل٤٤٧.

(٢) سعدالدین مسعود بن عمر التفتازانی، المطول شرح تلخیص المفتاح، ص٦٤.

(٣) الشیخ الامام عبدالرؤوف بن المناوی، التوقیف علی مهمات التعاریف، تحقیق: د. عبدالحمید صالح حمدان، الطبعة الاولی، عالم الکتب، القاهرە، ١٤١٠هـ ـ ١٩٩٠م، ص١٤٤.

(٤) محمد علی التهانَوی، موسوعة کشاف اصطلاحات الفنون والعلوم، تحقیق: د. علی دحروج، الجزء الاول، الطبعة الاولی، مکتبە لبنان ناشرون، بیروت ـ لبنان، ١٩٩٦، ص٦٨٤.

(٥) محمد علی التهانَوی، موسوعة کشاف اصطلاحات الفنون والعلوم، ص٦٨٤.

(٦) عەزیز گەردی، ڕەوانبێژی لە ئەدەبی کوردیدا، بەرگی یەکەم، ڕوونبێژی، ل٦٥.

**جۆرەکانی درووست**

سەبارەت بە جۆرەکانی درووست، لە زانایانی ڕەوانبێژی هەیە، درووستی کردووەتە سێ جۆر، ئەوانیش بریتینە لە: درووستی شەڕعی، درووستی عورفی، درووستی زمانی، بەڵام لە ڕاستیدا درووستی شەرعی و درووستی عورفییە، کە ئەمانە باسکردنی ڕەگ و ڕیشەی وشەکانن، کە لە بنجدا واتایەکیان هەبووە، بەڵام لە شەڕع و عورفدا واتایەکی تایبەتیان بۆ درووستکراوە بۆ نمونە وشەی (جن) لە زمانی عەرەبیدا لە بۆ هەموو داپۆشراوێکی ئەسڵی و درووستکراو (مەبەستی لە داپۆشراوی ئەسڵییە بۆ نمونە عەوڕەتی مرۆڤە)، وە مەبەست لە داپۆشراوی درووستکراو، بۆ نمونە: پەڵەیەک بە ڕوخساری مرۆڤـ دەکەوێت لە ئەنجامی هەر بەرکەوتنێک ڕوخسارەکەی دەشەوێنێت، بۆیە خاوەنەکەی هەوڵ دەدات ئەم پەڵەیە بشارێتەوە بەهەر شێوەیەک لە شێوەکان بێت.

لە زمانی عەرەبیدا وشەی جن، کە درووستێکی عورفییە بەم شێوەیە درووستبووە، چونکە بە هەموو شاردراوەو پۆشراوێک دەگوترێت لە فەرهەنگی زمانی عەرەبیدا، بەڵام دواتر وشەی جن تایبەتکراوە بە جۆرێک لە خولقێنراوەکانی خودا، ئەوەش بێگومان لەبەر ئەوەی ئەوانیش لەبەر چاوی مرۆڤدا شاردراوەو مرۆڤـ ناتوانێت بییانبینێت[1].

راجی ئەسمەر لە کتێبی (علوم البلاغە)دا ئەویش درووستی کردۆتە سێ بەش، هەمان ئەو سێ بەشانەیە، کە (د. ئینعام) ئاماژەی بۆ کردبوون، تەنها ناوی حەقیقەتی عورفی دەگۆڕێت بۆ حەقیقەتی ئیستلاحی[2]، بەڵام (د. عقید خالد حمودی العزاوی) لە کتێبی (البحث البلاغی عند الاصولیین)، درووستی کردۆتە بە چوار بەش، ئەوانیش بریتینە لە: (درووستی عورفی، درووستی شەڕعی، درووستی زمانی، درووستی ئیستلاحی) [3]، بەڵام درووست لە ڕوانگەی بەلاغییەکانەوە بەشێوەیەکی گشتی دوو جۆرە، ئەوانیش بریتینە لە: درووستی وشەیی و درووستی واتایی، ئێمەش ئەوەیان پەسنەند دەکەین.

---

(١) إنعام فوال عكاوی، المعجم المفصل في علوم البلاغة البديع و البيان و المعاني، ص٥٤٦ و ٥٤٧.

(٢) بڕوانە: راجی الأسمر، علوم البلاغة (الموسوعة الثقافية العامة)، دار الجيل، بيروت ـ لبنان، ١٤٢٦هـ ـ ٢٠٠٥م، ص٩٤.

(٣) أ. م. د. عقيد خالد حمودی العزاوی، البحث البلاغي عند الاصوليين، الطبعة الاولى، دار العصماء، سورية ـ دمشق، ١٤٣٣هـ ـ ٢٠١٢م، ص١١٥.

**١. درووستی وشەیی**

((مەبەست لێی بەکارهێنانی تاکە وشەیە بۆ ئەو واتایەی لە بنجدا بۆی دانراوە، وەکو قەڵەم بۆ ئامرازی نوسین و شێر ئاژەڵێکی بەهێزی دڕندەیە، کە بەم ناوە دەناسرێ))[١]، یان بەشێوەیەکی ڕوونتر: بریتییە لە بەکارهێنانی تاکە وشە، جا هەر وشەیێک بێ، بۆ ئەو واتایەی لە بنجدا وشەکە بۆی درووست بووە، وەکو (بەرد) بۆ (بەرد) و (ئاسن) بۆ (ئاسن) و (زێر) بۆ (زێر) و بەم شێوەیە. ئیتر کە دەڵێین (بەیبون) مەبەستمان لێی ئەو گوڵەیە، کە لەباخچەدا شین دەبێت.. بۆ نمونە:

کوردینە بە گەل بێنەوە وا وەختی سرووورە
وەختی گوڵ و ((ڕێحانە)) وو ((ئەسرین)) و ((چنوور))ە ... ل٩٠.

(گوڵ)، (ڕێحانە)، (ئەسرین)، (چنوور)، هەموو ئەوانە بۆ واتای تایبەت و درووستی خۆیان بەکارهێنراون، (درووستی وشەیی)نە.

**٢. درووستی واتایی**

((هەرچی درووستی واتاییە، ئەمەیان لە سەر بنەمای درانەپاڵ دادەمەزرێ، واتە: درانەپاڵی واتا بۆ خاوەنی درووستی خۆی، وەکو حیلاندن بۆ ئەسپ، خوێندن بۆ باڵندە، قسەکردن بۆ مرۆڤ جا دەڵێین: ئەسپەکە حیلاندی، باڵندەکە خوێندی، محەمەد قسەی کرد، بەڵام ئەگەر هاتوو کردەی خوێندمان دایە مرۆڤ بۆ نمونە گوتمان گۆرانی بێژەکە خوێندی، لێرەدا درانەپاڵەکە دەبێتە درانەپاڵێکی خوازەیی نەک درووست، چونکە خوێندن بەمانای (التغرید)ی عەرەبی دێت، سیفەتی باڵدارە نەک سیفەتی مرۆڤ))[٢]، بۆیە ئەم دراوەپاڵە پێی دەوترێت دراوەپاڵی خوازەیی نەک درووست.

درووستی واتایی مەودایەکەی فراوانترە لە درووستی وشەیی، لە بەرئەوەی لە سنووری ڕستەدا دەبێ، یاخود لە سنووری گرێدا، ئەمەش لەسەر درانەپاڵی سیفەتێک، یان فرمانێک بۆ خاوەنی ڕاستەقینەی خۆی دادەمەزرێت، واتە مانایەکی دیاریکراو بدرێتەپاڵ خاوەنە درووست و ڕاستەقینەکەی خۆی.. بۆ نمونە:

---

(١) یوسف ابو العدوس، مدخل الى البلاغة العربیة (علم المعانی ـ علم البیان ـ علم البدیع)، الطبعة الثانیة، دار المیسرة للنشر والتوزیع و الطباعة، عمان ـ الاردن، ١٤٣٠هـ ـ ٢٠١٠م، ص١٧٠.
(٢) یوسف ابو العدوس، مدخل الى البلاغة العربیة (علم المعانی ـ علم البیان ـ علم البدیع)، ص١٧٠.

گەرەکتە گەر نەکەی وەختێ کە چوویتە شاری ((تەق تەق)) تەق
دەخیلت بم نەکەی قەت جێ بە تەیری ((حاجی لەق لەق)) لەق... ل١١٦.

(لەق) واتە (لەقکردن) بۆ (حاجی لەق لەق) بەکارهاتووە، کە جێیان پێ لەق مەکە، ئەمەش دروستی واتاییە.

**باسی دووەم: پێناسەی خوازە**

خوازە جۆرێکە لە جۆرەکانی هونەری ڕەوانبێژی و ڕۆڵێکی گرنگ لە پێکهێنانی بنیاتی شیعری پێکدەهێنێت، خوازە لە زمانی کوردیدا بۆ واتای ئەو وشەیە بەکاردێ، کە لە زمانی عەرەبیدا پێی دەگوترێ: مەجاز.

**خوازە لە ڕووی وشەییەوە:** عەرەب (المجاز)ی پێدەڵێن... لای ئەوان مەبەست لە مەجاز بە واتای ڕێگەپێدان هاتووە، لە فەرهەنگەکانیاندا بەم شێوەیە باسکراوە، لە فەرهەنگی (لسان العرب)دا واتە: ((چووە نێو ڕێیەکەو گرتییەبەر))[1]، لە فەرهەنگی (محیط المحیط)یشدا، مەجاز وەکو وشە بە مانای ((ڕێگەپێدراو دێت، واتا: بەو ڕێیەدا ڕۆیشت، کە بۆی ئاساییە، ڕێگەپێدراوە))[2].

لە کوردیشدا مەبەست لە خوازە: ئەو وشەیەیە، کە بە واتای داواکردن و خوازبێنی کردن دێت، لە فەرهەنگی (هەنبانە بۆرینە)دا گەلێ واتای وشەیی بۆ لێدروستبووەکانی خوازە نوسیووە، لەوانە: ((خوازتن: داواکردن، ئارەزوکردن، خوازراو: داواکراو، خوازتنەوە: بەئامانەت وەرگرتن))[3]، لەفەرهەنگی (کوردستان)یشدا ئەم زاراوانە بۆ خوازە دیاریکراوە لەوانە: ((خووازە: خووایشت، خووازەڵۆک: سووالکەر، خووازەکار: دەرۆزەکار، خووازبێنی: داخوازی))[4]، کەواتە خوازە لە زمانی کوردیدا بە واتای خوازتمان و خوازتنی شتێکە لە کەسێکی تر.

خوازە لە ڕووی زاراوەییەوە: مەجاز لە زانستی ڕەوانبێژیدا (خوازە)ی پێدەگوترێت، لەبەر ئەم گرنگییەی خوازە ڕەوانبێژانی عەرەب دەڵێن: ((عەرەب بە زۆری خوازە

---

(١) الإمام العلامة أبی الفضل جمال الدین محمد بن مکرم ابن منظور الافریقی المصری، لسان العرب، المجلد الخامس، دار صادر، بیروت، بدون سنة الطبع، ص٣٢٦.

(٢) المعلم بطرس البستانی، محیط المحیط (قاموس عصري مطول للغة العربیة)، الجزء الثامن، الطبعة الاولی، دار الکتب العلمیة، بیروت ـ لبنان، ٢٠٠٩، ص٢١٥.

(٣) هەژار، هەنبانە بۆرینە، ل٢٤٨.

(٤) گیوی موکریانی، فەرهەنگی کوردستان، ل٣٨٤.

بەکاردەهێنن و بە دیاردەیەکی پڕ لە شانازی نێو ئاخاوتنەکانیانی دەزانن، پێیان وایە: مەجاز فەساحەت و لوتکەی دەربڕینی بەلاغییە، لەم ڕێگەیەشەوەیە پێیان وایە زمانەکەیان بەپێش زمانەکانی دیکە کەوتووە))[١].

(د.ئیدریس) یش بەم شێوەیە ڕێژەی دیاریکردووە و دەڵێت: ئێمەی کوردیش پێمان وایە نەک بەتەنیا لە زمانی عەرەبی بەڵکو لە زمانەکانی تر و لە زمانی کوردی بە تایبەت، ڕێژەی بەکارهێنانی خوازە لە نێو زمانی قسەکردن و ئەدەبیاتی فۆلکلۆر و بە تایبەتیش ئەدەبیاتی کۆن و نوێمان ڕێژەیەکی یەکجار بەرزە، بەلایەنی کەم (٥٠%)ی دەربڕینەکانی ئاخاوتنمان خوازەن و لە نێو ئەدەبیشماندا بۆ (٨٠%) و (٩٠%)یش بەرز دەبێتەوە، ئەمەش لەوەوە سەرچاوە دەگرێ، کە ئەو کەسەی بیری خۆی دەردەبڕێ جا بە ئاخاوتن بێ یان بە نوسین هەمیشە پێی خۆشە بە نوێترین شێواز قسە بکات، بۆ ئەوەی زۆرترین کاریگەر درووست بکات، لێرەشەوەیە ئەو ڕێژە زۆرەی خوازە بە هەموو شێوەکانی خوازەی ژیری و خوازەی زمانی و خواستنەکان و شێوازە خوازەییەکان، تەواوی بەشەکانی ئاخاوتن لە هەردوو بەشی سەرەکی ئاخاوتندا، کە (هەواڵ و دارشتن)ە ببتە شێواز و دەربڕینی خوازەیی[٢].

جورجانی دەڵێت: ((هەر وشەیەک مەبەست لێی غەیری ئەو واتایە بێ، کە لە بنجدا بۆی دانراوە ئەوە خوازەیە))[٣]، (سەکاکی)ش بە هەمان شێوە باسی خوازە دەکات و بە شێوەیەکی ڕوونتر پێناسەی خوازەی کردووەو دەڵێت: ((خوازە بریتییە لە وشەی بەکارهێنراو بۆ غەیری ئەو واتایەی لە بنجدا بۆی دانراوە (...)، لەگەڵ بوونی قەرینەیەک، کە ڕێگری بکات لەوەی وشەکە بۆ واتای درووستی خۆی بەکارهێنرابێ))[٤]، (عەلەوی)ش دەڵێت: ((وشەی بەکارهاتوو لە شوێنێکی جیا لە شوێنی بنجی خۆی، ناو دەنرێ بە خوازە))[٥].

کەواتە: ڕەوانبێژان لە بارەی چەمکی زاراوەی (خوازە)وە هەمان بیرو بۆچوونیان هەیە، تەنیا لە شێوازی دارشتنیان بۆ پێناسەکانیان لە یەکێکەوە بۆ یەکێکی تر جیاوازییان هەیە، کە ئەوە شتێکی ئاساییە، بۆیە (ابن الاثیر) بە هەمان شێوە دەربارەی خوازە دەڵێت: ((خوازە ئەو وشەیەیە، کە مەبەستی لە بەکارهێنانی واتایەکی دیکەیە، جیاوازە لەو واتایەی لە نێو زماندا

---

(١) ابی علی الحسن بن رشیق القیروانی، الازدی، العمدة، الجزء الاول، الطبعة الخامسە، دار الجیل، سوریا، ١٤٠١هـ ١٩٨١م، ص٢٦٥.

(٢) بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە: د. ئیدریس عەبدوڵڵا، شێواز و شێوازگەری، چاپی یەکەم، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، هەولێر، ٢٠١٠ ـ ٢٠١١، ل٦٥ و ٦٦.

(٣) الشیخ الإمام أبی بکر عبدالقاهر بن عبدالرحمن بن محمد الجرجانی النحوی، أسرار البلاغة، قرأة وعلق علیه: محمود محمد شاکر، مطبعة المدنی، القاهرة، بدون سنة الطبع، ص٣٥١.

(٤) أبی یعقوب یوسف بن محمد بن علی السکاکی، مفتاح العلوم، ص٤٦٨.

(٥) یحیی بن حمزه بن علی بن ابراهیم العلوی الیمنی، الطراز (المتضمن لأسرار البلاغة و علوم حقائق الاعجاز)، الجزء الاول، ص٦٣.

وشەکە هەیەتی))[١]، (د. محمد حسین)یش هەر ڕایەکەی (جورجانی) دێنێتەوەو پێی وایە: ((مەجاز لە ڕووی وشەییەوە لە ڕەها بوونی ئەنجامدانی شتێکەوە دێت، ئەگەر بێتو لە یاسا لایدابێ (...)، بەوەش وەسف دەکرێ کە ڕێگەپێدراو (مجاز)ە، ئەمە بەو واتایەی کە دەربڕینەکەیان لە شوێنی درووستی خۆی لابرووە یان وشەکەیان لە شوێنی دیکە بەکارهێناوە))[٢]. واتە بەکارهێنانی وشەیەک، کە گواستراوە لە شوێنی خۆی لە زماندا بۆ واتایەکی تر، یان بە واتایەکی تر خوازە بریتییە لە: ((بەکارهێنانی وشە بۆ غەیری ئەو واتایەی لە بنجدا بۆی دانراوە، واتا: بەکارهێنانی وشەکە بۆ مانایەکی دووەم، کە بەبەریدا دەکرێ، ئەمەش چەند جۆرێکە وەکو خوازەی ڕەها و خوازەی خواستن و خوازەی بەلابردن و خوازەی ژێری))[٣].

خوازە بەر لەوەی زاراوەیەکی ئەدەبی بێت، زاراوەیەکی زمانەوانی گرنگە و لە فەرهەنگی زمانی میللەتاندا بەدی دەکرێت، لە زمانی ئینگلیزیدا (Allegory) بۆ دانراوە، هەروەک لە پێناسەیەکدا بۆ خوازە گوتوویانە: خوازە واتای ئەوە دەگەیەنێت، کە چیرۆکێک یان وێنەیەکی بینراو یان وشەیەک، واتای دووەمی جیاوازترە لەو واتا ئاساییەی، خۆی هەیەتی، ئەو واتا جیاوازەش خۆی لەپشت واتا باوەکەی حەشارداوە[٤]. مامۆستا (عەلائەدین سەجادی)ش باسی خوازە و درکە پێکەوە دەهێنێتەوە و جیاوازییان دەکات، لە جیاوازی کردنەکەیدا تەنیا پێناسەی خوازە وەردەگرین، کە دەڵێت: ((ئەو وشەیەیە لە کاتی خۆیا بۆ گوزارەیەکی تایبەتی دانراوە، ئەو گوزارەیە بووە بە گوزارەیەکی ڕاستە و ڕاستی وشەکە، ئێستەکە هێنراوە و گوێزراوەتەوە بۆ گوزارەیەکی تر))[٥]،

بۆ نمونە: گوڵەکە گریا، ئەگەر لەم دەربڕینە (گوڵەکە) خوازە بێ، (گریان)ەکە درووست بێ، ئەوە کەوابێ (گوڵەکە) لە باتی کەسێک بەکارهاتووە، کە لە هەندێ ڕووەوە وەکو جوانی و پاکی و هێمنی و... هتد، وەکو (گوڵ) وابووە، بۆیە قسەکەر یەکسەر گوتی (گوڵەکە گریا) نەیگوت ئەو منداڵەی لە جوانی و پاکی و هێمنی وەکو (گوڵە) گریا، چونکە لە وێنە خوازەییەکە کورتبڕییەکی خۆش و ئاسان و جوان و ڕەوان هەیە لە بنیاتی بنجی دەربڕینەکە، کە لە وێنە لێکچوواندنەکە هاتووە، درێژ بڕییێکی زەحمەت و ناخۆش هەیە.

---

(١) فی ادب الکاتب والشاعر لضیاءالدین بن الأثیر، المثل السائر، قدمە و علق علیە: د. احمد الحوفی، د. بدوی طبانە، القسم الاول، دار نهضە مصر للطبع و النشر، الفجالە ـ القاهرە، دون سنة الطبع، ص٨٤.

(٢) محمد حسین علی الصغیر، الصورة الفنیة في المثل القرآني، دار الرشید للنشر، العراق، ١٩٨١، ص١٥٠.

(٣) المعلم بطرس البستاني، محیط المحیط، الجزء الثامن، ٢٠٠٩، ص٢١٥.

(4) Baldick، Chris، *The Concise Oxford Dictionary of Literary Terms, Oxford*: Oxford University Press, 2001, p: 6.

(٥) عەلائەدین سەجادی، خۆشخوانی (گوزارەکاری، ڕەوانکاری، جوانکاری)، ل ٥٥ ـ ٥٦.

لە كۆی ئەو پێناسانەی سەرەوەدا گەیشتنە ئەوەی، خوازە دیاردەیەكی زمانییە بەتەنیا تایبەت نیە بە زمانێك جیا لە زمانەكانی دی، دروستبوونی ئەم دیاردەیەش پەیوەستە بە بەرەو پێشچوونی زمانی، بە كورتی دەتوانین بڵێین: خوازە بریتییە لە بەكارهێنانی وشەیێک بۆ بێجگەی ئەو واتا فەرهەنگییە درووستەی هەیەتی، یان گواستنەوەی واتاكەی لە شوێنی ڕەسەنی خۆی بۆ شوێنێكی تر، بە هۆی بوونی قەرینەیەک لە نێوان هەردوو واتای درووست و خوازراودا، بەشێوەیەک، كە پێویستە ئەوە دەربخا ئەم وشەیە واتا خوازراوەكەی مەبەستە، نەک بۆ واتای درووست بەكارهێنرابێت.

## حاڵەتی خوازە (مجاز) لە زماندا

وەک لە پێناسەكانی پێشوو دەركەوت لە زماندا زۆرجار دیاردەی خوازەیی (مجاز) درووست دەبێت ئەمەش مانای وایە وشە دەكرێ بۆ واتایەكی دووەمیش، كە جیا لە واتای بنجی خۆی بەكاربهێنرێ، ڕەوانبێژان لەم بارەیەوە دەڵێن: ((هەروەكو چۆن ئادەمیزاد ڕێگەی خۆی یان هەنگاوەكانی خۆی لە سەر ڕێگایەكەوە بۆ ڕێگایەكی تر دەگوازێتەوە، بەهەمان شێوە (وشە)ش شوێنی خۆی دەگۆرێ لە واتایەكەوە بۆ واتایەكی نوێ وەردەچەرخێ، چونكە بۆ غەیری واتای بنجی خۆی بەكارهێنراوە، كەوابێ خوازە بەرەوپێش چوون و گەشەكردنی واتای وشەیە هەروەها باركردنیەتی بە واتا نوێیە داهێنراوەكان، لە كاتێكدا لە فەرهەنگدا وشە خوازراوەكە ئەو واتایەی نەبوو))[1].

## هۆی دروستبوونی خوازە

دەشێ ئەوە بڵێین لای عەرەب (ئیبن و جنی) یەكەم ڕەوانبێژ بێ، هاتبێ پێناسەی بۆ خوازە كردبێ، كە پێی وابووە خوازە پێچەوانەی درووست بێت، هۆی دروستبوونی خوازە لە ڕوانگەی (ئیبن و جنی)یەوە: ((بۆ سێ هۆكار لە (درووست) هەقیقەت لا دەدات، بریتینە لە فراوان بوون و جەخت كردنەوەو پوختكردنەوەی لێكچوواندن، ئەگەر هاتوو ئەم سێ وەسفە لە هەر دەربڕینێكدا نەبن ئەوا بە درووستی تەواو دادەنرێت))[2]. واتا ئەگەر هەر

---

(١) محمد حسين على الصغير، الصورة الفنية في المثل القرآني، ص١٥٠.

(٢) أبى الفتح عثمان بن جني، الخصائص، تحقيق: محمد على النجار، الجزء الثاني، الطبعة الرابعة، دار الشؤون الثقافية العامة، العراق ـ بغداد ـ اعظمية، دون سنة الطبع، ص٤٤٤.

وشەیەک بۆ واتای پوختکردنەوەی لێکچوواندن و فراوان بوونی واتا و جەختکردنەوە هات، ئەوا ئەو وشەیە بە خوازە دادەنرێت.

### حەقیقەتی خوازە

خوازە بە شێوەیەکی داهێنەرانە لە زمانەکاندا دروست دەبێت، ((ئەم پێکهاتە زمانییەی خوازە پەیوەندییەکی بەتینی بەوەوە هەیە، کە لە دەروونەکاندا دەخولێتەوە، لە وێنە و واتا و هەڵچوونە لێکدراوەکان لەگەڵ یەکتردا، بەواتایەکی تر، پەیکەرە وشەییە خوازەییەکان لە واقیعدا هیچ نین تەنیا ئەوە نەبێ درێژەوەبووی ئەزمونی ئەو خوازە لێکدراوەن، کە هەر کەسێک مەبەستیەتی))[١]، بەگشتی بابەت و بەکارهێنانی خوازە زۆر بڵاوە لە زماندا.

### باسی سێیەم: جۆرەکانی خوازە

هونەری خوازە بەشێوەیەکی سەرەکی دابەش دەبێتە سەر دوو جۆر، ئەوانیش بریتینە لە: (خوازەی زمانی و خوازەی ژیری).

### یەکەم: خوازەی زمانی (المجاز الغوی)

((بریتییە لەو وشەیەی بۆ واتایەکی جیا لە واتای بنجی خۆی بەکاردەهێنرێ لەبەر پەیوەندییەک، لەگەڵ قەرینەیەک، کە ئەو قەرینەیە رێگری لەوە دەکات وشەکە بۆ واتای درووست بەکارهێنرابێ))[٢]، سەبارەت بەو پەیوەندییەش، کە لەنێوان واتای درووست و واتای خوازەیی وشەکاندا هەیە، ((دەشێ پەیوەندییەکە لێکچوون بێ، دەشێ پەیوەندییەکە بێجگە لە لێکچوونیش بێ))[٣].

خوازەی زمانی یەکێکە لە دوو جۆرەکەی خوازە، ((ئەو خوازەیە لە تاکە وشەدا هەیە، بەڵام دەشێ (لە پێکهاتەشدا هەبێ هەروەکو لە خواستنی تەمسیلی دەبینرێ) درانەپاڵی ئەم خوازەیەش وەکو درانەپاڵی خوازەی ژیری نییە، بۆیە لەم پێناسەیەدا گوتوویانە: خوازەی زمانی بریتییە لە بەکارهێنانی وشە یان پێکهاتە لە غەیری ئەو واتایەی لە باری درووستدا هەیانە، لەگەڵ بوونی قەرینەیەک، جا ئەگەر پەیوەندییەکە پەیوەندی لێکچوون بوو لە نێوان واتای درووست و واتای خوازەییی وشەکە، ئەوە جۆری خوازەکە خواستنە، ئەگەریش

(١) مهدی صالح السامرائي، المجاز في البلاغة العربية، الطبعة الاولى، دار ابن كثير، بيروت ـ لبنان، ١٤٣٤هـ ـ ٢٠١٣م، ص٢٣٥.

(٢) على الجارم، مصطفى أمين، البلاغة الواضحة (البيان، والمعانى، والبديع)، المكتبة العلمية، بيروت ـ لبنان، دون سنة الطبع، ص٦٦.

(٣) سەرچاوەو لاپەڕەی پێشوو.

پەیوەندییەکە لە سەر بنەمای لێکچوون نەبوو، ئەوە خوازەی ڕەهایە))[1]، مەبەست لە قەرینەش ((ئەویش دەشێ وشەیی بێ یا وەخود حاڵی بێ))[2]، بە واتایەکی تر دەتوانین بڵێین خوازەی زمانی ((بریتییە لە واژەیێک کە، بە دوو شەرت لە غەیری مانای ڕاستەقینەکەی خۆی دا بەکاربری:

**ئەوەل:** دەبێ علاقە و پێوەندێکی لە نێوان ئەو دوو مانایەدا بێ.

**دوهەم:** پێویستە نیشانە و قەرینەییکیش هەبێ کە نەهێلی ئیرادەی مانای ڕاستەقینەی واژەکە بکرێ))[3].

بۆ نمونە: وشەی (دەست) لە فەرهەنگەکانی زمانی کوردیدا بە واتای (پەلی ئادەمیزاد لە شانیەوە تا پەنجەکانی) دێت، بەڵام ئەم وشەیە لە نێو ئەدەبیاتدا، چ سەرزاری و چ نووسراویش بۆ واتای دیکەش هاتووە، ئەویش هێزێکی یارمەتیدەرە، ئەوەتا کە دەڵێین: (فلان بە دەستە) یان (دەستێکی درێژی هەیە) ئەمە مانای ئەوە نیە، کە ئەو کەسە دەستی هەبێ، هەموو کەس دەزانێ مەبەست لە (دەست)، دەسەڵاتە، چونکە دەستەکە باسێکی هۆیی (سەبەبی)یە بۆ دەسەڵات، بەوەش کەوابێ (دەست) جگە لە واتا فەرهەنگی و بنجییەکەی ئەم واتا نوێیەشی هەیە.

سەبارەت بە جۆریش، ئەوا (خوازەی زمانی) دابەش دەبێتە سەر دوو جۆر، ئەوانیش بریتینە لە: (خواستن و خوازەی ڕەها).

### أ. خواستن (الاستعارە)

ئەمەیان باسێکی دوورو درێژە، بۆیە دواتر لە بەشی سێیەمدا بە تێرو تەسەلی باسی لێوە دەکەین.

---

(١) محمد هيثم غرة، البلاغة من منابعها، القسم الثانى، البيان و البديع، دار الرؤية، دمشق ـ سوريا، ١٤٢٨هـ ـ ٢٠٠٧م، ص٦٥.

(٢) على الجارم، مصطفى أمين، البلاغة الواضحة (البيان، والمعانى، والبديع)، ص٦٦.

(٣) محمد سعيد ابراهيم محمدى، گۆشتێ لە علمی بەلاغە (معانی، بیان، بدیع، عروض، قافیة)، اذربایجان غربی، مهاباد، ١٣٦٤، ل٤٨.

## ب. خوازەی ڕەها (المجاز المرسل)

((بریتییە لە بەکارهێنانی وشە بۆ واتایەک، جیایە لەو واتایەی لەبنجدا بۆی دانراوە، لەبەر پەیوەندییەک کە پەیوەندی لێکچوون نیە، لەبەر ئەوەش پەیوەندییەکانی غەیرە لێکچوون زۆرن، بۆیە ناونراوە بە خوازەی ڕەها))(١)، پەیوەندییەکانی نێوان واتای درووست و واتای خوازراو، کە دەبنە هۆی دروستبوونی وێنەی خوازەی ڕەها زۆرن، بۆیە زانایان ئاماژەیان بۆ ئەوەش کردووە، گوتوویانە: ((خوازەیەکە بە پەیوەندی نێوان واتای درووست و واتای خوازەیی لە سەر بنەمای غەیری لێکچوون درووستکراوە))(٢)، واتە: لێرەدا پەیوەندی نێوان واتای درووست و واتای خوازەیی لێکچوون نییە، بەڵکو دەشێ پەیوەندی لە یەکجیا بێت، بە واتایەکی تر خوازەی ڕەها ((بریتییە لە بەکارهێنانی وشە بۆ مانایەکی تری جیا لە مانای بنەڕەتی خۆی، بەهۆی بوونی پەیوەندییەک لە نێوان هەردوو مانادا، ئەم پەیوەندییەش لێکچوون نەبێ، نیشانەیەکیش هەبێ ڕێگری مانای یەکەم بکات))(٣).

## دووەم: خوازەی ژیری (المجاز العقلی)

((بریتییە لە درانەپاڵی فرمان، یان ئەوەیە کە لە واتای فرمانی بێ بۆ غەیری ئەوەی هی خۆیەتی، ئەمەش لەبەر بوونی قەرینەیەک، کە ڕێگری دەکات لەوەی دراوەپاڵەکە دراوەپاڵی درووست بێت))(٤)، واتە: ئەم جۆرەی خوازە لەسەر بنچینەی عەقڵ دروست دەبێت، نوسەری (علوم البلاغة) لە زنجیرە کتێبەکانی (الموسوعة الثقافية العامة)دا هەمان پێناسەی سەروویان کردووە بۆ خوازەی ژیری گوتوویانە: ((درانەپاڵی فرمان و ئەوەی لە شێوەی فرمانە بۆ غەیری خاوەنی درووستی خۆی، کە ئەمە بە پەیوەندییەکی بێجگەی لێکچوون درووستبووە))(٥)، (محمد بن صالح عثيمين)یش هەر بە هەمان شێوەو بە زیادییەکی کەم لەوانەی سەروو وتوویەتی: خوازەی ژیری ((بریتییە لە درانەپاڵی فرمان، یان ئەوەی لە شێوەی فرمانە، بۆ غەیری ئەوەی هی خۆیەتی لە ڕواڵەتدا لە لایەن قسەکەردا، ئەوەش لەبەر بوونی پەیوەندییەک))(٦).

لە ئەدەبی کوردیشدا سەبارەت بەم جۆرەی خوازەیە (عەلائەدین سەجادی) بەم شێوەیە باسی دەکات و دەڵێت: ((ئەوەیە کە نسبەتی شتێک بدرێتە لای شتێکی تر، کە ئەم

(١) محمد هيثم غرة، البلاغة من منابعها، القسم الثاني، البيان و البديع، ص٦٥.

(٢) محمد ربيع، علوم البلاغة العربية، الطبعة الاولى، دار الفكر، عمان ـ الاردن، ١٤٢٨هـ ـ ٢٠٠٧م، ص٦٣.

(٣) موحسین ئەحمەد مصطفى گەردی، بەهاری ڕەوانبێژی (واتاناسی، ڕوونبێژی، جوانکاری)، ل١٧٣.

(٤) مسعد الهواري، قاموس قواعد البلاغة و أصول النقد والتذوق، مكتبه الايمان، دون سنه الطبع، ص٥٦.

(٥) راجي الأسمر، علوم البلاغة (الموسوعة الثقافية العامة)، ص٩٦.

(٦) محمد دياب، حنفي ناصف، سلطان محمد، مصطفى طموم، شرح دروس البلاغة، شرح: محمد صالح العثيمين، الطبعة الاولى، مكتبه المحمدي، مصر، ١٤٢٦هـ ـ ٢٠٠٥م، ص١٣٣.

نسبەتە لە ڕاستیدا حەق نیە لەو بدرێ))[1]، کەواتە ئەم جۆرە خوازەیە بە خستنەپاڵ دروست دەبێت و شتێک بدرێتەپاڵ شتێکی تر، کە لە ڕاستیدا حەق نییە ئەو شتە بدرێتە ئەو، بۆ نمونە: دەگوترێت (هەولێر هۆلاکۆی بەزاند)، ئەمە ڕستەیەکە گوزارشتکەرە، واتایەکی سیاسی و شانازییەکی گەورەی لە خۆدا هەڵگرتووە، چونکە هۆلاکۆ بە هۆی سوپاکەی ئەو هەموو وڵات و دەوڵەتە گەورانەی داگیر کرد، لەبەردەم قەڵای هەولێردا بشکێ، ئەمە بێگومان شانازییەکی گەورەیە بۆ هەولێرییەکان، بەڵام ئەمە هەموو شعرییەتی ئەم ڕستەیەی بەرهەم هێناوە، دەنا مەبەست لە (هەولێر) هەولێری شارنیە، بەڵکو خەڵکی هەولێرە، کە قەڵایەکی سەختیان دروستکردووە، ئەم قەڵایە بووەتە هۆکارێکی باش بۆ خۆڕاگرییان و پارێزراو بوونیان، مەبەست لە (هۆلاکۆ)ش خودی هۆلاکۆ نیە، چونکە هۆلاکۆ نەهاتۆتە هەولێر، بەڵام مەبەست لە (هۆلاکۆ) سوپاکەی هۆلاکۆیە، کە ئەوان بە هەولێردا تێپەربوون و کە بینییان قەڵاکەی هەولێر سەختە و بەباشی پارێزراوە، بۆیە نەیانتوانی داگیری بکەن و بەجێیان هێشت.

کەوابێ لەم ڕستەیەی سەرەوودا چ هەولێر و چ هۆلاکۆش هەردووکیان خوازەنەو هیچیان درووست (الحقیقە) نییە.

---

(١) عەلائەدین سەجادی، ئەدەبی کوردی و لێکۆڵینەوە لە ئەدەبی کوردی، چاپخانەی مەعارف، بغداد، ٢٦٦٧ک ـ ١٩٦٧م، ل٩٣.

## باسی چوارەم: پەیوەندییەکانی خوازەی ڕەها

پەیوەندییەکانی خوازەی ڕەها یەکجار زۆرن، هەر لە کۆنەوە هەر زانایەک هاتووە ژمارەیەکی دیکەی زیاد کردووە لە زاناکانی پێش خۆی بۆ نمونە: (خەتیبی قەزوینی) باسی (هەشت) جۆری کرد بوو، بەڵام (ئیبن ئەثیر) کەزانستەکەی لە (ئەبی حامدی غەزالە)ی وەرگرتووە، (چواردە) جۆری خوازەی ڕەهایان ئاماژە بۆ کردووە، دواتر (سیوەیتی) ئەم جۆرانەی خوازەی ڕەهای گەیاندۆتە (بیست) جۆر لەلای (زەرکەشی)ش ژمارەی جۆرەکانی خوازەی ڕەها گەیەنراوەتە (بیست و شەش) جۆری سەرەکی و (پێنج) جۆری دیکەشی، کە پێی وابووە بە دواین جۆری هونەرەکانی خوازەی ڕەها دەچن، لەو جۆرانەی لە سەروو ئاماژەی بۆ کرد بوو، بەم جۆرە باسی لە (سی و یەک) جۆری خوازەی ڕەها کردووە[١].

هەرچی لە ڕەوانبێژی کوردیشە، (عەزیز گەردی) باسی (نۆ) جۆری پەیوەندی خوازەی ڕەهای کردووە[٢]، بەڵام (عەلائەدین سەجادی) بەشێوەیەکی گشتی باسی خوازەی زمانی کردووەو تەنیا تیشکی خستۆتە سەر (دوو) جۆری خوازەی ڕەها ئەویش لەبەر پەیوەندییەکانی (هۆیی و شوێنی)یە[٣]، (د. ئیدریس)یش ئاماژەی بە (سێزدە) جۆری پەیوەندییەکانی خوازەی ڕەهای کردووە[٤].

سەبارەت بە پەیوەندییەکانی خوازەی ژیری، دەبێ ئەوە بڵێین: (سەکاکی) خاوەنی کتێبی (مفتاح العلوم) یەکێکە لە زانا بەناوبانگەکانی ڕەوانبێژی، کتێبەکەی کورتکراوەتەوە (تلخیص)، دانی بەمجۆرەی خوازەیە (خوازەی ژیری) نەهێناوە، ئەوەی لەبارەی ئەم هونەرە نووسیوە تەنیا بۆ ئەوەیە، کە بڕوا بەخوێنەر بهێنێ، شتێک نیە بە ناوی خوازەی ژیری و ئەوەی هەیە هەمووی خوازەی زمانییە، کە پێی وایە خوازە هەمووی خوازەی زمانییە[٥]، بەڵام هەندێک لە زانایانی دیکە لەسەر ئەم ڕایە نەڕۆیشتوون و پێیان وابووە خوازەی ژیریش چەند پەیوەندییەکی هەیە، بۆیە هەیانە لەسەر بنەمای شەش جۆری پەیوەندی (هۆیی و کاتی و شوێنی و بەرکاری و بکەری و مەصدەری) شەش جۆری خوازەی ژیری دەستنیشانکردووە[٦]، لای کوردیش (عەزیز گەردی) باسی لە تەنیا (سێ) جۆری خوازەی ژیری کردووە، لە ژێر ناوەکانی (دانەپاڵ هۆ، دانەپاڵ کات، دانەپاڵ شوێن)[٧]، بەڵام لە کتێبێکی تری (عەزیز گەردی)دا کە دوای کتێبی ڕەوانبێژی لە ئەدەبی کوردیدا نووسیویەتی،

---

(١) بڕوانە: یوسف ابو العدوس، مدخل الى البلاغة العربیة (علم المعانی ـ علم البیان ـ علم البدیع)، ص١٧٤.

(٢) عەزیز گەردی، ڕەوانبێژی لە ئەدەبی کوردیدا، بەرگی یەکەم، ڕوونبێژی، ل٨٣ تا ٨٥.

(٣) عەلائەدین سەجادی، خۆشخوانی، ل٥٩ ـ ٦٠.

(٤) بڕوانە: د. ئیدریس عەبدوڵلا مستەفا، لایەنە ڕەوانبێژییەکان لە شیعری کلاسیکی کوردیدا، ل١٦٧ تا ١٧٥.

(٥) بڕوانە: السکاکی، مفتاح العلوم، ص٥١١.

(٦) بڕوانە: د. عبدالعزیز عتیق، علم البیان، ص١٤٧ الى ١٥٥.

(٧) بڕوانە: عەزیز گەردی، ڕەوانبێژی لە ئەدەبی کوردیدا، بەرگی یەکەم، ڕوونبێژی، ل٨٦ تا ٨٧.

هەر باسی خوازەی ژیری نەکردووە[١]. عەلائەدین سەجادیش تیشکی خستۆتە سەر دوو جۆری خوازەی ژیری لەبەر پەیوەندییەکانی (هۆیی و کاتی)[٢] . (د. ئیدریس)یش باسی (شەش) جۆری خوازەی ژیری کردووە لەبەر پەیوەندییەکانی (کاتی و شوێنی و بەرکاری و هۆیی و سەرچاوەیی و پەیوەستەکی شوێنی)[٣]، بەڵام لە کتێبێکی نوێی کە (دوو) ساڵ دوای ئەوەی یەکەم نووسیوویەتی، باسی پەیوەندییەکانی خوازەی ژیری نەکردووە، بەڵکو بە شێوەیەکی گشتی باسی لە پەیوەندییەکانی خوازەی کردووە، تیایدا تیشکی خستۆتە سەر (١١) پەیوەندی خوازەیی، لەژێر ناوەکانی (شوێنی و کاتی و ژمارەیی و ئاوەڵناوی و بەرکاری و ئامێری و کەرتی و گشتی و ڕابردوویی و ئایندەیی و هاوسێیەتی)[٤] .

بەشێوەیەکی گشتی ئێمەش ئەو ڕایە پەسەند دەکەین، کە باسی لە پەیوەندییەکانی خوازە بکەین، کە (سەکاکی) ئاماژەی بۆ کردبوو. گرنگترین ئەو پەیوەندییانەی کە لە شیعری (بێخود)دا بەرجەستە بوونە لە خوارەوە دەخەینە ڕوو.

**پەیوەندییەکانی خوازە لە شیعری بێخودا:**

چەند جۆرێکی هەیە، لەوانە تیشک دەخەینە سەر سێزدە پەیوەندی، کە لەم دیوانەدا نمونەیان بۆ دۆزراوەتەوە، دوانزەیان ئەوانەن کە لای ڕەوانبێژانی تریش تیشکیان خراوەتە سەر و ئەوەی سێزدەمیان خۆم تیشکی دەخەمە سەر، ئەوانیش بریتینە لە:

**١. پەیوەندی کەرتی (العلاقة الجزئية)**

((واتە: گوزارشتکردن بە کەرت لە جیاتی گشت، ئەوەش ئەو کاتە دەبێ، کە واتای درووستی وشەی باسکراو لە دەربڕینەکە، کەرتێک بێ لە واتا خوازەییەکەی))[٥]، بە واتایەکی تر ((ئەوەیە، کە واتای دانراو بۆ وشەی دەربڕاو کەرتێک بێ لە واتا خوازەییەکەی، ئەم

---

(١) بڕوانە: عەزیز گەردی، ڕەوانبێژی بۆ پۆلی دووەمی پەیمانگاکانی مەڵبەندی مامۆستایان، پۆلی پێنجەمی پەیمانگاکانی پێگەیاندنی مامۆستایان، چاپی یەکەم، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، هەولێر، ١٤٢٣ک ـــ ٢٠٠٢ز، ل٦١ تا ٦٧.

(٢) عەلائەدین سەجادی، خۆشخوانی، ل٥٦ تا ٥٨.

(٣) بڕوانە: د. ئیدریس عەبدوڵڵا مستەفا، لایەنە ڕەوانبێژییەکان لە شیعری کلاسیکی کوردیدا، ل١٧٧ تا ١٨١.

(٤) ئیدریس عەبدوڵڵا، کۆوانەکانی ڕەوانبێژی، ل١٧٥ تا ١٨٩.

(٥) محمد ربيع، علوم البلاغة العربية، ص١٠٠.

پەیوەندییەش ناوی گشت بە ناوی کەرتەوە دەنێ))[1]، واتە: باس لە کەرت دەکەرێت مەبەست لێی گشتە.. بۆ نمونە:

دڵا، تاکەی لە گوڵزاری خەیاڵا
وەکوو شەونم ئەبی عەوداڵی ((خورشید))... ل٤٢.

(دڵ)، واتە: (کەسەکە)، دڵ سەبارەت بە کەس کەرتێکی بچووکە، باس لەو کەرتە کراوە و مەبەست خاوەنی ئەو کەرتەیە، واتە: باسی دڵی کردووە، مەبەستی خۆیەتی، کە مرۆڤەکەیە، قەرینەش ئەوەیە دڵ شاراوەیە و دیار نیە، ئەوەی دیارە و خەیاڵی هەیە خودی مرۆڤەکەیە، لە مەوە کەسی بەرامبەر تێدەگات مەبەستی ئەوەیە، کە ئەو کەسە تاکەی هەر بە خەیاڵ کردن ژیانی دەباتە سەر.. ئەوەش کەوابێ خوازەیە بە پەیوەندی کەرتی.

ئەگری و ئەڵێ: وەتەن جگەری من بڕایەوە
یاران چرایی بەزمی حەمییەت کوژایەوە... ل١٠٦.

(جگەری من بڕایەوە)، واتە: (کەسێکی من بڕایەوە)، جگەر سەبارەت بە کەس کەرتێکی بچووکە، باس لەو کەرتە کراوەو مەبەست خاوەنی ئەو کەرتەیە، کە مرۆڤەکەیە، قەرینەش ئەوەیە جگەر شاراوەیە و نابینرێ، ئەوەی دەبینرێ و دیارە هەر ڕووخساری دەرەوەی مرۆڤەکەیە، لەمەوە کەسی بەرامبەر خوێندنەوە بۆ ناوەوەی مرۆڤەکە دەکات و دەزانێت مەبەستی لە جەرگ سووتان یان مردنی ئەولاد دێت.

تووشی تێغی نازی تۆ بووم تازە توخوا لێم گەڕێ
با شەهادەت بێ بە ئەسبابی نەجاتم، ڕۆحەکەم... ل٦٨.

(ناز) سەبارەت بە کەس کەرتێکی بچووکە، لێرەدا تیغ هی تۆیە، واتە: هی کەسە، نەک هی ناز، کەواتە باس لە ناز کراوە مەبەست لێی کەسەکەیە، واتە: باس لە کەرت کراوە مەبەست لێی گشتە، بەمەش خوازە بە پەیوەندی کەرتی دروستبووە.

شتێکت دیوە ئەی دڵ هەر لە مەجنوون
کە ڕێی ئەو بێ سەر و سامانە ئەگری... ل١٢٠.

---

(١) وداد نوفل، علم البيان، مؤسسه حورس الدولية، الاسكندرية، ٢٠١٤، ص٨٠.

(دڵ)، واتە: (کەسەکە)، دڵ سەبارەت بە کەس کەرتێکی بچووکە، باسی دەکات مەبەستی خۆیەتی، بۆچی بێخود ڕێی مەجنوون دەگری، دڵ کەرتە، بەخۆشی گشتە، واتە: باس لە کەرت کراوە، مەبەست لێی گشتە، بۆیە پێی دەڵێن خوازە بە پەیوەندی کەرتی.

**٢. پەیوەندی گشتی (العلاقة الكلية)**

((ئەوەیە مانای بنجی وشەی گۆکراو گشتێک بێ، واتای مەبەستیش لەخۆ بگرێ، کە مەبەست واتا کەرتیەکەیەتی))[١]، واتە: ((لێرەدا گشت دەخرێتە ڕوو و مەبەست کەرتە))[٢]، لێرەدا باس لە گشت دەکرێت و مەبەست ئەو کەرتەیە کە پارچەیەکە لەو گشتە، بۆ نمونە:

پێی بڵێ وەک من هەموو ئەهلی ((سولەیمانی)) ئەڵێن:
حافیزی ئەو بن لە کاک ((ئەحمەد)) هەتا شاهی ((نەجەف))... ل٤٩.

لێرەدا کە باس لە هەموو ئەهلی سلێمانی کراوە، گوایە وەکو بێخود خەڵکی سلێمانی هەمان قسەیان هەیە، بەڵام قەرینەی ئەقڵی دەڵێ: بێگومان هەموو خەڵکی سلێمانی واناڵێن، واتە: باسی گشت کراوە و مەبەست دەبێ هەندێ ئەهلی سلێمانی بێ، کە کەرتەکەیە، نەک هەموو خەڵکی شاری سلێمانی.

لەو ساوە کە بیماری ئەوم دیوە بەدووربین
خەڵکینە مەپرسن لە منی خەستەوو میسکین... ل٧٠.

باسی (من) کراوە، کە گشتە، بەڵام مەبەست (سەر) یان (پشت)، یان هەر شوێنێکی تری نەخۆشەکەیە، قەرینەی ئەقڵی دەڵێ: بێگومان نەبووە مرۆڤێک هەموو شوێنی لەشی نەخۆش بێ، واتە: باسی گشت کراوە و مەبەست لەو کەرتەیە کە بەشێکی لەشی نەخۆشەکەیە.

ئەگەر چی میللەتی کوردی دوچاری دۆزەخی غەم کرد
بەڵام شوکری خوا خۆی بۆ بەهەشتی جاویدان ڕۆیی... ل١٣٩.

---

(١) أمين ابو ليل، علوم البلاغة (المعاني و البيان و البديع)، الطبعة الاولى، دار البركة للنشر و التوزيع، عمان ـ اردن، ١٤٢٧هـ ـ ٢٠٠٦م، ص١٧٤.

(٢)محمد أحمد أبوبكر أبو عامود، البلاغة الاسلوبية، الطبعة الاولى، مكتبه الادب، القاهرة، ١٤٢٠هـ ـ ٢٠٠٩م، ص٢١٤.

لێرەدا باس لە میللەتی کورد کراوە، گوایە هەموو میللەتی کورد لە ناو غەمدان، کە ئەمە گشتەکەیە، بەڵام مەبەست لە هەندێک میللەتی کوردە، پەیوەندی نێوان هەر دوو وشەکە پەیوەندی گشتییە، باس لە گشت کراوە کە (میللەتی کورد)ە و مەبەست هەندێک لە میللەتی کوردە، واتە: باس لە گشت کراوە، مەبەست لێی کەرتە، بەمەش خوازە بە پەیوەندی گشتی درووستبووە.

### ٣. پەیوەندی ڕابردوویی (العلاقة اعتبار ماكان)

((ئەمە ئەو کاتە دەبێ کە وشەیەک بەکاربهێنرێ، ئەم وشەیە هی ڕابردووی شتەکە بێ، بەڵام مەبەستمان لێی ئەو واتایە بێ، کە لە پاشتردا، یان لە ئێستادا شتەکە پێی گەیی بێ))[1]، واتە: ((مەبەست لەم پەیوەندییە گوزارشتکردنە لەشت، بەو شێوەیەی کە لە ڕابردوودا هەیبوو))[2]، لێرەدا شت بە ناوی ڕابردووی دێت و مەبەست باری ئایندەی ئەو شتەیە.. بۆ نمونە:

ئارەزوو ئەکەم ئێوە، وەختی ئیحتیزار
بەشان و زەفەرەوە بم بەن بۆ مەزار... ل١٤٥

وەختی ئیحتیزار.. خوازەیە بە پەیوەندی ڕابردوویی، چونکە وەختی ئیحتیزار، وەختی هاتنی فریشتەی گیانکێشان و پێش مردنە، بەڵام قەرینەی عەقڵی دەڵێ: لەم وەختەدا مرۆڤ بۆ ئەوە ناشێ لە شوێنی خۆی بیگوازیەوە، بۆیە دەبێ مەبەستی وەختی (مردن) بێ، کە لە دوای مردن ئاساییە (جەنازە) کە بۆ هەر کوێیەک ببرێ. بەم شێوەیەش خوازەکە دەبێتە پەیوەندی ڕابردوویی، چونکە باسی ڕابردووی کردووە، بەڵام مەبەستی ئایندەیە.

### ٤. پەیوەندی هاوسێیەتی (العلاقه المجاورة)

((ئەوەیە شت لە جیاتی هاوسێکەی بێ))[3]، وەکو ناوهێنانی کراس لە جیاتی لاشە.. بۆ نمونە دەگوترێ: کراسەکەی خوێناوی بوو.. مەبەست ئەوەیە لاشەکەی زامدار و خوێناوی بوو. بە واتایەکی تر ((بریتییە لە ناو نانی شت بەناوی ئەوەی لە هاوسێی دایە، وەکو بەکارهێنانی وشەی ئاوهێن (الوادية) لە جیاتی وشەی گۆزە (المزادة)، کاتێک دەگوترێ:

---

(١) عاطف فضل محمد، البلاغة العربية، ص١٠٥.

(٢) محمد أحمد أبوبكر أبو عامود، البلاغة الأسلوبية، ص٢٢٨.

(٣) احمد مصطفى المراغي، علوم البلاغة (البيان و المعانى والبديع)، ص٢٥٣.

ئاوهێنەکە ئاوی تیا نەماوە.. مەبەست ئەوەیە: گۆزەکانی سەر پشتی ئاوهێنەکە ئاو یان تیا نەماوە))[1]، لەم پەیوەندییەدا باسی شتێک دەکرێت و مەبەست ئەو شتەی ترە، کە هاوسێیەتی.. بۆ نمونە:

ئەگەر لە حاڵم ئەپرسی، بە سەنگی سورمەیی دووری
شکاوە شووشەیی وەسڵم، نەماوە نوتقی زمانم... ل٦٣.

لێرەدا مەبەست لە سورمە (چاوە)، چونکە (سورمە) لە خۆیدا نرخی نییە، بەڵام ئەگەر چووە ناو چاو، جوانی دەکات. پەیوەندی نێوان (سورمە) و (چاو) پەیوەندی هاوسێیەتییە، بەمەش خوازە بە پەیوەندی هاوسێیەتی دروستبووە.

### ٥. پەیوەندی کاتی (العلاقه الزمانیه)

((ئەوەیە کە گوزارشت لە کاتی ڕوودانی فرمان دەکات، وەکو: ساڵێکی پڕ پیت و بەرەکەت بەسەر خەڵکیدا تێپەڕی.. لێرەدا ئاشکرایە ساڵ پڕ پیت و بەرەکەت، یان خاڵی لە پیت و بەرەکەت نابێ، بەڵام ئەوەی پڕ پیت و بەرەکەت، یان بێ پیت و بەرەکەت دەبێ، ئەوە کێڵگەکانن، بەڵام ساڵەکە کاتی ڕوودانی بێ پیتی، یان پڕ پیتییەکەیە))[2]، کەواتە لێرەدا ((گوتە بۆ بکەرێک بنیاتنراوە، ئەو بکەرە (کات)ە، هەر چەندە (کات) هیچ کاریگەریەکی لەسەر گوتەکەنییە، بەڵام بە بەر چاوگرتنی (درانەپاڵ) گوتەکە وەهای لێکراوە))[3]، واتە لێرەدا باس لە کات دەکرێت و مەبەست ئەو خەڵک، یان ئەو شتەیە کە لە ناو ئەو کاتەدا بوونی هەیە.. بۆ نمونە:

لە قولزوومی ریسالەتا دوڕڕێکی کەس نە دیدەیە
لە بورجی چەرخی عیززەتا مەهێکی بەرگوزیدەیە... ل١٦.

(چەرخ) خوازەیە بە پەیوەندی کاتی، واتە: چەرخی خەڵکی بە عیزەت، چونکە قەرینەی عەقڵی دەڵێ: چەرخ لە خۆیەوە عیززەت و شەرمەزاری تووشی نابێ، ئەمانە سیفەتی خەڵکی چەرخەکەن، پەیوەندی نێوان چەرخ و ئەو خەڵکەی لەو چەرخەدا دەژین پەیوەندی کاتییە.

---

(١) فضل حسن عباس، أساليب البيان، الجزء الثانى، دار ابن الاثير للطباعة و النشر في جامعه الموصل، دون سنة الطبع، ص٣٠١.

(٢) راجى الأسمر، علوم البلاغة (الموسوعة الثقافية العامة)، ص٩٧.

(٣) محمد حسين على الصغير، اصول البيان العربي (رؤية بلاغية معاصره)، دار الشؤون الثقافية العامة، بغداد ـ العراق، ١٩٨٦، ص٤٩.

### ٦. پەیوەندی شوێنی (العلاقة المكانية)

((فرمان، یان ئەوەی لە واتای فرمان دایە، لەم پەیوەندییەدا دەدرێتەپاڵ شوێنەکەی، واتە: دەدرێتەپاڵ ئەو شوێنەی تێیدا ڕووی دایە))[1]، بە واتایەکی نزیک لەمە ((پەیوەندییەکە، تیایدا فرمان، یان ئەوەی لە واتای فرمان دایە، دەدرێتەپاڵ شوێنی ڕوودانی فرمانەکە))[2]، واتە: باس لە شوێن دەکرێت، بەڵام مەبەست لەو خەڵکەیە کە لەو شوێنەدا بوونی هەیە.. بۆ نمونە:

زەمین نەیدیبوو سەروی موعتەدیل وەک قەددی مەوزوونی
زەمان نەیبیستبوو خونچەی گوڵێ وەک لێوی خەندانی... ل١٢٧.

خوازە لە (زەمین)دایە، قەرینە ئەقڵییە، نەبینین فرمانە دراوەتەپاڵ زەمین و زەمین کراوەتە بکەر، بەڵام زەمین شوێنە ناتوانێ ببتە بکەر، ئەوەی دەتوانێ ببتە بکەر، بێگومان خەڵکی سەر زەمینەکەیە، کەواتە: زەمین بکەری خوازەییە، خەڵکی زەمین بکەری درووستە، پەیوەندی نێوانیان شوێنییە، بەم شێوەیە خوازە بە پەیوەندی شوێنی دروستبووە.

### ٧. پەیوەندی بەرکاری (العلاقة المفعولية)

((ئەوەیە کە لەسەر بنەمای بەرکار دامەزرابێ و مەبەست لێی بکەری درووست بێ))[3]، واتە: ((لێرەدا دەرچوونی درانەپاڵەکە لە بکەرەوە بۆ بەرکارە، بۆ نمونە: ساڵێکی ئاوەدانە!! ژوورێکی ڕووناکە.. جا ماڵەکە بە خەڵکەکەی ئاوەدانە، ژووریش ڕووناککراوەتەوە، نەوەک لە خۆیدا ڕووناک بێ))[4]، واتە: باس لەبەرکار دەکرێت مەبەست لێی بکەرە.. بۆ نمونە:

ئەی باخەوان مەزانە کە زستان گەڕایەوە
موژدەم بەرێ کە بۆ چلە ئەم بەفرە شین ئەکا... ل٢٣.

(١) وليد إبراهيم قصاب، البلاغة العربية (علم البيان)، الطبعة الثانية، دار الفكر، دمشق ـ سورية، ١٤٣٥هـ ـ ٢٠١٤م، ص٢١٧.

(٢) زين كامل الخويسكي، د. احمد محمد المصرى، فنون بلاغية، الطبعة الاولى، دار الوفاء لدينا الطباعة و النشر، الاسكندرية، ٢٠٠٦، ص٥٦.

(٣) مصطفى الحلوة، محاضرات في البلاغة العربية، الطبعة الاولى، حقوق الطبع محفوظة، عمان، ١٩٩٣، ص٩٠.

(٤) خالد إبراهيم يوسف، مداخل كتابة العربية و بلاغتها، الطبعة الاولى، مؤسسه الرحاب الحديثة، بيروت ـ لبنان، ١٩٩٩، ص١٢٣.

زستان گەڕایەوە: زستان خوازەیە بە پەیوەندی بەرکاری، چونکە لە لایەن (خودا)وە هەموو ساڵ دەگەڕێتەوە، دەنا خۆی ناتوانێ بهێ، کەواتە (خودا) بکەری درووستە و زستان بکەری خوازەییە، بەمەش خوازە بە پەیوەندی بەرکاری دروستبووە.

**٨. پەیوەندی ئاوەڵناوی (العلاقة الوصفية)**

((لێرەدا سیفەت دەخرێتە ڕوو، بەڵام مەبەست مەوصوفە))[١]، لەم پەیوەندیەدا ئاوەڵناو دەردەکەوێت، مەبەست لێی ئەو شتەیە، یان ئەو کەسەیە، کە لەلایەن ئاوەڵناوەکەوە وەسف کراوە.. بۆ نمونە:

سەد شوکری خودا چاکەوە بوو خەستەکەی ئێمەیش
ئەی دافیعی تیفۆسی دەروون تۆزێ دۆعاتان... ل٧٣.

خەستە: ئاوەڵناوە، کراوەتە بکەر، بەڵام بکەری خوازەییە

مەبەست: مرۆڤە خەستەکەیە، کە بکەری دروستە و بەمەش خوازە بە پەیوەندی ئاوەڵناوی دروستبووە.

**٩. پەیوەندی ژمارەیی (العلاقة الأرقام)**

((لێرەدا ژمارەیێک دەخرێتە ڕوو، بەڵام بە وردی خۆی مەبەست نییە، بەڵکو مەبەست ڕێژەیێکی بچووکتر، یان گەورەتر لە ژمارە هاتووەکە))[٢]، واتە: بۆ دەربڕینی زۆری و کەمی شت قسەکەر گوزارشت بە ژمارە دەکات.. بۆ نمونە:

بە هەزار تەختی خوسرەوی نادەم
جێگە پێیێکی یەک گەدای وەتەن... ل٨٠.

هەزار بۆ گەورە کردن و مانای زۆر هاتییە، دەرکەوتووی خوازەییە، بەمەش خوازە بە پەیوەندی ژمارەیی درووست بووە.

هەزار بولبوڵ ئەکا مەست و ئەیشیگرییێنێ
لە گوڵشەنێ کە ئەو ئارەق گوڵاوە پێ ئەکەنێ... ل١٣٢.

---

(١) حميد آدم ثويني، البلاغة العربية المفهوم و التطبيق، ص١٩٥.
(٢) ئیدریس عەبدوڵڵا، کۆوانەکانی ڕەوانبێژی، ل١٧٨.

هەزار بۆ گەورە کردن و مانای زۆر هاتییە، دەرکەوتووی خوازەییە، پەیوەندی نێوان هەزار و زۆر، چەندایەتییە، دەرکەوتووی درووست: بولّبولّی زۆرە.

### ١٠. پەیوەندی تایبەتکردن (علاقة الخصوص)

((ئەوەیە کە مانای دانراوی وشەی گۆکراو تایبەت بێ، بەلاّم مەبەستی لە بەکارهێنانی گشت بێ، وەکو بەکارهێنانی ناوی (کەس) تەمیم، تەغلیب، رەبیعە، .. هتد لەسەر ناوی هۆز، بەر لەوەی ناوەکەی بکەوێتە سەر و بلاّوبێتەوە))[١]، واتە: وشەکە تایبەت بێت بە یەک شت، وەک ئەوەی ناوی کەسێک بخرێتە سەر ناوی هۆزێک، یان نەتەوەیێک.. بۆ نمونە:

ئەولادی وەتەن، ئێمە کەوا میللەتی کوردین
بۆ غایەتی ئاسایشی میللەت هەموو گوردین... ل١٤٣.

خوازە لێرەدا لە وشەی (کورد)دایە، لەزوودا کورد ناوێکی تایبەت بووە، لەپاشان کراوەتە ناوی نەتەوەیێک بە گشتی، بێگومان ناوی زۆربەی هۆز و نەتەوەکان هەر بەم شێوەیە لە ناوێکی تایبەتەوە بۆ سەر ناوی هۆز و نەتەوە خراوەتە ڕوو، بەمەش واتاییێکی گشتگیری بۆ دروستبووە.

چونکە میعماری تەریقەت باوک و باپیری ئەون
بۆیە دیواری حەساری ((نەقشبەندی)) مەحکەمە... ل٩٨.

خوازە لێرەدا لە وشەی (نەقشبەندی) دایە، لەزوودا نەقشەبەندی ناوێکی تایبەت بووە، لەپاشان کراوەتە ناوی تەریقەتێک، بەپێی سەرچاوەکان ناوی زۆربەی تەریقەت و بنەماڵە لە ناوێکی تایبەتەوە خراوەتە سەر ئەو تەریقەت و بنەماڵەیە.

---

(١) وداد نوفل، علم البيان، ص٨٣.

### ١١. پەیوەندی هۆیی (العلاقة السببية)

((ئەوەیە، کە وشەی لێوەرگیراو، هۆو کاریگەر بێ، لە غەیری خۆی.. وەکو: باران مەڕ و ماڵاتەکەی بووژاندەوە))[١]. مەبەست لەم قسەیە: باران بووە هۆی سەرهەڵدانی گژوگیا، بەوەش، مەڕ و ماڵات بووژانەوە. لێرەدا باسی هۆ دەکرێ و مەبەست بەرهۆیە.. بۆ نمونە:

بە یادی نەوبەهاری ڕوویی تۆیە
کە چاوم هەوری زستانە ئەگری... ل١١٩.

لێرەدا باسی هەور کراوە، بەڵام مەبەست بارانە، چونکە فرمێسک بە باران دەچێ نەک بە هەور، بەڵام بۆچی گوتراوە هەور، چونکە هەور هۆی بارینی بارانەکەیە، بۆیە بەم جۆرە خوازەیە دەڵێن خوازە بە پەیوەندی هۆیی، چونکە باسی هۆ کراوە کە (هەور)ە، مەبەست بەرهۆیە کە (باران)ە.

### ١٢. پەیوەندی سەرچاوەیی (العلاقة المصدرية)

((ئەو فرمانەیە، کە هی بکەرێکە، بەڵام بە خوازە دراوەتە چاوگ))[٢]، بە واتایەکی تر ((ئەوەیە کە فرمان، یان ئەوەی لە واتای فرمان بێ، بدرێتە چاوگەکەی خۆی))[٣]، واتە: ئەو چاوگ و وشە بنجییەی کە فرمانەکەی لێدروستبووە. لەم پەیوندییە دا شاعیر فرمان دەداتەپاڵ چاوگەکەی، ئەوەش دراوەپاڵێکی درووست نییە، ((چونکە درووست ئەوەیە فرمان بدرێتەپاڵ بکەرەکەی))[٤]، بۆ نمونە:

سەرسەری مردن کە هات و دای بە با وەک گەردەلوول
خەرمەنی عومری تیجارێکی نەجیب ئەی ((بُو الفُضُول)... ل١٥٢.

(مردن) واتە: (مەرگ)، چونکە لێرەدا چاوگ هاتووە کە (مردن)ە، بەڵام مەبەست (مەرگ)ە، کە (ناو)ەکەیە، بەوەش خوازە بە پەیوەندی سەرچاوەیی درووستبووە.

---

(١) حلمى مرزوق، فى فلسفة البلاغة العربية (علم البيان)، دار الوفاء لدنيا الطباعة و النشر، الإسكندرية، بدون سنة طبع، ص١٢٦.
(٢) احمد مطلوب، فنون بلاغية، (البيان ـ البديع)، ص١٠٦.
(٣) بن عيسى باطاهر، البلاغة العربية مقدمات و تطبيقات، ص٢٨٨.
(٤) محمد هيثم غرة، البلاغة من منابعها، القسم الثانى، البيان والبديع، ص٦٤.

### ١٣. پەیوەندی خاوەندارییەتی (موڵکایەتی)

لەم پەیوەندیەدا باسی موڵک دەکرێت و مەبەستی خاوەنی موڵکەکەیە، بۆیە پێی دەڵێن خوازە بە پەیوەندی خاوەندارییەتی، یان موڵکایەتی.. بۆ نمونە:

شەهادەت نامەیی عیرفان لە دەستا
موجازی مەدرەسەی دینی و شوعووری... ل١٢١.

باسی دین کراوە، بەڵام دین مەدرەسە بەڕێوە نابات، ئەوەی مەدرەسە بەڕێوە دەبا ئەو مامۆستایانەن، کە لە سایەی تەعلیماتی دینەکە مەدرەسەکەیان دروستکردووە، واتە: باسی دین کراوە مەبەستی ئەو کەسانەن، کە بوونەتە خاوەنی دینەکەی، بکەری خوازە هاتووە دینە، بەڵام بکەری درووست، کە مامۆستایە نەهاتووە، بۆیە خوازە بە پەیوەندی خاوەنداریەتی دروستبووە.

### جوانی و گرنگی خوازە

خوازە دەورێکی باڵا دەگەیەنێ لە ڕەوانبێژیدا، لەبەرئەوەی دەربڕینەکان فراوانتر دەکات، وا دەکات نوسەر لە تێروانین و وەستان لە نێو خولگەی وەستاوی بەکارهێنانی ئاسایی بۆ زمان ڕزگاری بێت و شێوازێکی جوان و کاریگەر پێشکەش بکات.

بەشێوەیەکی گشتی خوازە کۆمەڵێک داوا و گرنگی هەیە لەوانە:

١. خوازە دەرگایەکە لە دەرگاکانی فراوان بوونی واتا، وا دەکات خاوەنەکەی لە تەسکی واتای وشەیی وشەکان ڕزگاری بێت و وشە و دەستەواژەکان بەواتای نوێ و وێنەی جوانتر لەخۆیان پێشکەش بکات.

٢. هونەرێکی جوانە بۆ دەربرینی واتا، لە کاتێکدا لە دەربڕینی ڕاستەوخۆ ئەو هونەر و جوانکارییە داهێنراوە بەدی ناکرێ.

٣. خوازە یارمەتیدەرە بۆ فراوان بوونی زمان و هونەری دەربڕین، یارمەتی نوسەر دەدات لە سەر ئەوەی، بتوانێ یەک واتا دەرببڕێ بە کۆمەڵە وێنەیەکی جیاواز، خەیاڵ ئازاد دەکات و چێژی ئەدەبی دەبەخشێت و شیعر لە ڕاستەوخۆیی دەپارێزی.

٤. زۆربەی جۆرەکانی خوازە لە موبالەغەیەکی جوان و کاریگەر خاڵی نینە، کە ئەمە وا دەکات، خوازەکە جوان و سەرنجڕاکێش بێت ، هەروەکو خوای گەورە دەفەرمووێ: [یجعلون أصابعهم فی أذانهم من الصواعق]...[البقرة/١٩]، واتە: لەتاو دەنگی بروسکە پەنجەیان لەناو گوێیەکانیان دەنا، واتە: لێرەدا خوای گەورە باسی پەنجە دەکات، مەبەست لێی ئەوەیە: زۆر دەترسن.

٥. خوازە دیسان کورتبڕی دەگەیێنێ، واتە: بە شێوەیەکی کورت و پوخت واتای مەبەست دەگەیێنێت، ئەمەش مەبەستێکە لە مەبەستەکانی ڕەوانبێژان، بۆ نمونە: کە دەڵێین: (گوندەکە ڕۆیی)، ئەوا زۆر کورترە لەوەی بڵێین: (خەڵکی گوندەکە رۆیی)، دیارە گومانی تێدا نییە کورتبڕیش بەشێکە لە بەشەکانی ڕەوانبێژی.

## بەشی سێیەم: خواستن (الاستعارە)

### باسی یەکەم: پێناسەی خواستن و بنەڕەتەکانی

### باسی دووەم: جۆرەکانی خواستن

### باسی سێیەم: جوانی و گرنگی خواستن

## بەشی سێیەم: خواستن (الاستعارة)

خواستن جۆرێکە لە دوو جۆرە سەرەکییەکەی خوازەی زمانی (خوازەی ڕەها، خواستن)، ئەوەش دەوەستێتە سەر ئەو پەیوەندییەی، کە لە نێوان واتای درووست و واتای خوازەیی وشەکاندا هەیە، ئەگەر ئەو پەیوەندییە لێکچوون بوو ئەوا هونەرەکە (خواستن)ەو ئەگەریش پەیوەندییەکە لێکچوون نەبوو، ئیدی هەر پەیوەندییەکی دیکە بوو، ئەوا پێی دەگوترێت (خوازەی ڕەها).

خواستن یەکێکە لە هونەرە دیار و چڕەکانی ڕەوانبێژی، ڕۆڵێکی بەرچاو دەبینێت لە پێکهێنانی بنیاتی شیعری، بەمەش کەلتورێکی گەورەی ئەدەبی و شێوازێکی جوان و کاریگەر بۆ هەر میللەتێک دروست دەکات، جا چ بۆ ئەو بەرهەمە ئەدەبییانەی، کە نووسراونەتەوە، یان نەشنووسرابنەوە.

خواستن وێنەی جوان دروست دەکات، ئەگەر خواستن نەبێت، گرنگترین جۆری وێنە نابێت، چونکە بەشێوەیەکی گشتی بەشێکی  گەورەی شیعرییەت لە خواستن کورتدەبێتەوە، خواستن لەبەر ئەو گرنگییەی کە هەیەتی، لای هەندێ لە ڕەوانبێژان وەکو باسێکی سەربەخۆ لە چوارچێوەی (ڕوونبێژی) باسی لێکراوە، ئێمەش هەر ئەوە بەگونجاو دەزانین، کە خواستن باسێکی سەربەخۆ بێت، بۆیە خواستن بووەتە بەشی سێیەمی ئەم نامەیە.

### باسی یەکەم: پێناسەی خواستن و بنەڕەتەکانی

**خواستن لە ڕووی وشەییەوە:** لە فەرهەنگە عەرەبییەکاندا گەلێ واتای وشەیی بۆ خواستن (استعاره) دانراوە، لە فەرهەنگی (لسان العرب)دا خواستن ((واتە: داوای لێکرد، شتەکەی بداتێ، یان من وەکو خواستن لێم خواست و ئەویش پێی دام))[1]، لە فەرهەنگی (محیط المحیط)یشدا، خواستن واتە: ((بە لێخواستراوی پێی دا، هەروەها دەگوترێت: شتەکەم

(١) الإمام العلامة أبی الفضل جمال الدین محمد بن مکرم ابن منظور الافریقی المصری، لسان العرب، المجلد الرابع، دار صادر، بیروت، دون سنة الطبع، ص٦١٨ ، ٦١٩.

لێ خواست، ئەویش پێی دام))[١]، واتە: مەبەست لێی خواستنی شتێکە لە کەسێک لە کاتی پێویست بوونی، بۆ نمونە: کتێبێک لە برادەرێک دەخوازی و دەیهێنی و دەیخوێنییەوە، بەڵام خواستراوەو هی خۆت نییە، لە پاشان بۆی دەبەیەوە.

لە زمانی کوردیشدا مەبەست لە واتای وشەیی خواستن ئەو وشەیەیە، کە لە فەرهەنگی (خاڵ)دا بە واتای (داوا کردنی شتێک لە یەکێک بۆ چەن دەمێک))[٢] دێت، لە فەرهەنگی (کوردستان)یشدا، گیوی موکریانی هەمان قسەکانی (شێخ محەمەدی خاڵ) دەکات[٣]، لە فەرهەنگی هەنبانە بۆرینەش بە واتای ((خوازتن))[٤] دێت، کەواتە مەبەست لە واتای وشەی خواستن بریتییە لە وەرگرتنی، یان خوازتنی شتێک لە کەسێکەوە بۆ چەند دەمێک، بۆ نمونە: دەگوترێ ئەم کتێبەم لە فلانی خواست.

**خواستن لە ڕووی زاراوەییەوە:** لە ڕەوانبێژیدا مەبەست لە خواستن: ((گواستنەوەی وشەیە لە واتای بنجی بۆ واتای خواستراو، کە لە نێوان واتا نوێکە و واتا یەکەمەکەی وشەکە لێکچوون هەیە))[٥]، لە واتایەکی نزیک لەمە خواستن ((بریتییە لە بەکارهێنانی وشەیەکی دیاریکراو بۆ بێجگەی ئەو واتایەی لە ئاخاوتنی ئاسایی دەیگەیێنی، ئەوەش لەبەر پەیوەندی لێکچوون))[٦]، واتە: بەکارهێنانی وشەیەکە بۆ دەربڕینی واتایەکی تر، نەک واتا دروستەکەی لەبەر پەیوەندی لێکچوون لە نێوان هەردوولادا.

(ڕومانی) دەڵێت: ((بریتییە لە هەڵواسینی دەربڕین بۆ بێجگەی ئەو واتایەی لە بنجدا و لە فەرهەنگی زماندا بۆی دانراوە))[٧]، هەروەها گوتویانە: خواستن ((ئەوەیە وشە بۆ شتێ دادەنرێ، لەشوێنێکی دیکە خواستراوە))[٨]، کە ئەم پێناسەیە بە شێوەیەکی گشتییە و وەکو پێویست ڕوون نییە.

---

(١) المعلم بُطرس البستاني، محيط المحيط (قاموس عصري مطول للغة العربية)، الجزء السادس، الطبعة الاولى، دار الكتب العلمية، بيروت ـ لبنان، ٢٠٠٩، ص٢١.

(٢) شيخ محەمەدی خاڵ, فەرهەنگی خاڵ, جزمی دووەم، ل٧١.

(٣) بڕوانە: گیوی موکریانی, فەرهەنگی کوردستان, ل٣٨٤.

(٤) هەژار, هەنبانە بۆرینە, ل٢٤٨.

(٥) محمد طاهر اللادقي، المبسط في علوم البلاغة (المعانى و البيان و البديع)، مراجعة: إبراهيم محمد طاهر اللادقي، المكتبة العصرية، صيدا ـ بيروت، ١٤٢٩هـ ـ ٢٠٠٨م، ص١٦٢.

(٦) عبدالرحمن حسن حبنكه الميداني، البلاغة العربية (أسُسُها و علومها و فنونها)، الجزء الثانى، الطبعة الثالثة، دار القلم، دمشق، ١٤٣١هـ ـ ٢٠١٠م، ص٢٢٩.

(٧) أبى بكر محمد بن على المعروف بأبن حُجة الحموي، خزانةُ الادب و غاية الارب، قدم لە: د. صلاح الدين الهواري، الجزء الأول، المكتبه العصرية، صيدا ـ بيروت ـ لبنان، ١٤٣٠هـ ـ ٢٠٠٩م، ص١١٥.

(٨) للعلامة الامام أبى الحسين احمد بن فارس بن زكريا الرازي اللغوي، الصاحبى، حققه: د. عمر فاروق الطباع، الطبعة الاولى، مكتبة المعارف، بيروت ـ لبنان، ١٤١٤هـ ـ ١٩٩٣م، ص٢٠٩.

(ئەبی هیلالی عەسکەری)ش گوتوویەتی: ((گواستنەوەی دەستەواژەییکە لە شوێنی بەکارهێنانی بنجی خۆی لە زماندا، بۆ شوێنێکی تر، لەبەر مەبەستێک))[١]، هەر دەربارەی ئەم چەمکە هەندێ لە ڕەوانبێژەکان بەشێوەیەکی ڕونتر و وردتر گوتوویانە: خواستن ((بریتییە لە بەکارهێنانی وشە بۆ بێجگەی ئەوەی بۆی دانراوە، لەبەر پەیوەندی لێکچوون لە نێوان واتای لێگوازراوەو ئەو واتایەی بۆی بەکارهێنراوە، لەگەڵ قەرینەییکیش، کە ئەو قەرینەیە دووری دەخاتەوە لە گەیاندنی واتای بنجی))[٢]، بەو پێیەی خواستن یەکێکە لە هونەرە بەرزەکانی ڕوونبێژی و لە هەناوی لێکچواندوە هاتۆتە دەرەوە، لێکچوواندنێکە کورت و چڕکراوەتەوە، بە نەهاتنی لایەنێکی سەرەکی لێکچوواندن، بۆیە ((واتا لە (خواستن)دا لە ڕێگەی ئەقڵەوە دەزانرێت، نەوەک لە ڕێگەی وشەکە))[٣]، بۆ نمونە دەڵێت: (گوڵێکم بینی پێکەنی)، ئەمە واتای ئەوەیە: کەسێکی سیفەت گوڵم بینی، قەرینە: پێکەنینە، کە ئەمە تایبەتە بە ئادەمیزادە و ڕێگرە لەوەی بۆ گوڵ بەکاربهێت.

لێخواستراو: ڕووەکە

بۆخواستراو: ئادەمیزادە

خواستراو: ((گوڵ))ە

قەرینە: پێکەنینە، هی مرۆڤە و گوڵ پێناکەنی

کەوابێ هەر خوازەیەک لە سەر بنەمای لێکچوواندن پێکدێت و بنەڕەتەکانی ئەوزار و ڕووی لێکچوون وەلانرابن و لە لێچوو و لەوچووش یەکیان مابن، ئەوا ئەو خوازەیە پێی دەگوترێت (خواستن).

لە زمانی تورکیشدا بەرامبەر خواستن زاراوەی (iğretileme) بەکارهاتووە، مەبەست لێی ئەوەیە ((لە یەکێک لە دوو لایەنە سەرەکیەکانی لێکچوواندن دروست دەبێت))[٤]. لە کۆی ئەو پێناسانەی سەرەوودا گەیشتینە ئەوەی هەموو پێناسەکان وەکو یەکن، بەڵام هەر یەکەو بەشێوازو دەربڕینی جیاواز لەوەی دیکە باسی خواستنی کردووە.

خواستن لە نێو ئەدەبیاتی میللەتان گرنگییەکی تایبەتی هەیە بە تایبەت لە هونەری شیعردا، لە زمانی ئینگلیزیدا بەرامبەر خواستن زاراوەی (metaphor) هەیە، کە لە

---

(١) أبي هلال الحسن بن عبدالله بن سهل العسكري، كتاب الصناعتين، ص٢٤٠.

(٢) السيد أحمد الهاشمي، جواهر البلاغة، ص٢٧٦.

(٣) أحمد مطلوب، في المصطلح النقدي، مطبعة المجمع العلمي، بغداد، ١٤٢٣هـ ـ ٢٠٠٢م، ص١٧٨.

(4) Ő̃mer Yildz, Mustafa Ekinci, Hamdi koçak, Mehmet ONAY, Şaban TUGLA, Erdal DANACI, EDEBĩ METiNLERI, MILLĩ Eğitim Basimevi, istanbul, 2001, s 23.

فەرهەنگی لۆنگمان دا ((بریتییە لە زاراوەیەک، کە وەسفی، یان باسی شتێک، یان بیرۆکەیەک دەکات، بە بەکارهێنانی چەند وشەیەک، بەڵام ئەم وشانە بۆشتی تر بەکاردەهێنرێن، کە سیفەتی هاوشێوەیان هەیە وتایبەتمەندییان لە یەکەوە نزیکە، بەبێ بەکارهێنانی یەکێک لە دوولایەنەکانی لێکچوواندن))[١].

کەواتە بەشێوەیەکی گشتی دەتوانین بڵێین: خواستن لقێکی خوازەی زمانییە، بریتییە لە هێنانی وشەیەک لە ڕستەدا بۆ مانایەکی دیکە، جیا لە مانای درووست و فەرهەنگی خۆی، بەو مەرجەی پەیوەندی نێوان واتای درووست و واتا خوازەییەکەی لێکچوواندن بێت، لەگەڵ بوونی قەرینەیێکیش، ئەو قەرینەیە ڕێگر بێ لەوەی مەبەست لەو ڕستەیە واتای خوازەیی وشەکەیە، نەک واتای دروست.

## پەیوەندی و جیاوازی خواستن بە لێکچوواندن

خواستن لە سەر بنەمای لێکچوواندن درووست دەبێت، زۆربەی ڕەوانبێژان لە لێکدانەوەو شیکردنەوەیاندا خواستن و لێکچوواندنیان لە یەکتری دانەبڕیوە و لێکچوواندنیان بەقۆناغی یەکەمی خواستن داناوە.

خواستن ئەوکاتە دروست دەبێت، کە لێکچوواندنەکە دوو بنەڕەتە ناسەرەکییەکانی (ئەوزار و ڕووی لێکچوون) لە دەستدەدات و لە دوو بنەڕەتە سەرەکییەکانیشی (لێچوو و لەوچوو) یەکیان دەمێنن و یەکیان لادەبرێت، ئیتر بێ ئەم دووانە لێکچوواندنەکە لە بار دەچێ، بەوەش ئەو هونەرەی لە نوێ دروست دەبێت، پێی دەگوترێت خواستن. بۆ نمونە:

ئەو منداڵەی لە جوانیدا دەڵێی پەپوولەیە، گریا.

ئەم ڕستەیەی سەروو ڕستەیێکی ئاساییە، واتاکەی ڕوون و ئاشکرایە و هەموو کەس تێی دەگا، چ شتێکی نادیاری تیا نییە، ئەم نمونەیە (لێکچوواندنی درێژەی بەرەڵلا)یە، هەر چوار بنەڕەتەکانی لێکچوواندنی تێدایە، کە بریتینە لە:

ئەومنداڵە: لێچووە

---

(1) LONGAN, Dictionary of English Language and Gulture, secondeditiong England, 1998, p.854.

پەپوولە: لەوچووە

لە جوانیدا: ڕووی لێکچوونە

دەڵێی: ئەوزارە

بەڵام ئەگەر هاتوو ڕستەکەمان کردە: (پەپوولەکە گریا).. ئەوا هەست دەکەین لادانی تیایە، چونکە بکەر و فرمانێک ڕستەییێکیان بەرهەمهێناوە، لەباری ئاساییدا ناشێ پێکەوە بێن، ئاخەر (گریان) حالەتێکە تایبەتە بە ئادەمیزاد، ئیدی پەپوولە ناگرییَ، چونکە پەپوولە بۆ واتای درووستی خۆی بەکارنەهێنراوە، بۆ ئەو منداڵە بەکارهێنراوە، کە لە جوانیدا وەکو پەپوولە وابوو، وەکو لە ڕستەکەی سەروو خستمانە ڕوو. کەواتە:

ئەو منداڵە: بکەری دروستە

پەپوولە: بکەری خوازەییە

ئەگەر سەیری ئەم دوو بکەرانەش بکەین، دەبینین سەرەتا پەیوەندی نێوان ئەم دوو بکەرانە پەیوەندی لێکچوونە، دوای ئەوە پەپوولە وەکو خوازە بۆ منداڵ بەکارهاتووە، خوازەکە زمانییە، چونکە وشەییێکە لە جیاتی وشەییێکی تر بەکارهاتووە، دیارە هەر خوازەییێکیش بەم شێوەیە هاتبێ، پێی دەگوترێت: (خواستن)، لە جۆرەکانی دیکەی (خوازە) جیا دەبێتەوە.

ئەگەر هونەری لێکچوواندن هونەرێکی سەرەتایی شیعر بێت لای شاعیر بۆ دروستکردنی وێنەی شیعری، ئەوا هونەری خواستن هونەرێکە پەیوەندی بە ئەزموون و پێگەیشتنی خەیاڵی شاعیرەوە هەیە لەو دروستکردنەدا، کەواتە ((چوواندن و خواستن ئەو دوو ڕێگا جیاوازەن، کە دەتوانین هەمان واتایان پێ دەربببڕین))[1]، لە (لێکچوواندن)دا هەندێ جار سیفەتی هاوبەشی دوو بنەڕەتە سەرەکیەکان دەستنیشان دەکرێت، بەڵام لە خواستندا هەمیشە ئەمە دەستنیشان ناکرێت، بەکراوەیی دەمێنێتەوە، ئەمەش وا دەکات جگە لەوەی شاعیر چەند هاوبەشێکی مەبەست بووە، خوێنەریش شتی نوێی بخاتەسەر.

---

(١) م. عبدالسلام سالار، پەیبردن بە جیاوازیی نێوان چەند هونەرێکی ڕەوانبێژی، گۆڤاری زانکۆی سلێمانی، بەشی B، ژمارە: (١٢)، سلێمانی، کانونی یەکەمی ٢٠٠٣، ل٥٦.

## پێناسەی خواستن لەڕووی پەیوەندیی بە خوازە

لەم ڕووەوە دەکرێ بە کورتی بڵێین: خواستن جۆرێکی خوازەی زمانییە، ((کە پەیوەندی نێوان بکەری درووست و بکەری خوازەیی، پەیوەندی لێکچوونە))[١]. واتە: وشەیەک لە جیاتی وشەیەکی تر بەکاردێت، پەیوەندی نێوان دوو وشەکە پەیوەندی لێکچوون بێت، ئەوا دەبێتە خواستن.

## پێناسەی خواستن لە ڕووی پەیوەندیی بە لێکچوواندنەوە

لەم ڕووەوە دەکرێ بە کورتی بگوترێ: خواستن ((لێکچوواندنێکە یەکێ لە بنەڕەتە سەرەکیەکانی لابراوە، هەمیشە پەیوەندییەکەی لێکچوونە))[٢]، واتە: خواستن هونەرێکە لە سەر بنەمای لێکچوواندنی ڕەوان دروست دەبێت، بەڵام ئەو کاتەی لێکچوواندنە ڕەوانەکە یەکێ لە دوو بنەڕەتە سەرەکییەکانی (لێچوو و لەوچوو) نەمێنن.

## بنەڕەتەکانی خواستن (أركان الاستعارە)

بەشێوەیەکی گشتی بنەڕەتەکانی خواستن بە سەر چوار بنەڕەتی سەرەکیدا دابەشدەکرێن:

١. لێخواستراو (المستعار منه): ئەوە (لەوچوو)ە.

٢. بۆخواستراو (المستعار له): ئەوە (لێچوو)ە، ئەم دووانەش (لێخواستراو و بۆخواستراو)، بە دوو لایەنەکانی خواستن ناو دەبرێن.

٣. خواستراو (المستعار): ((ئەو وشە گوازراوەو بەکارهاتووەیە، کە بە هۆیەوەی نەبێ، واتا نازانرێ))[٣]، واتە: ئەمە وشەی گۆکراوەکەیە.

٤. قەرینە: ((قەرینەی زمانی، یان واتایی، کە ڕێگری دەکات لەوەی مەبەست لە خواستن مانا لێخواستراوەکەی بێ))[٤]، واتە: ئەمە خواستنەکە ڕوون دەکاتەوە و ڕێگری دەکات لەوەی کەوا ئەو وشەیەی خواستنی دروستکردووە، بۆ واتای درووست و بنجی بەکارهاتبێت، هۆکارێکی یاخود نیشانەیەکی ڕوونکەرەوەیە وا دەکات، پێت بڵێت: ئەم وشەیە بۆ چ واتایەک

---

(١) ئیدریس عەبدوڵڵا مستەفا، لایەنە ڕەوانبێژییەکان لە شیعری کلاسیکی کوردیدا، ل١٨٧.

(٢) على جارم، مصطفى أمين، البلاغة الواضحة في البيان و المعاني و البديع، دليل البلاغة الواضحة، حققه و علق: قاسم محمد النوري، الطبعة الاولى، مكتبة دار الفجر، دمشق ـ بيروت، ١٤٣٥هـ ـ ٢٠١٤م، ص١٤١.

(٣) أحمد مطلوب، د. كامل حسن البصير، البلاغة و التطبيق، ص٣٣٥.

(٤) أحمد مطلوب، د. كامل حسن البصير، البلاغة و التطبيق، ص٣٣٥.

بەکارهاتووە. (د. وداد نوفل)یش بەهەمان شێوە بنەڕەتەکانی خواستن بە سەر چوار بنەڕەت دابەش کردووە[1].

بۆ نمونە: ئەگەر وتمان (گورگەکە هاواری کرد)

لێخواستراو: (ناوی گیاندارێک)ە

بۆخواستراو: (ئادەمیزاد)ە

خواستراو: گۆکراوی (گورگ)ە

قەرینە: هاوار کردنە، کە دراوەتە پاڵ گورگ، لە باری ئاساییشدا هاوار کردن سیفەتی مرۆڤە و تایبەتە بە مرۆڤەکان، نەوەک بە گورگ.

**باسی دووەم: جۆرەکانی خواستن**

بەشێوەیەکی گشتی هەر لە سەرەتاوە دەبێ ئەوە بزانین، کە خواستن بەپێی ئەو دەربڕینە زمانییەی دروستی دەکات، دوو جۆری خواستن هەیە، ئەوانیش بریتینە لە (خواستنی تاکە وشە) و (خواستنی دەربڕینی لێکدراو).

**یەکەم: خواستنی تاکە وشە (الاستعارە المفرد)**

((ئەوەیە کە لێخواستراو تەنیا وشەیەک بێ))[2].. وەکو بڵێی: (شێرەکە بە شمشێرەوە هات). واتە: جەنگاوەرەکە وەکو (شێر) هات، (شێر) لێخواستراوەو تاکە وشەیە. واتە: لەم جۆرەدا وشەی خواستراوەکە سادە دەبێت.

گەهێ بۆ شاهەکەی ئەو ڕەنگی تەمکین
گەهێ بۆ ماهەکەی بورجی وەقووری... ل١٢١

خواستن لە (ماهەکە) دایە، کە تاکە وشەیەکە، بە واتای (کەسێک) دێت، قەرینە (وقووری)یە، کە تایبەتە بە ئادەمیزاد، بەڵام ئەگەر (مەبەست لە ماهی ئاسمان بووایە، دەبوو سیفەتی (ویقاڕ)ی پێ نەدات، بەوە خواستنی تاکە وشە بەرهەمهاتووە.

(١) بڕوانە: د. وداد نوفل، علم البيان، ص٥٠ ـ ٥١.
(٢) راضی نواصرة، البلاغة و البيان و فصاحة الكلام عند سيدنا الإمام، ص٦٩. هەروەها بڕوانە: د. محمد مصطفى أبو شوارب، د. أحمد محمود المصرى، قطوف بلاغية، الطبعة الأولى، دار الوفاء، الإسكندرية، ٢٠٠٦، ص٩٥.

وتم: ئەی خەتت و خامەت میل و سورمەی چاوی مەهجووران
وتم: ئەی بۆیی نامەت بۆیی جامەی ماهی کەنعانی... ل١٣٠.

خواستن لە (ماهی کەنعان)دایە، کە تاکە وشەیەکی لێکدراوە، واتە: حەزرەتی (یوسف)ە، قەرینە (جامە)یە، واتە: کراس کە تایبەتە بە ئادەمیزاد، بەمەش خواستنی تاکە وشە بەرهەمهاتووە.

دەبێ بڵێین زۆربەی جۆرەکانی خواستنیش کە لەم نامەیە، یان لە نامە و کتێبەکانی تایبەت بە خواستن هەنە، هەر لە سەر بنەمای خواستنی تاکە وشەن، بۆیە لەم نامەیەدا بەتێرو تەسەلی باس لەو جۆرانەی خواستن، کە بەری تاکە وشەنە دەکەین و نمونەی پێویستیان لە شیعرەکانی بێخود دەخەینە بەر چاو.

**دووەم: خواستنی دەربڕینی لێکدراو (الاستعارة المركبة او التمثيلية)**

((ئەم خواستنە لە کۆمەلە وشە، یان لە دەربڕینی پێکهاتوو لە چەند وشەیێک پێکدێت، نەک لە تاکە وشە))[1]، واتە ئەو جۆرە خواستنەیە، کە بۆخواستراوەکەی گوتەیێکی لێکدراو بێت، واتە: تیایدا بۆخواستراو وێنەیەکە، بە واتایەکی تر ((ئەوەیە کاتێک کە ڕستەیەک بە پەیوەندی لێکچوون لە بێجگەی مانای بنەڕەتی خۆی بەکاربهێنرێت پێی دەڵێن خواستنی تەمسیلی))[2].. بۆ نمونە:

چرا ئیمشەو کەوا فرمێسک ئەڕێژی
ئەڵێی هەر بۆ منی پەروانە ئەگری... ل١١٨.

لە بنجدا لە نیوە دێری یەکەمی ئەم دەربڕینەدا لێکچواندنێکی بەم شێوەیە هەبووە، گوتراوە (چرا وەکو مرۆڤ فرمێسک ئەرێژێ).. لەمەشدا:

چرا: لێچووە

وەکو: ئەوزارە

مرۆڤ: لەوچووە

---

(١) ئیدریس عەبدوڵڵا مستەفا, لایەنە ڕەوانبێژییەکان لە شیعری کلاسیکی کوردیدا, ل١٩١.
(٢) محمد حسين محمدى، بلاغت (معانى، بيان، بديع)، چاپى دوم، انتشارات زوار، تهران، ١٣٩٠، ص١٠٠.

فرمێسک ئەرێژێ: ڕووی لێکچوونە، کە ئەم وێنەیە بە ماناکانی فرمێسک دارشتنی چرا، داوەرینی دلۆپی مۆمی تواوەیە.. ، واتە: ڕووی لێکچوونەکەی زیاتر لە شتێکەوە دروستبووە.

لە پاشان ئەم لێکچوواندنە تێکدراوە و بنەڕەتەکانی لابراون، ئەوەی ماوەتەوە (لێچوو)ە و (لەوچوو)ش لابراوە، بەڵام پەیوەستێکی (لەوچوو) کە (فرمێسک ڕێشتن)ە دراوەتەپاڵ (لێچوو)، قەرینەش ئەوەیە، کە فرمێسک ڕێشتن دەدرێتەپاڵ مرۆڤ نەک شتی بێ گیان، چراش شتێکی بێ گیانە، ناشێ لە باری درووستدا سیفەتی مرۆڤی بدرێتەپاڵ، ئەوەش نواندنێکی جوانە، بۆیە بەمجۆرەی خواستن دەگوترێت: (خواستنی دەربڕینی لێکدراو، یان خواستنی وێنەیی).

## جۆرەکانی خواستنی تاکە وشە

خواستنی تاکە وشە بە بەرچاوگرتنی چەندین ڕەهەند جۆرەکانی دەستنیشان دەکرێت، لە خوارەوە بە بەرچاوگرتنی یەکەیەکەی ئەو لایەنانە جۆرەکانی خواستنی تاکە وشە دەخەینە ڕوو:

### یەکەم: خواستن بە بەرچاوگرتنی جۆری وشە خواستراوەکان

مەبەست لە جۆری وشە خواستراوەکان پێکهاتەی فەرهەنگی وشەکانە، بە بەرچاوگرتنی ئەم لایەنە دوو جۆری خواستن دەستنیشانکراوە، بریتینە لە خواستنی بنجی و خواستنی شوێنکەوتەیی.

#### ١. خواستنی بنجی (الاستعارة الاصلية)

((ئەوەیە کە وشەی لێخواستراو ناوی ڕەگەز و لە هیچ چاوگێکەوە نەهاتووە، جا ئەگەر ناوی خود (ڕووت) بێ، وەکو شێر، خوێن، ... یان ناوی واتا بێ، وەکو کوشتن و خەوتن و واگایی))[(١)]، واتە: لێرەدا وشەی لێخواستراو ناوێک بێت، نەچێتە سەر هیچ یەکە لە چاوگەکان،

(١) بلقاسم ساعی، محاضرات في فن البيان و البديع، الطبعة الاولى، دار الكتاب الحديث، قاهره، ٢٠١٤، ص٩٥.

به واتایەکی تر ((ئەوەیە وشەی خواستراوە، یان ئەو دەربڕینەی ناوێکی لێ بەرهەمهێنراوە، لێوەرگیراو (مشتق) نەبێ))[1]. بۆ نمونە:

چیە یارب کە ناوی ((کاک)) ئەبەن زاهیر دەبێ شەوقم
دەڵێ بۆ زەرڕەییێکی بێ نەوا خورشیدی رەخشان هات... ل٢٨.

خواستن لە (خورشیدی رەخشان)دایە، بە واتای یاری وەکو ڕۆژ جوانە دێت، قەرینە (هات)ە، کە تایبەتە بە ئادەمیزاد، بەڵام ئەگەر مەبەست ڕۆژی ئاسمان بووایە، دەبوو بڵێ (هەڵدێتەوە).

ئەو وشەی (خورشید)ە ناوێکە ناچێتەوە سەر چ (چاوگ)ێک و لە چ (چاوگ)ێک وەرنەگیراوە، بەڵکو وشەییێکە بوونێکی فەرهەنگی سەربەخۆی هەیە، بۆیە ئەو خواستنەی درووستی کردووە، پێی دەگوترێت: خواستنی بنجی.

تا لە من ئەو ماهی چاو بە خومارە خۆی ون کردووە
تیفڵی دڵمی تووشی بیماری سەر و بن کردووە... ل١٠٢.

خواستن لە (ماهـ)دایە، بە واتای یاری وەکو مانگ چاو جوان هاتووە، قەرینە (چاو بە خومار)ە، کە سیفەتی مرۆڤە، نەوەک ماهی ئاسمان.

ئەو وشەی (ماهـ)ە، ناوێکە ناچێتەوە سەر چ (چاوگ)ێک و لە چ (چاوگ)ێک وەرنەگیراوە، بەڵکو وشەییێکە بوونێکی فەرهەنگی سەربەخۆی هەیە، بۆیە ئەو خواستنەی درووستی کردووە، پێی دەگوترێت: خواستنی بنجی.

دەمێ بوو ((صافی)) یا نادیدە دڵ بووبوو بە پەروانەت
بەکامی خۆی گەیی بیستی کەوا شەمعی شەبوستان هات... ل٢٨.

خواستن لە (شەمعی شەبوستان)دایە، واتە: کەسێکی جوانی روخسار روناکی وەکو چرا، قەرینە (هاتن)ەو حەسادەتی (ئەو ـ دڵ)ە، کە وەکو دەزانرێ مرۆڤ حەسودی بە مرۆڤ دەبات نەک بەشتی تر.

---

(١) ابن عبدالله أحمد شعيب، الميسر في البلاغه العربية، دروس وتمارين، الطبعة الأولى، دار ابن حزم، بيروت ـ لبنان، ١٤٢٩هـ ـ ٢٠٠٨م، ص٩٣.

وشەی (شەمع)یش ناوێکە ناچێتە سەر چ (چاوگ)ێک و لە چ (چاوگ)ێک وەرنەگیراوە، بەڵکو وشەییێکە بوونێکی فەرهەنگی سەربەخۆی هەیە، بۆیە ئەو خواستنەی دروستی کردووە، پێی دەگوترێت: خواستنی بنجی.

**٢. خواستنی شوێنکەوتەیی (الاستعاره التبعية)**

((ئەوەیە وشەی خواستراو، یان ئەو دەربڕینەی ناوێکی لێ بەرهەمهێنراوە، ناوێکی لێ وەرگیراو (مشتق) یان فرمانێک بێ))[1]، یان بەم جۆرەش دەتوانین بڵێین ((ئەوەیە، کە ئەو وشەیەی خواستنەکەی تیایە، فرمان بێ، یان وەرگیراو (مشتق) بێ))[2]، واتە: ئەو خواستنەیە، کە وشەی خواستراوی فرمانێک یان هەر وشەییێکی دیکە بێت و بچێتەوە سەر یەک لە چاوگەکان . بۆ نمونە:

کە گوڵ رۆیی لە باخا بۆ نەناڵن
هەتا مردن هەزاران وەک هوزاران... ل٧٥.

خواستن لە (رۆیی)دایە، ئەم فرمانە لە چاوگی (رۆیشتن)ەوە وەرگیراوە، واتە: خواستراوەکە شتێکە شوێنکەوتەی چاوگە، واتە: گوڵ مرد، پەیوەندی نێوان (مرد) و (ڕۆیی) پەیوەندی لێکچوونە، چونکە ئەوەی (مرد)، ئەوە (دەڕوا)، بۆیەش بەمە خواستنی شوێنکەوتەیی درووستبووە.

**دووەم: بە بەرچاوگرتنی دوو لایەنەکانی خواستن**

بە بەرچاوگرتنی دوو لایەنەکانی خواستن (لێخواستراو و بۆخواستراو) دوو جۆری خواستن هەیە، بریتینە لە خواستنی ئاشکرا و خواستنی درکاو.

---

(١) ابن عبدالله أحمد شعيب، الميسر في البلاغه العربية، دروس وتمارين، ل٩٤.
(٢) محمد أمين الضناوي، معين الطالب في علوم البلاغة (علم المعانى ـ علم البديع ـ علم البيان)، الطبعة الاولى، دار الكتب العلمية، بيروت ـ لبنان، ١٤٢١هـ ـ ٢٠٠٠م، ص١٠٥

### ١. خواستنی ئاشکرا (الاستعارة التصريحية)

((ئەوەیە، کەبە ئاشکرا (لەوچوو)ەکەی هاتووە))[١]. واتە: لێچووەکەی نەماوە، هەروەها بەم شێوەیەش دەتوانین بڵێین ((ئەگەر لێچوومان لابرد و تەنیا لەوچوومان هێشتەوە، ئەوا نیازی خۆمان بە ئاشکراو ڕاشکاوی خستۆتە ڕوو...))[٢]، واتە: ئەو خواستنەیە، کە لە دوو بنەڕەتە سەرەکییەکانی لێکچوواندن (لێچوو و لەوچوو)، تەنها (لەوچوو)ی مابێتەوە، بۆیە پێی دەوترێت ئاشکرا، چونکە (لەوچوو) بە ئاشکرا لە جیاتی وشەیێکی دیکە بەکاردێت، بۆ نمونە:

مەپرسە جاهـ و حیشمەتی دوو بێچوە شێری حەیدەری
لە خادیمێکی بێشە یان چ سوونتی و چ جەعفەری... ل٢٠.

(دوو بێچوە شێر) واتە: (دوو منداڵ)، شێر بە ئاشکرا بۆ ئەو مەبەستە خواستراوەو ئەدای کاری خۆی کردووە، قەرینەش: (حەیدری)یە، کە نازناوی (ئیمامی عەلی)یە، دوو منداڵیش مەبەست لە دوو کوری ئیمامی (عەلی)یە، کە ئەویش (حەسەن و حوسێن)ن. بەمەش خواستنی ئاشکرا بەرهەم هاتووە.

لە جێگەیێ جەنابی ئەو کە بوو ئیتر سەگی لەعین
لە ترسی شێری هەیبەتی بەلوورەلوور فیرار ئەکا... ل١٩.

(سەگی لەعین) واتە: شەیتان، سەگ بە ئاشکرا بۆ ئەو مەبەستە خواستراوەو ئەدای کاری خۆی کردووە، قەرینەش: (لەعین)ە، واتە: نەفرەت لێکراو و مەلعوون و نەعلەت لێدراوە، کە ئەمەش بۆ شەیتان بەکاردێت نەک بۆ گیانلەبەر، بەمەش خواستنی ئاشکرا بەرهەم هاتووە.

دیدەکەم لەو ڕۆژەوە من ئاشناتم، ڕۆحەکەم
ئاشنایێکی بەگیان و دڵ فیداتم، ڕۆحەکەم... ل٦٧.

(دیدەکەم، ڕۆحەکەم) واتە (کەسێکی ئازیزو خۆشەویست وەکو چاو و روحەکەم)، (دیدەکەم، ڕۆحەکەم) بە ئاشکرا بۆ ئەم مەبەستە خواستراوەو ئەدای کاری خۆی کردووە،

---

(١) جمال إبراهيم قاسم، البلاغة الميسرة، الطبعة الاولى، دار ابن الجوزي، مصر ـ القاهرة، ١٤٣٣هـ ـ ٢٠١٢م، ص١٧٨.

(٢) محمد علي سلطاني، المختار من علوم البلاغة و العروض، الطبعة الاولى، سوريا ـ دمشق، ١٤٢٧هـ ـ ٢٠٠٨م، ص١٠٠.

قەرینەش (ئاشناتم)ە، واتە: ناسینی کەسێک، دیارە مەبەست لێی ئاشنابوونی یارەکەیەتی، بەمەش خواستنی ئاشکرا بەرهەم هاتووە.

سەلاتی حەق لەسەر شەهێ کە شەق ئەکا قەمەر لە دوور
سەلامی حەق لەسەر مەهێ کە ئەسپی خۆر لە غار ئەکا... ل٢١.

(مەهێ) واتە: پێغەمبەر (صل الله علیه وسلم)ە، (مەهـ) بە ئاشکرا بۆ ئەو مەبەستە خواستراوەو ئەدای کاری خۆی کردووە، قەرینەش (سەلام)ە، تایبەتە بە ئادەمیزاد، بەمەش خواستنی ئاشکرا بەرهەم هاتووە.

### ٢. خواستنی درکاو (الاستعارة المکنیة)

((ئەو خواستنەیە، کە (لەوچوو)ەکەی نەماوەو تەنیا یەکێ لە پەیوەستەکانی هاتووە، وەکو بەڵگەیەک لە سەری، بەڵام (لێچوو)ەکەی ماوە))[1]. واتە: ئەو خواستنەیە، کە لە دوو بنەڕەتە سەرەکیەکانی لێکچوواندن (لێچوو و لەوچوو)، تەنها (لێچوو) مابێتەوە و لەگەڵ پەیوەستێکی (لەوچوو) بدرێتە لێچوو، ئەمەش پێچەوانەی خواستنی ئاشکرایە، ((ئەوەیە، کە (لەوچوو)ەکەی نەماوە و بەڵام بەیەکێ لە پەیوەستەکانی هێمای بۆ دەکرێ))[2]. بۆ نمونە:

شەقێن ئەکا بە سەد سەری ((قوباد)) و تاجی قەیسەری
هەتا نەچیتە ((کەربەلا)) گران ئەزانی ئەی پەری
کە کۆمەڵی مەلەک لەوێ لە قافڵەی ((زُوّار)) ئەکا... ل٢٠

خواستن لە (سەری قوباد و تاجی قەیسەری)یە، (سەر) و (تاج) بە تۆپ چوویێنراوە، کە لەبنجدا شەقی لە سەر و تاج دەدا وەکو تۆپ.

سەر و تاج: لێچووە

تۆپ: لەوچووە

وەکو: ئەوزارە

شەق: ڕووی لێکچوونە

---

(١) بلقاسم ساعي، محاضرات في فن (البیان و البدیع)، ص٩٠.
(٢) جمال إبراهیم قاسم، البلاغة المیسرة، ص١٧٨.

دواتر لەم لێکچوواندنەدا لە دوو بنەڕەتە سەرەکییەکانی (لەوچوو) لابراوەو تەنیا لێچوو ماوەتەوە، پەیوەستێکیش لە لەوچوو دراوەتە لێچوو، چونکە تۆپانێ بە تۆپ دەکرێ نەک بەسەر، بەمەش خواستنی درکاو بەرهەم هاتووە.

شوکری خودا بەتیری توهەمتەن وەک ئەشکەبووس*
سینەی عەدوو بە تێغی حەسادەت فگارتە... ل١٥٦.

خواستن لە (تێغی حەسادەت)ە، حەسادەت بە عەسکەر چوونراوە، کە لەبنجدا حەسادەت وەکو عەسکەر تێغی هەیە.

حەسادەت: لێچووە

عەسکەر: لەوچووە

وەکو: ئەوزارە

تێغ: ڕووی لێکچوونە

دواتر لەم لێکچوواندنەدا لە دوو بنەڕەتە سەرەکییەکانی (لەوچوو) لابراوەو تەنیا لێچوو ماوەتەوە، پەیوەستێکیش لە لەوچوو دراوەتە لێچوو، بەمەش خواستنی درکاو بەرهەم هاتووە.

**سێیەم: بە بەرچاوگرتنی بۆ گونجاوەکان (الملائمات)**

بە بەرچاوگرتنی بۆ گونجاوەکان، ئەوانەی لەگەڵ لێچوو گونجاون، یان لەگەڵ لەوچوو گونجاون، یان لەگەڵ هەردووکیان گونجاون، سێ جۆری هەیە:

**١. خواستنی ڕەها (الاستعاره المطلقة)**

((ئەو خواستنەیە، کە دەشێ ئەو سیفەتی لەگەڵی هاتووە، بۆ لێخواستراو و بۆخواستراو گونجاو بێ و دەشێ هیچیش نەهاتبێ لەگەڵیان گونجاو بێ))[1].. بۆ نمونە:

* توهەمتەن: لەقەبی ڕۆستەمی زاڵە، واتا: ئازا، پاڵەوان، جەستەی شیرنەبڕ. ئەشکەبووس: ناوی پاڵەوانە.

(١) محمد التونجی، معجم علوم العربیة، الطبعة الأولی، دار الجیل للنشر و للطباعة والتوزیع، بیروت ــ لبنان، ١٤٢٤هـ ـ ٢٠٠٣م، ص٣٨.

له سەر وەتراخی دەشتی ڕۆح و شاخ و داخی بەرزی دڵ
هومای ئەوجی سەعادەت، بازی عیرفان ئاشیان ڕۆیی... ل١٣٨.

له نیوه دێری دووەمدا خواستن له هومای سەعادەت دایه، واته: باڵندەی بەختیار و کامەرانی، سەعادەت سیفەتێکه گونجاوه لەگەڵ لێچوو (باڵنده) و لەگەڵ لەوچووش (هوما)، هەروەها خواستن له (بازی عیرفان)یشدایه، واته: باڵندەی عیرفان، عیرفان سیفەتێکه گونجاوه لەگەڵ لێچوو (باڵنده) و لەگەڵ لەوچووش (باز)، ڕۆیی لەژێر هەریەکیان بێ ئاساییه.

## ٢. خواستنی پاڵێوراو (الاستعارة المرشحة)

((ئەو خواستنەیه، که هەندێ سیما و تایبەتمەندی هەیه، که گونجاون لەگەڵ لەوچوو.. وەکو بۆ پیاوی ئازا دەلێین .. شێرێکی چڕ نووک تیژ هێرشی کرده سەر دوژمنەکان. ئەم خواستنه (پاڵێوراو)ه چونکه پیاوه ئازاکه به شێر چووێنراوه، ئەمەش له بەر ئەو هێزەی که شێر هەیەتی، هەر چەنده زێده ڕۆیشی تیایه، جا (چر نووک تیژ) که سیفەتی (لەوچوو)ه بۆ شێرەکه وەکو سیفەت زیاد کراوه، بەو سیفەته دەگوترێ (الترشیح) پاڵێوراو))[1]. واته: ئەو خواستنەیه که سیفەتێکی تیایه گونجاوه لەگەڵ لێخواستراو، به واتایەکی تر ((ئەوەیه، لەگەڵیدا شتێک هاتووه، که لەگەڵ لەوچوو گونجاوه))[2]، بۆ نموونه: (قەله ڕەشه باڵشکاوەکەم بینی). باڵ سیفەتی (لەوچوو)یه که قەلەڕەشه، ئەمه له جیاتی مرۆڤێک هاتووه، که لێچووه، بەڵام مرۆڤ باڵی نییه.. بۆ نموونه:

ئەمن ((قطمیر))ی ئێوه و ئێوه ((اصحاب الرقیم))ی من
له بۆ کەهفی ئەمانەت وا سەگی دەرگانەکەی خۆت هات... ل٢٧.

خواستن له (سەگی دەرگانەکە)دایه، واته: کەسێکی وەکو سەگی بەردەرگا هات.. شتێک هاتووه پەیوەندی به سەگەوه هەیه ئەویش (دەرگایه)، ئەمەش زیاتر سیفەتی سەگه نەوەکو کەس، کەس (لێچوو)ەو سەگ (لەوچوو)ه، (سەگی دەرگانەکه)، سیفەتی سەگەکه لەبەر دەرگا ڕادەوەستێ بۆ پاسەوانی، واته: سیفەتی سەگه و لەگەڵ لەوچوو گونجاوه، بەمەش خواستنی پاڵێوراو بەرهەم هاتووه.

---

(١) ولید إبراهیم قصاب، البلاغة العربیة (علم البیان)، ص١٧١.
(٢) على جارم، مصطفى أمين، البلاغة الواضحة في البيان و المعاني و البديع، دليل البلاغة الواضحة، ص١٦٨.

### ٣. خواستنی پەتی (الاستعارة المجردة)

((ئەوەیە، لەگەڵیدا شتێک هاتووە، کە لەگەڵ لێچوو گونجاوە))[١]، دەبینین ئەم جۆرە پێچەوانەی خواستنی پاڵێوراوە، چونکە ئەو شتەی لەگەڵیدا دێت لە (بۆخواستراو)ەوە نزیکە، یان ((ئەوەیە، کە وشەی خواستراو یان ئەو دەربڕینەی شتێکی لێ وەرگیراوە لەگەڵ بۆخواستراو گونجاوە))[٢]، وەکو شێرێکی شمشێر بە دەستم بینی.. (شمشێر) سیفەتی (مرۆڤی ئازایە)، کە (لێچوو)ە، بەڵام شێر کە (لەوچوو)ە، ناتوانی شمشێر هەڵبگرێ. کەواتە ئەو خواستنەیە، کە سیفەتێکی تیایە گونجاوە لەگەڵ بۆخواستراو.. بۆ نمونە:

ئەی باخەوان مەزانە کە زستان گەڕایەوە
موژدەم بەرێ کە بۆ چلە ئەم بەفرە شین ئەکا... ل٢٣.

خواستن لە (بەفرە شین ئەکا)دایە، بۆ لێچوو گونجاون، کە (مرۆڤ)ە، نەک بۆ (بەفر) کە لەوچووە، چونکە گریان سیفەتی مرۆڤە و بەفر ناگریێ، بەمەش خواستنی پەتی (مجرد) بەرهەم هاتووە.

ئەم شایی و سرووورە لە شەوقی بەهارە، یا...
عەشقی گوڵێکە عەفووی هەموو موزنیبین ئەکا؟... ل٢٣.

(عەفو) سیفەتێکە لەگەڵ بۆخواستراو کە (مرۆڤ)ە گونجاوە، نەک لەگەڵ (گوڵ) کە لێخواستراوە، بەمەش خواستنی پەتی (مجرد) بەرهەم هاتووە.

### چوارەم: بە بەرچاوگرتنی (هەستی و ئەقڵی) دوو لایەنەکانی خواستن

هەر وەک چۆن لە بەشی لێکچوواندندا هەستی و ئەقڵی دوو لایەنەکەمان دیاریکرد، ئەوا لێرەشدا بە هەمان شێوە دیاری دەکەین، تاکە جیاوازیش ئەوەیە، کە لە لێکچوواندندا هەردوو لایەنەکە (لێچوو و لەوچوو) لە دێڕە شیعرەکەدا بەرچاو دەکەوت، بەڵام لە خواستندا تەنیا لایەنێکیان بە دیار دەکەوێت یان بۆخواستراو یان لێخواستراو، بە بەرچاوگرتنی ئەوەی

(١)على جارم، مصطفى أمين، البلاغة الواضحة في البيان و المعاني و البديع، دليل البلاغة الواضحة، ص١٦٨.
(٢) حسنى عبدالجليل يوسف، علم البيان بين القدماء و المحدثين، الطبعة الأولى، دار الوفاء الإسكندرية، ٢٠٠٧، ص٥٣.

دوو لایەنەکانی خواستن (لێخواستراو) و (بۆخواستراو) هەر یەکەیان هەستینە، یان ئەقڵینە، ئەمجۆرانەی خواستنمان لای ئەم شاعیرە (بێخود) بەدیکرد:

**١. خواستنی ئەقڵی هەستی (الاستعارة المعقول للمحسوس)**

ئەو خواستنەیە ((کە بابەتێکی ژیری بهێنرێتەوە و بخوازرێت بۆ بابەتێکی هەستی))[١]، واتە: لێچوو (بۆخواستراو)ەکەی (ئەقڵی)بێت و لەوچوو (لێخواستراو)ەکەی (هەستی)بێت.. بۆ نمونە:

تۆزی بێ دینی عەجەب جادەی ویلایەت ون ئەکا
گێژەڵووکەی مەعسیەت ڕێگەی هیدایەت ون ئەکا... ل٤٠.

خواستنی درکاو لە (ڕێگەی هیدایەت)دایە، واتە: هیدایەت وەکو شارێک ڕێگەیەکی هەیە بۆ پێگەیشتنی، ڕێگا هی شارەکەیە لەوی وەرگیراوە و دراوەتە بە هیدایەت.

هیدایەت: لێچووە، ئەقڵییە

شار: لەوچووە، هەستییە

کەوابێ خواستنی ئەقڵی هەستی بەرهەم هاتووە.

گەهێ زامداری تێغی ناز و غەمزەم، چارێ ئەی جەڕڕاح
گەهێ بیماری چاوم، ئەی ڕەئیسی سیحە دەرمانێ... ل١٢٩.

خواستن لە (تێغی ناز و غەمزەم)دایە، تیغ هی عەسکەرە نەک هی ناز، واتە: ناز و غەمزە وەکو عەسکەرن تیغیان هەیە.

ناز و غەمزە: لێچووە، ئەقڵییە

عەسکەر: لەوچووە، هەستییە

کەوابێ خواستنی ئەقڵی هەستی بەرهەم هاتووە.

---

(١) هەژار فەقێ سلێمان حسێن، ڕوونبێژی لە شیعری مەحوی دا، ل١٤٠.

### ٢. خواستنی هەستی هەستی (استعاره المحسوس لمحسوس)

((ئەو خواستنەیە کە هەردوو لاکە هەستی بن و بە هەستەکان درکیان پێبکەین))[١] ، واتە: لێچوو (بۆخواستراو)ەکەی (هەستی) بێت و لەوچوو (لێخواستراو)ەکەشی (هەستی) بێت.. بۆ نمونە:

وەرە تۆش وێڵی شەوقی شەو ڕەوی بە
کە بەو ڕەش بووە چاوی کاڵی ((خورشید))... ل٤٢.

خواستن لە (چاوی کاڵ)دایە، چونکە سیفەتی مرۆڤە و دراوەتە خورشید (رۆژ)، لێرەدا خورشید (بۆخواستراو)ە، هەستییە، مرۆڤ کە بە قەرینەی (چاوی کاڵ) دەیدۆزینەوە (لێخواستراو)ە، هەستییە، بەمەش خواستنی هەستی هەستی دروستبووە.

کە لێوی گوڵ بە هەناسەم ئەگا، ئەڵێی ئاخۆ
چ خونچەیێکە بە دەم بای سەباوە پێ ئەکەنێ!؟... ل١٣٢.

خواستنی ئاشکرا لە (لێوی گوڵ)دایە، واتە: (گوڵ وەکو ئادەمیزاد لێوی) هەیە، لێو هی ئادەمیزادە لە ئەو وەرگیراوە و دراوەتە گوڵ.

گوڵ: لێچووە، هەستییە

ئادەمیزاد: لەوچووە، هەستییە

بەمەش خواستنی هەستی هەستی دروستبووە.

### ٣.خواستنی ئەقڵی ئەقڵی (استعاره المعقول لمعقول)

ئەو خواستنەیە، کە لێچوو (بۆخواستراو)ەکەی (ئەقڵی) بێت و لەوچوو (لێخواستراو)ەکەشی (ئەقڵی) بێت، واتە: هەردوو لایەنەکە ئەقڵی بێت.. بۆ نمونە:

سەرسەڕی مردن کە هات و دای بەبا وەک گەردەلوول
خەرمەنی عومری تیجارێکی نەجیب ئەی ((بُوالفُضُول))... ل١٥٢.

---

(١) هەژار فەقێ سلێمان حسێن، ڕوونبێژی لە شیعری مەحوی دا، ل١٣٧.

خواستن له (سەڕسەڕی مردن)دایە، سەڕسەڕ: بەمانای ڕەشەبای توند دێت، واتە: مردن وەکو بای (صەڕصەڕ) هات.

مردن: لێچووە، ئەقڵییە

بای صەڕصەڕ: لەوچووە، ئەقڵییە

بای (صەڕصەڕ) بایەکە لە قورئانی پیرۆزدا ناوی هاتووە [وأما عادٌ فأهلكوا بريحٍ صرصرٍ عاتيه]... [الحاقة/٦]، [فصلت/١٤، ١٥]، [القمر/١٨، ١٩]، کە تایبەتن بە لە ناو بردنی قەومی عاد، قەومی عادیش بەرەشەبا یەکی ساردی بەهێزی وێرانکەر لە نێو بران، شاعیر لەم دێرە شیعرەشدا مردنی بەبای صەڕصەڕ چواندووە، بەمەش خواستنی ئەقڵی ئەقڵی دروستبووە.

**پێنجەم: بە بەرچاوگرتنی (گونجاوی و نەگونجاوی) دوو لایەنەکانی خواستن**

بە بەرچاوگرتنی ئەوەی دوو لایەنەکانی خواستن (لێخواستراو) و (بۆخواستراو) پێکەوە گونجاون یان نەگونجاون، دوو جۆری خواستن هەیە، ئەوانیش بریتینە لە:

**١. خواستنی گونجاوی (الاستعارة الوفاقية)**

((ئەوەیە کە تیایدا لێچوو و لەوچوو دوو وشەی پێکەوە دژ، یان پێچەوانە نەبن، بەڵکو دوو وشە بن، لە ڕووەکانی عەقڵی و کۆمەلایەتی، ئاسایی بن، لەوەی کەوا پێکبگەن.. بۆیەش ئەو ناوەی لێنراوە (گونجاوی)، چونکە گونجان لە نێوان لە نێوان دوو لایەنەکانی هەیە))[١]، بەو واتایەی لەکاتی هێنانەوەی خواستنی سیفەتی شتێک بۆ شتێکی تر لەو هێنانەوەیەدا گونجاوێک هەبێت لەنێوانیاندا، واتە: ((ئەوەیە کە لە پێکەوە هاتنی دوو لایەنەکانی خواستن لە کەسێک یان شتێک دروست دەکرێت))[٢]، هەموو خواستنێک دەگرێتەوە کە هەردوولا پێکەوە بگونجێن.. بۆ نمونە:

ئەگەر ڕووی ماهی من ساتێ نەبینێ
ئەبێ ئاخۆ چ بێ ئەحواڵی ((خورشید))... ل٤١.

---

(١) وليد إبراهيم قصاب، البلاغة العربية (علم البيان)، ص١٦٧.
(٢) محمد حسين محمدى، بلاغت (معانى، بيان، بديع)، ص٩٧.

خواستن له (ماهـ)دایه، مرۆڤ به (ماهـ) چوێنراوه، له پاشان بینین له مرۆڤەوه وەرگیراوه دراوەته به ماهـ واته: (ماهـ) بەكائینێكی زیندوو چوێنراوه، كه زۆر ئاساییه (ماهـ) و مرۆڤ بەیەكەوه بچوێنرێن، بەمەش خواستنی گونجاوی بەرهەم هاتووه، چونكه گونجان له نێوان لێچوو و لەوچوودا هەیه.

## ٢. خواستنی نەگونجاوی (الاستعاره العنادية)

پێچەوانەی خواستنی گونجاوه، ((ئەو خواستنەیه لێچوو و لەوچوو دوو وشەی پێكەوه دژ، یان پێچەوانەی یەكن، به شێوەیەک كه عەقڵ قەبوڵی ناكات پێكەوه كۆببنەوه))[١]، به واتای هێنانی سیفەتی شتێک بۆ شتێكی تر، كه ئەو دوو سیفەته پێكەوه نەگونجێن و دوور بن له یەكەوه، بۆ نمونه: موژده بۆ دۆستایەتیه ئەقڵ قەبوڵی ناكات بۆ سوكایەتی پێكردن بێت، بەڵام وەكو شێوازی سوكایەتی پێكردن، دەهێنرێت. به واتایەكی تر ((ئەوەیه، باری لێكچوواندنی نێوان هەردوو لایەنەكان، لەسەر وازهێنان له وەک یەكی سیفەتەكان دامەزرابێ))[٢]، بۆ نمونه: (موژده) و (ئازاری سەخت) هاوسیفەت نینه و بۆ یەک ناگونجێت، تەنها بۆ ڕیسوا كردن ئەم دەربڕینه دێت.

نمونه بۆ ئەم جۆره خواستنه وەكو لەم ئایەته پیرۆزەدا هاتووه: [فَبَشِرهُم بِعَذابٍ أليمٍ]... [ال عمران/٢١]، [الانشقاق/٢٤]، [التوبه/٣٤]، تایبەته بەو كەسانەی ماڵی خەڵک بەستەم و حەرام دەخۆن، واته: ((موژدەی سزایەكی پڕ ئێشیان پێ بده!))[٣].

(موژده دان بۆ سزا) لەم ئایەتەدا بۆ پیشاندانی ئەو وێنەیه هاتووه، موژده و سزا هاوسیفەت نینەو لەگەڵ یەكدا ناگونجێن و مەبەست له خواستنی نەگونجاوه و بۆ ڕیسوا كردن بەكارهاتووه، بۆ ئەوانەی باوەر ناهێنن به ئایەت و فەرمانەكانی خوا و پێغەمبەرانیش بەبێ هیچ حەقێک دەكوژن، واته تایبەته به كافران.

له شیعری كوردیشدا بۆ ئەم خواستنه (بێخود) هەر ئەم وێنەیەی وەرگرتووه و بەشێوەیەكی دیكه گووتوویەتی:

---

(١) بن عيسى باطاهر، البلاغة العربية مقدمات و تطبيقات، ص٢٥٩.

(٢) حسنى عبدالجليل يوسف، علم البيان بين القدماء و المحدثين، ص٥٠.

(٣) بورهان محمد امين، تەفسیری ئاسان بۆ تێگەیشتنی قورئان، چاپی سێیەم، له بڵاوكراوەكانی كتێبخانەی ڕۆشنبیر له سلێمانی ـ هەولێر، ٢٠٠٢، ل٥٢.

به شارەت بێ جەهەننەم جێگەتە ئەی ((باغض))ی سادات
به تووبای قامەت و ڕووی ((جنه المأوی)یی پێغەمبەر (صلی الله علیه وسلم)... ل٤٤.

خواستن له (به شارەت بێ جەهەننەم جێگەتە)دایە، به شارەت به واتای موژدەو هەواڵی خۆش دێت، که بۆ شتی باش دێت، نەک بۆ چوونی شوێنی خەراپ، که (جەهەننەم)ە، هاوسیفەت نینەو لەگەڵ یەکدا ناگونجێن، بەمەش خواستنی نەگونجاو یان هاودژی (العنادیة) دروستبووە.

## شەشەم: خواستنی گشتی (الاستعارة العامیة)

((ئەو خواستنەیە، کۆکەرەوەی نێوان هەردوو لایەنەکانی ڕوونە و زۆرینەی خەڵکی تێی دەگەن))[1]، واتە: لای هەموو کەسێک ئاشکرایە و چ ڕامان و بیرکردنەوەیەکی ناوێ، دەزانرێ لێخواستراو و بۆخواستراو لە چ ڕوویەکدا پێک دەچن.. وەکو: شێر بۆ پیاوی ئازاو مانگ بۆ ژنی جوان و فرۆکە بۆ خێرایی..، واتە: مەبەست لێی ((ئەو خواستنەیە، که زۆر بەکارهێنراوەو لە سەر زارانە، زۆر پێویست بەگەڕان و ماندو بوون ناکات بۆ ئەوەی تێی بگەی، چونکە کۆکەرەوەی نێوان دوو لایەنەکانی ئاشکرا و دیارە، وەکو دەڵێی: شێرێکم بینی تەقەی دەکرد))[2].. لێرەدا تەقەکردن سیفەتی مرۆڤە، بۆیە بەئاشکرا دیارە، که مەبەست لە شێرەکە جەنگاوەرە ئازاکەیە، ئەو خواستنەش وێنەیەکە لەسەر زاری هەموانە، چ ماندوو بوونی ناوێ بۆ ئەوەی لێی تێبگەی، بۆ نمونە:

نێرگسی ئەو تاتەبیبم بێ چ باکم زەخمە من
بۆ برینی ((ظاهر)) و ((باطن)) نیگاهی مەرهەمە... ل٩٨.

پەیوەندی نێوان لێخواستراو و بۆخواستراو ئاشکرایە (جوانی و دڵگیری)یە، (نێرگز) خواستراوە و چاوی یار بۆخواستراوە، لە خۆشەویستیدا چوون یەکن، بەمەش خواستنی عامی بەرهەم هاتووە.

---

(١) زین کامل الخویسکی، د. أحمد محمود المصری، رؤی في البلاغة العربیة (دراسة تطبیقیة لمباحث علم البیان)، الطبعة الاولی، دار الوفاء، الاسکندریة، ٢٠٠٦، ص١٢٢.
(٢) السید أحمد الهاشمي، جواهر البلاغة، ص٢٩٦.

**حەفتەم: خواستنی ڕاستەقینە (الاستعارە التحقیقة)**

((ئەو خواستنەیە، کە جێهێڵدراو شتێکی هەستییە، وەکو ئەوەی بڵێی: شێرێکم بینی))[1].. مەبەست لە شێرەکە پیاوێک بێت. بە واتایەکی تر ((بریتییە لەوەی (بۆخواستراو) کە بەرامبەر (لێچوو)ە، بەر هەست یا ژیری بکەوێ))[2]، واتە: بۆخواستراو هەستییە بەر پێنج هەستەکان دەکەوێت، یانیش ئەقڵییە، بۆ نمونە:

مەتافی یادگاری شێری یەزدان و ((حُسَینَین))ە
زیارەتگاهی ئالی حەزرەتی ((طاها))یە بەرزنجە... ل٩٠.

خواستنی ئاشکرا لە (شێری یەزدان)دایە، کە مەبەست لێی حەزرەتی (عەلی)یە و لە ئازایەتیدا وەکو شێری خودا وایە..

لەشەوقی ماهی ڕووی ئەو شۆخە تۆخوا پرتەوێ ئەی ڕۆژ
بە یادی چاکی سینەی، ئەی سەحەر سادەی گریبانێ... ل١٢٩.

خواستنی ئاشکرا لە (ماهـ) دایە، کە مەبەست لێی ئەو دولبەرە خۆشەویستەی وەکو (ماهـ)ە لە جوانیدا، بەمەش خواستنی تەحقیقی بەرهەم هاتووە.

**جوانی و گرنگی خواستن**

خواستن یەکێکە لە دیارترین و بەرزترین هونەرەکانی شیعرییەت، هەر لە کۆنەوە و تا ئادەمیزادیش مابێ، سوود لە خواستن وەردەگیرێ و بەبێ ئەمە پرۆسەی قسەکردن و داهێنانی ئەدەبی خۆی بەڕێوە نابات، لەبەر ئەوە تاکە هونەرێکە مەودایەکی فراوان بۆ شاعیر دەهێڵێتەوە، وا دەکات شاعیر لە جوغزێکی دیاریکراودا نەسووڕێتەوە، بە شێوەیەکی گشتی خواستن کۆمەڵێک گرنگی هەیە، لەوانە:

١. خواستن دووپاتکردنەوەو زیادە ڕۆیی یان وەسفی زۆر لە واتا دەگەیەنێ، لەم ڕووەوە ڕەوانترە لە (لێکچوواندن).

---

(١) شرف الدین الحسین بن محمد بن عبدالله الطیبي، التبیان في البیان، تحقیق د. توفیق الفیل، عبداللطیف لُطف الله، الطبعة الأولی، ذات السلاسل للطباعة والنشر، الکویت، ١٤٠٦هـ - ١٩٨٦م، ص١٨٩.
(٢) عەزیز گەردی، ڕەوانبێژی لە ئەدەبی کوردیدا، بەرگی یەکەم، ڕوونبێژی، ل٧٨.

٢. ئەو شێوازە خواستنە ئاسانتر و جوانتر و ڕەوانترە لە دەربڕینی درووست، وادەکات بە وشەی کەم واتای زۆر بگەیێنێت، واتە: بەخشینی واتایەکی زۆر بە ڕێگایەکی کورت، ئەمەش هونەرێکی جوانە و کاریگەری جێدەهێڵێ.

٣. لە خواستندا جوانی واتا بە دیار دەکەوێ لە وشەو دەربڕینی نوێ، کە دەروون پێی سەرسام دەبێ، لەمەشدا دەربڕینی ڕاستەوخۆ نایگاتێ، کەوابێ بەمە خواستن نرخێکی هونەری زیاتر دروست دەکات.

٤. خواستن توانای گواستنەوەی شتە هەست پێنەکراوەکان و نادیارەکانی بۆ هەست پێکراو و زیندوو و دیارەکان یان باوەکان هەیە، بەمەش خەیاڵێکی جوان دەبەخشێت و وادەکات شتەکان ببێتە شتی بەرجەستە.

٥. خواستن لە درووست کورتتر و کاریگەرترە، هۆکارێکی گرنگی سەرکەوتنی دەقی ئەدەبییە، بە هۆی خواستنەوە قسەکەر ئەو مەبەستەی هەیەتی بە ئاسانی و بە باشی وەدی دێت، هەموو کەس وەکو یەک، بەڕێژەی لەیەکجیا بۆ گەیاندنی مەبەستەکانی سوود لە خواستن وەردەگرێت.

٦. هەموو ئەوانە شیعرەکانی بێخودی واتا بەخش و ڕوون و جوان کردووە.

## بەشی چوارەم: درکە (الکنایە)

### باسی یەکەم: پێناسەی درکە و بنەڕەتەکانی

### باسی دووەم: جۆرەکانی درکە

### باسی سێیەم: جوانی و گرنگی درکە

## بەشی چوارەم: درکە (الكناية)

درکە هونەرێکە لە هونەرەکانی ڕوونبێژی، ڕۆڵێکی بەرچاو لە زماندا دەگێرێت، سەبارەت بە پێناسە و باسکردنی هونەری درکە، وەکو هەر هونەرێکی تر تیشکی خراوەتە سەر و ڕەوانبێژان خستوویانەتە ڕوو:

### باسی یەکەم: پێناسەی درکە و بنەڕەتەکانی

**درکە لە ڕووی وشەییەوە:** عەرەب (الكنايه)ی پێدەڵێن لای ئەوان مەبەست لە کینایە: ئەو گوتەیەیە، کە قسەکەر دەریدەبڕێت و مەبەستی واتایەکی دیکەیە، نەک واتای وشەکانی گوتەکەی خۆی، ئەوەتا لە فەرهەنگەکانیاندا هاتووە: کینایە ئەوەیە: ((بەشتێ قسە دەکەین و مەبەستت شتێکی ترە))[(١)]، واتە: ئەگەر وشەی ترت بەکارهێناو مەبەستت واتایەکی تر بوو. بە واتایەکی تر، ((دەربڕینێکە مەبەست لێی غەیری ئەو واتایەیە، کە لەبنجدا بۆی دانراوە، هەر چەندە دەشێ بۆ واتای درووستیش هاتبێ))[(٢)].

لە کوردیشدا مەبەست لە درکە: ئەو دەربڕینەیە، ((لە ڕووڵەتدا واتایێک دەگەینێ، لەو دیوی ئەو واتایەش واتایێکی دیکە درکپێدەکرێت، مەبەست واتاکەی دووەمە، نەک واتا ڕووالەتییە یەکسەرەکە))[(٣)]، واتە: شتێک بڵێیت و مەبەستت شتێکی تر بێت.

**درکە لە ڕووی زاراوەییەوە:** (عەبدولقاهر جورجانی) دەڵێت: ((مەبەست لە درکە ئەوەیە، قسەکەر دەیەوێ واتایەک لە واتاکان بچەسپێنێ، بەڵام بەو وشانە نایخاتە ڕوو، کە لە زمان بۆی دانراوە، بەڵکو هەندێ وشەی تر بەکاردێنێ، کە بە دوا داهاتووینە، یان لە بووندا بۆ ئەومان دەبەن))[(٤)]، واتە: لە درکەدا هەرگیز واتای درووستی وشەو دەربڕینەکان مەبەست نییە، بەڵکو مەبەست هەمیشە واتا درکەییەکەیە، ئەو واتایەی لەو دیوی ڕستەو دەربڕینەکان دەیگەیێنن، ڕوونتر لەو پێناسەیە، ڕەوانبێژانی دیکە گوتوویانە: ((درکە ئەوەیە قسەکەر مەبەستی چەسپاندنی واتایەک لە واتاکان بێ، بەڵام بە وشەی بۆ دانراوی خۆی لە زماندا ئەوە ناکات، بەڵکو بۆ وشەی دیکە دێت و بەکاریان دێنێ، کە بۆ واتا مەبەستەکەیان

---

(١) الإمام العلامة أبى الفضل جمال الدين محمد بن مكرم ابن منظور الافريقى المصرى، لسان العرب، المجلد الخامس عشر، دار صادر، بيروت، دون سنة الطبع، ص٢٣٣.

(٢) المعلم بطرس البستاني، محيط المحيط (قاموس عصرى مطول للغة العربية)، الجزء السابع، الطبعة الأولى، دار الكتب العلمية، بيروت ـ لبنان، ٢٠٠٩، ص٥٥٧.

(٣) ئیدریسعەبدوڵلامستەفا،لایەنەڕەوانبێژییەکانلەشیعریکلاسیکیکوردیدا،ل٢٠٤.

(٤) الشيخ الإمام أبى بكر عبداقاهر عبدالرحمن بن محمد الجرجانى النحوى، دلائل الأعجاز، علق عليه: محمود محمد شاكر، الطبعة الثالثة، مطبعة المدنى، مصر، ١٤١٣هـ ـ ١٩٩٢م، ص٦٦.

دەبات))[1]، لێرەدا ڕاستەوخۆ ناوی شتەکە نابەین، بەڵکو ناوی شتێکی تر دەبەین کە پەیوەندی بە مانای یەکەمەوە هەبێت، تاوەکو گوێگر لەمانا باسکراوەکە بۆ مانا مەبەستە هێما بۆ کراوەکە بچێ، ((مەبەستت واتایەکەو بە وشەی دیکە گوزارشتی لێدەکەی))[2]، ئەم پێناسەیە سادەترین و کورتترین پێناسەی درکەیە، (زەمخەشری)یش دەڵێت: ((درکاندن لە بارەی شتێکەوە کینایەتە))[3].

هەندێ نوسەری تر لە بارەی درکە گووتوویانە: ((درکە وازهێنانە لە قسەکردن بە ئاشکرا لە بارەی شتێکەوە و قسەکردنە بە پێوە پەیوەستەکەی، بۆ ئەوەی لەڕووی واتاوە لە باسکراو بەرەو جێهێڵدراومان ببات))[4]، بۆ نمونە: پیاوەکە دەستی درێژە.

دەستی درێژە باسکراوە، مەبەست نییە، مەبەست پیاوێکە زۆر خێرکەرە، کە ئەم سیفەتە مەبەستەو قسەکەر جێیهێشتووە، واتا: بە ئاشکرا نەیهێناوە.

ڕەوانبێژانی دیکە، لەوانە: هەریەکە لە تەفتازانی لە کۆنەکان و دکتۆر محەمەد سولەیمان لە نوێیەکان دەربارەی درکە گووتوویانە: ((درکە دەربڕینێکە مەبەست لێی واتا پێوە پەیوەستەکەیە، هەر چەندە دەشێ مەبەست واتا درووستەکەشی بێ))[5]، لێرەدا مەبەست لە درکە دەستەواژەییکە، مەبەست لێی واتا درووستەکەی نییە، هەر چەندە دەشێ مانا ڕاستەقینەکەیشی مەبەست بێت، چونکە هیچ قەرینەیەک نییە، ڕێگری بکات لەوەی مانا ڕاستەقینەکە مەبەست بێت. بۆ نمونە: (فلان دەستی پاکە) درکەیە، دەشێ مەبەستی واتا وشەییەکە بێت کە دەستی پاک و خاوێنەو چڵکی پێوەنیە، دەشێ واتا دوورەکەشی مەبەست بێت، کە درکەکەیە مەبەست لێی کەسێکی ئەمینە و دزی ناکات.

---

(١) أبی بكر محمد بن علی المعروف بابن حجه الحموي، خزانة الأدب و غاية الارب، قدم له: د. صلاح الدين الهواري، الجزء الثاني، المكتبة العصرية، صيدا ـ بيروت، ١٤٣٠هـ ـ ٢٠٠٩م، ص٢٦٤.

(٢) أبی عبدالله فيصل بن عبره قائد الحاشری، تسهيل البلاغة، دار الايمان للطبع والنشر و التوزيع، الاسكندرية، ٢٠٠٦، ص٨٩.

(٣) الإمام جارالله فخر خوارزم محمود بن عمر الزمخشری، أساس البلاغة، قدم لة وعلق حواشية: د. محمد احمد قاسم، المكتبة العصرية، صيدا ـ بيروت، ١٤٣٤هـ ـ ٢٠١٣م، ص٧٤٣.

(٤) حامد عبدالهادي حسين، البلاغة والمعنى في النص القرآني، دار الكتب والوثائق العراقية، بغداد، ١٤٢٨هـ ـ ٢٠٠٧م، ص١٦٣.

(٥) سعدالدين التفتازانی، شرح المختصر، منشورات دار الحكمة، قم ـ ايران، دون سنة الطبع، ص١٢٣. هەروەها: د. محمد سليمان عبدالله الاشقر، معجم علوم اللغة العربية، الطبعة الأولى، دار النفائس للنشر والتوزيع، الادن، ١٤٢٦هـ ـ ٢٠٠٦م، ص٣٤١.

دیارە لێرەدا ئەم بڕیارەی سەروو، قسە هەڵدەگرێ و هەموو جارێک ڕاست نییە، چونکە ئەگەرچی ڕاستە، زۆرجار دەشێت ئەو دەربڕیینەی (درکە)ی پێ درووست دەکرێت، واتا درکەیی و واتا ڕاستەقینەکەیشی بگەیێنێت، چونکە لە درکەدا زۆرجار ((بەربەستی ئەقڵی هەیە و قەت ڕێگە نادات بیسەر وێنای واتای درووست بۆ گوتە درکاوەکە بکات))[1]، بۆ نموونە:

لە یارانی وەفاداران ئەدیبێکی ((زەکی)) مابوو
لە پڕ پشتی لە دنیا کردو ڕووی بۆ موڵکی عوقبا بوو... ل٨١.

لە نیوە دێڕی دووەمدا لە ڕستەی (لە پڕ پشتی لە دنیا کرد) درکە درووست بووە، واتا درکاوەکەی: بایەخ پێ نەدان بە دنیا، بەڵام واتا درووستەکەی (لە پڕ پشتی لە دنیا کرد)، ئەمەیان مەحاڵە و ئەقڵ قەبوڵی ناکات ئەم ڕستەیە بۆ ئەو واتا درووستەی بەکارهاتبێت.

بە بەرچاوگرتنی ئەم نموونەیەی سەروو و چەندین نموونەی دیکەش دەگەینە ئەو ڕایەی وەکو گوتمان، هەموو جارێک ناشێت ڕستە درکاوەکە ئاسایی بێت بۆ واتای درووستی وشەکە بەکارهاتبێت.

هەروەها لە زمان و ئەدەبی فارسیشدا ئەم هونەرە وەک هونەرێکی بەرز و واتادەر گرینگی پێدراوە و لێکۆڵینەوەی لە سەر کراوە، یەکێک لە دیارترین ڕەوانبێژانی ئەو ئەدەبە (جەلالەدین هەمایی)یە بەم شێوەیە پێناسەی کردووە ((دەربڕینێکە دوو مانای دوور و نزیکی هەیە، ئەم دوو مانایە پێکەوە پێوەستن، کە زەینی بیسەر لە واتای نزیک بۆ واتای دوور بگوازێتەوە))[2].

لە زمانی ئینگلیزیشدا بەرامبەر بە درکە زاراوەی (metonymy) بەکارهاتووە، زاراوەیەکی دیاری ئەدەبیاتی کۆن و نوێی ئینگلیزە، زۆرجار لە بواری ئەدەب و قسەی ڕۆژانەدا بەکاردەهێنرێت، بەم شێوەیە پێناسە کراوە ((درکە وشەیێکە یان ڕستەیەکە، تیایدا بۆ جێگرتنەوەی سیفەتی وشەیەکی تر بەکاردێت لە بەر سیفەتێکی ناسراوی وشەکە))[3].

لای کورد (عەزیز گەردی)یش بە شێوەیێکی دیکە پێناسەی درکەی داڕشتووە و گوتوویەتی: ((درکە ئەوەیە ڕاستەوخۆ ناوی سیفەت یان مەوسووف نەدرێ، بەڵکو بە هۆی

(١) ئیدریس عەبدوڵلامستەفا، لایەنەڕەوانبێژییەکان لەشیعریکلاسیکی کوردیدا، ل٢٠٧.
(٢) استاذ علامه جلال الدين همايى، فنون بلاغت و صناعات ادبى،چاپ هفتم، مؤسسة نشر هما، تهران، تابستان ١٣٧٠، ص٢٥٥ ـ ٢٥٦.
(3) On line Dictionary, love tak now corporation, 1999/10/17, www.your dictionary. Com.

شتی ترەوە بدرکێنرێ و لە ڕەوتی ڕستەکەدا دەربکەوێ. ئەمە مانای مانایشی پێ دەڵێن. لە درکەدا مەرج نییە نیشانە هەبێ بۆ ئەوەی کەمانا درکاوەکە مەبەستە، چونکە هەڵدەگرێ مانای ڕاستەقینەی وشەکانیش مەبەست بێ، هەر چەندە مەبەستی سەرەکی هەر مانا درکاوەکەیە))[1].

لە کۆی ئەو پێناسانەی سەروو خرایە ڕوو، بە کورتی دەتوانین بڵێین: درکە (الكناية).. بریتییە لە وشەیەک یان ڕستەیەک، کە دوو واتای هەیە، یەکیان درووست و یەکیان درکاو، مەبەست واتا درکاوەکەیە، کە بۆ غەیری واتای درووستی خۆی دێت و واتاییێکی درکاو دەگەیینێت، هەر چەندە هەندێک جار دەشێ واتا درووستەکەشی مەبەست بێت، چونکە زۆرجار هیچ ڕێگرییەک یان قەرینەیەک نیە، بەرهەڵستی ئەوە بکات کە واتا درووستەکەی مەبەست بێت.

**جیاوازی نێوان درکە و خوازە**

١. لە (خوازە)دا لەبەر بوونی قەرینەیەک ڕێگری لەوە دەکات، کە مانای ڕاستەقینەی وشەکە مەبەست بێت، بەڵکو تەنیا مانای خوازەیی وشەکە مەبەستە، بەڵام لە درکەدا زۆرجار لەبەر نەبوونی قەرینەیەک ڕێگری لەوە ناکرێت، کە مانا درووستەکەمان مەبەست بێت، بۆ نمونە بەکەسێک دەوترێت (دەست کورت) دەشێت سەرەرای هەژاری وەکو (کورتی ئەندامی دەست)یش لێکبدرێتەوە، چونکە لە دەستەواژەکەدا چ ڕێگرییەک نیە، ئاماژە بەوە بکات، کە مەبەست لە دەستەواژەکە تەنها واتا درووستەکەی بێت، بەڵام وەکو گوتمان هەندێ جار بەربەستی ئەقڵی هەیە ڕێگری دەکات لەوەی دەربڕینە درکاوەکە بۆ واتای درووست هاتبێ.

٢. درکە و خوازە، هەریەکەیان دەربڕینێکن بۆ واتای درووستی خۆیان بەکارنەهێنراون، جیاوازییەکەیان لەوەدایە، کە درکە بەزۆری لە سنووری ڕستە دەردەکەوێ و خوازە لە سنووری وشە.

---

(١) عەزیزگەردی، ڕەوانبێژی بۆپۆلی دووەمی پەیمانگاکانی مەڵبەندی مامۆستایان، پۆلی پێنجەمی پەیمانگاکانی پێگەیاندنی مامۆستایان، ل٦٩.

**بنەڕەتەکانی درکە**

درکە دوو بنەڕەتی سەرەکی هەیە، ئەوانیش بریتینە لە:

١. دەربڕینی درکاو (المكنى به): مەبەست لەمە ئەوەیە، بە هۆیەوەی درکە دروستبووە.. ئەوەش ((واتای دروستی دەربڕینەکە نییە، بەڵکو واتای پێوە بەستراوی ئەو دەربڕینەیە، لە واتایەکی تر))[١].

٢. واتای درکاو (المكنى عنه): ئەوەی لە بارەیەوەی درکێنراوە.. ((ئەوەش ئەو واتا دروستە شاراوەیە، کە بە درکە دەیشارینەوە و دەبێتە مەبەستی قسەکەر))[٢]، واتە: مەبەست لێی ئەو واتایەیە، کە لە دەربڕینە درکاوەکە بەرجەستە دەبێت.

پەیوەندی نێوان ئەم دوو بنەڕەتانەی درکە پەیوەندی پێویستی و پەیوەستییە، واتە دەربڕینی درکاو پێویستە بۆ واتای درکاو، واتای درکاویش پەیوەستە بە دەربڕینی درکاو.

**باسی دووەم: جۆرەکانی درکە**

هونەری درکەش وەک هونەرەکانی تری ڕوونبێژی، لەو دابەشکردنانەی سەرجەم ڕەوانبێژان بۆ جۆرەکانی (درکە) یان کردووە، بەسەر سێ جۆردا دابەشکراوە، ئەوانیش بریتینە لە:

١. درکە لە سیفەت (الكناية عن الصفه)

٢. درکە لە مەوسوف (الكناية عن الموصوف)

٣. درکە لە هاوگری (الكناية عن النسبة)

---

(١) وليد إبراهيم قصاب، البلاغة العربية (علم البيان)، ص٢٣٤. هەروەها: د. بن عيسى باطاهر، البلاغة العربية مقدمات و الطبيقات، ص٢٩٧.

(٢) سەرچاوەولاپەڕەیپێشوو.

### ١. درکه له سیفەت (الكيناية عن الصفة)

((ئەوەیە لە ئاخاوتندا، سیفەتێک، یان چەند سیفەتێک بهێنرێ، لە نێوانیاندا پەیوەندی و بۆ یەک پێویستی هەبێ، بە شێوەیەک کە بە هۆی سیفەتە هاتووە درکاوەکە، زەین بۆ سیفەتە مەبەستەکە بچێ))[1].. بۆ نمونە: دەڵێن (فلان ئختيار بووە).. ئختیاری سیفەتە، مەبەست لێی: شتی لە بیر دەچێتەوە.. چونکە مرۆڤی ئختیار شتی لە بیر دەچێتەوە. واتە: لەم جۆرەیاندا درکەکە سیفەتی دیاریکراوی کەسێک یان شتێک بدرکێنێت، لێرەدا وەسفکراو باس دەکرێت و سیفەت دەشاردرێتەوە، هەرچەند سیفەت خۆی مەبەستە.. بۆ نمونە: عەرەب دەڵێت: (ماڵەکە خۆڵەمێشیان زۆرە).. واتە بەردەوام میوانی زۆریان دێت وماڵێکی قەرەباڵغن، چونکە شیوی زۆر، ئاگری زۆری دەوێ، ئەوەش خۆڵەمێشەکە زۆر دەکات[2].. بۆ نمونە:

لە پاش ئیمامی نامەوەر ((عومەر)) خەلیفەیی زەمین
دڕەختی مەعدەلەت سەمەر، چەمەن تیرازی شەرع و دین
نە هەر لە عەسری عەدڵی یا مەڕەو لە گورگ ئەبێ ئەمین... ل١٩.

درکە لە (مەڕەو لە گورگ ئەبێ ئەمین)دایە، کە ئەمە وەسفکراوەکەیە، مەبەست لێی (دنیا پڕ لە ئارامی و نە ترسان دەبێ)، چونکە مەڕ سیفەتی فەقیر و نەزانە و گورگیش زۆردار و بوێرە، ئەوەش وێنەییکە شاعیر کردوویەتییە درکە بۆ گوزارشتکردن لە ئارامی و فەقیری و ئەمینی خەڵکی دنیا، بەم شێوەیەش لە مانای یەکەمەوە، کە درکەکەیە (مەڕەو لە گورگ ئەبێ ئەمین)، دەگەینە واتای دووەم (دنیا بۆ خەڵکی پڕ لە ئارامی و نە ترسان دەبێ)، ئەوەش درکەیە لە سیفەت.

دەربڕینی درکاو: مەڕەو لە گورگ ئەبێ ئەمین.

واتای درکاو: دنیا بۆ خەڵکی پڕ لە ئارامی و نە ترسان دەبێ.

ئارەقم کرد و نەجاتی هەر نەدام دەردی گوناح
لەرزو تاداری خەجاڵەت خۆم و ڕوو زەردی گوناح... ل٣١.

---

(١) بسيونى عبدالفتاح فيود، علم البيان، الطبعة الثانية، مؤسسة المختار للنشر والتوزيع، قاهره ـ مصر، ١٤٢٥هـ ـ ٢٠٠٤م، ص٢٠٣.

(٢) فضل حسن عباس، البلاغة فنونها و أفنانها (علم البيان و البديع)، الطبعة الأولى، دار الفرقان للنشر والتوزيع، عمان ـ أردن، ١٤٠٧هـ ـ ١٩٨٧م، ص٢٤٥.

درکە لە (روو زەرد)دایە، کە ئەمە وەسفکراوەکەیە، مەبەست لێی (شەر مەزارم)ە، چونکە روو زەردی ئاماژەیە بۆ بەردەوام بوون لە سەر شتێک و سەر نەکەوتنی لەو شتە و شەرمەزار بوونە، کە ئەمەش سیفەتی وەسفکراوەکەیە، ئەم دەربڕینە درکاوە (روو زەرد) بووەتە وەسف بۆ خاوەنەکەی، بەمەش درکە لە سیفەت بەرهەم هاتووە.

دەربڕینی درکاو: روو زەرد.

واتای درکاو: شەرمەزارم.

کەهەڵگیرا جەنازەی، بوو بە مەحشەر دەشتی سەر قەبران
لەبەر گریان و قوڕ پێوان و واوەیلاو عەشاماتی... ل١١٥

درکە لە (قوڕ پێوان)دایە، کە ئەمە وەسفکراوەکەیە مەبەست لێی هاوارو داد لە دەست کەسێک یان شتێک، یان خۆی زۆر هیلاک دەکرد، کە ئەمە بووەتە وەسف بۆ خاوەنەکەی، بەمەش درکە لە سیفەت بەرهەم هاتووە.

**٢. درکە لە مەوسوف (الكناية عن الموصوف)**

((ئەوەیە کە مەبەست لێی سیفەت و هاوگری نییە، بەڵکو مەوسوفە))[١]، وەکو (خاوەنی ئەرز و سەما) کینایەتە لە (ئەڵڵا) و (نانە خۆرەی پێنج ئەنگوست) کینایەتە لە مرۆڤ چونکە ئەوانە سیفەتی ئەو مەوسوفانەن. واتە: ئەو درکەیەیە کە مەبەست لێی خودی مەوسوفەکەیە، چەند سیفەتێک دەگوترێ، کە ئەو سیفەتانە لە شتێکدا هەن، بەهۆی ئەو سیفەتانە دەگەینە ناسینی خاوەنی سیفەتەکان، بەشێکی زۆر لە مەتەڵەکانی کورد لەم جۆرەن. بۆ نمونە:

بۆچی نەبێ بە ساحێبی نوورەینی نەییرەین
((عوسمان)) کە بۆنی دوو گوڵی لەو نەوبەهارە کرد... ل٣٥.
دەربڕینی درکاو: بۆنی دوو گوڵی لەو نەوبەهارە کرد

واتای درکاو: دوو کچی لەو ماڵە بۆن خۆشە برد

---

(١) حفنى محمد شرف، التصوير البيانى، الطبعة الثانية، مكتبة الشباب، قاهرة، ص٢٢٣. هەروەها: د. أحمد هنداوى هيلال، استدراكات (السعد على الخطيب في المطول)، الطبعة الأولى، مكتبة وهبة، قاهرة، ١٤٢٢هـ ـ ٢٠٠١م، ص٢١٧.

درکە لە (بۆنی دوو گوڵی لەو نەوبەهارە کرد)دایە، کە بەواتای دوو کچی پێغەمبەر (درود و سڵاوی خوای لەسەر) هاتووە، ئەویش (ڕوقیە و ئوممکەلسوم)ن. ئەم دەربڕینە درکاوەی (بۆنی دوو گوڵی لەو نەوبەهارە کرد) بووەتە وەسف بۆ خاوەنەکەی کە (دوو کچی پێغەمبەر)ە، بەوەش درکە لە مەوسوف بەرهەم هاتووە.

### ٣. درکە لە هاوگری (الكناية عن النسبة)

((مەبەست ئەوەیە سیفەتێ بۆ مەوسوفێ بچەسپێنرێ، ئەو سیفەتە بۆ شتێ دەچەسپێنرێ، کە پێی دەگات، یان ڕەتدەکرێتەوە پێی بگات، بۆ ئەوەی لەم ڕێگەیەوە بۆی بچەسپێنرێ، یان لێی دوورکرێتەوە))[(١)].. بۆ نمونە: (شکۆ لە نێو پۆشاکی فلان دایە و ڕێز و پیاوەتی لە نێو جلەکانی فلان دایە)، ئەوەش درکەیە لەوەی فلان شکۆدار و خاوەن ڕێز و پیاوەتییە. واتە: ((مەبەست ئەوەیە ڕاستەوخۆ مانایەک لە ماناکان بە کەسێک نەدرێت))[(٢)]، یان ئەوەیە ڕاستەوخۆ سیفەتی شتێک یان کەسێک دەرنەخرێ، بەڵکو ئەو سیفەتە بخرێتە پاڵ شتێکی سەر بە ئەو کەسە، لەم ڕێگەیەوە سیفەتەکە بۆی بچەسپێنرێ. بۆ نمونە:

وەها بازاڕی حوسنی گەرمە ((تەوفیق))، وەک ((عەزیز))ی خۆم
خەریکی رۆحە بیدا موشتەری گەر ماهی کەنعانە... ل٩٩.

(وەها بازاڕی حوسنی گەرمە تەوفیق)، ئەو ڕستەیەیە کە درکەکەی دروستکردووە، واتە: تەوفیق بەردەوام خەریکی چاکەکردنە، هۆکاری دروستکردنی درکەکە زۆر چاکەکردنی و باشی و جوانییە، کەوای لە شاعیر کردووە بەم شێوەیە بنوسێت، کەواشبێت لێکچوون لە نێوان (تەوفیق) و (عەزیز)دا هەیە، ئەوەش درکەیە لە هاوگری، چونکە سیفەتەکە ڕاستەوخۆ نەهێنراوەو وەکو هۆکارێک پێشکەشی (تەوفیق) کراوە.

دەربڕینی درکاو: وەها بازاڕی حوسنی گەرمە تەوفیق

واتای درکاو: تەوفیق بەردەوام خەریکی چاکەیە

---

(١) احمد هنداوى هلال، الكناية في لسان العرب لابن منظور، الطبعة الأولى، مكتبة وهبة، قاهرة، ١٤٢٤هـ ـ ٢٠٠٣م، ص٢٥.

(٢) محمد جلال الذهبى، سمات البلاغة عند الشيخ عبدالقاهر، الطبعة الثانية، مطبعة الأمانة، ٣ شارع جزيرة بدران ـ شبرا مصر، بدون سنة الطبع، ص٢٧٨.

**چەند جۆرێکی دیکەی درکە**

**١. درکەی گشتی**

((ئەو درکەیەیە، کە بە تێپەڕینی ڕۆژگار نەتەوە بەرهەمی هێناوە و هەموو تاکێکی نەتەوە بەکاریدێنێ، بەبێ ئەوەی جێ پەنجەی کەسی بە سەرەوە بێ و بەبێ ئەوەی شتێکی تازە تیا بێ))[١]... واتە: واتای درکاوەکەی بە تێپەڕینی ڕۆژگار لای هەموو تاکێکی نەتەوە یەک مەبەست دەگەیێنێ.. بۆ نمونە:

خوسرەوێکی وا بەنازو عیشوە هێند شەکری شکاند
بووم بە فەرهاد ئاخری بۆ گفتوگۆی شیرینی ئەو... ل٨٦.

دەربڕینی درکاو: شەکری شکاند

واتای درکاو: قسەیەکی کرد

(شەکری شکاند) درکەییکی گشتییە و هەموو نەتەوە بەکاریدێنێ، پەندێکی باوە، ئیتر چ شتێکی نوێی تیا نییە.

تابووتی تۆی کە دی وەتەن ئەمڕۆ بە چاوی خۆی
پشتی شکا کە عەشرەتی ساحێب نیشانی کورد... ل١٠٨.

دەربڕینی درکاو: پشتی شکا

واتای درکاو: زەرەرو زیانیان پێکەوت و تووشی بەڵا بوون

(پشتی شکا) درکەییکی گشتییە و هەموو نەتەوە بەکاریدێنێ، شتێکی نوێی تیا نییە.

**٢. درکەی خەبەری**

((ئەو درکەیەیە کە لە ناواخنی خۆیدا خەبەرێک پێشکەش دەکات و وەکو ڕستەییکی خەبەری دەخرێتە ڕوو))[٢].. واتە: واتا درکاوەکەی خەبەری شتێکمان پێدەدات.. بۆ نمونە:

ئیتر بۆ خاتری ریشی سپی شێخی ((ضیاءالدین))
عیلاجێ! روو رەشم، موستەغریقی عیسیانەکەی خۆت هات... ل٢٧.

---

(١) ئیدریسعەبدوڵلامستەفا،لایەنەڕەوانبێژییەکانلەشیعریکلاسیکیکوردیدا،ل٢١٦.
(٢) سەرچاوەیپێشوو، ل٢١٩.

دەربڕینی درکاو: ڕوو ڕەشم

واتای درکاو: تاوانبار و گوناهکار و شەرمەزارم

دەربڕینی درکاو لێرەدا بە شێوازی خەبەری هاتووە(ڕوو ڕەشم)

بۆ نەمانی مەزالیم، سوارانی جەنگی
تەپڵی بازیان لێدا بە شۆخ و شەنگی... ل١٤٤.

دەربڕینی درکاو: تەپڵی بازیان لێدا

واتای درکاو: جەنگیان ڕاگەیاند

دەربڕینی درکاو لێرەدا بە شێوازی خەبەری هاتووە (تەپڵی بازیان لێدا).

**٣. درکەی مەرجی**

((ئەو درکەیەیە کە لە ناواخنی خۆیدا زیاتر لە مەبەستێک پێشکەش دەکات و وەکو ڕستەیێکی مەرجی دەخرێتە ڕوو))[١]، واتە: دەربڕینی درکاو بە شێوازی مەرجی دەخرێتە ڕوو.. بۆ نمونە:

زمانت بگرە تا پاپۆری ئیمانت سەلامەت بێ
پەنا بە خوا لە گێژی حیددەتی دەریایی پێغەمبەر (صلی الله علیه وسلم)... ل٤٣.

دەربڕینی درکاو: زمانت بگرە

واتای درکاو: قسەی غەڵەت و زیاد نەکەی

دەربڕینی درکاو لێرەدا بە شێوازی مەرجی هاتووە (زمانت بگرە) ئەمە بووەتە فرمانی مەرج و ئەگەر ڕوونەدات، ئەوا وەڵامی مەرج کە (ئیمان سەلامەت بێ)یە، هەر ڕوونادات.

**٤. درکەی فرمانی**

ئەو درکەیەیە، کە فرمانی شتێکت پێ دەکات.. بۆ نمونە:

خاکی بەرپێی ئەو بە ((بێخود)) گەر بە ریفعەت تالبی
دەس بە داوێن کرتنی بۆ بانی عیرفان سوللەمە... ل٩٩.

(١) ئیدریسعەبدوڵلامستەفا،لایەنەرەوانبێژییەکانلەشیعریکلاسیکیکوردیدا، ل٢٢٠.

ئەم دێڕە دوو درکەی تێدایە، هەردووکیان فرمانین.. ئەوانیش بریتینە لە:

درکەی یەکەم:

دەربڕینی درکاو: خاکی بەرپێی ئەوبە

واتای درکاو: خزمەتکارییە

درکەی دووەم:

دەربڕینی درکاو: دەس بە داوێن گرتنی

واتای درکاو: لە تۆوە ئومێدمە سەر بکەوم و نەکەوم، هەر دوو درکەکان بە شێوازی فرمان هاتوونە.

**باسی چوارەم: جوانی و گرنگی درکە**

هەر هونەرێک لە هونەرەکانی ڕەوانبێژی کە دروست بووە، چەند سودێکی دیاریکراوی هەیە، جێگەی خۆی لە ئەدەب و زماندا گرتووە، درکەش وەک هەر هونەرێکی ڕەوانبێژی چەند جوانی و گرنگی هەیە، گرنگترینیان لەم خاڵانەی خوارەوە دەخەینەڕوو:

١. ئەو واتایەی لە ڕێگەی (درکە) دەردەبڕێت کاریگەرتر و بەهێزترە لەو واتایەی، کە بەشێوەییکی ڕاستەوخۆ دەردەبڕێت، بۆ نمونە: کە دەگوترێت (دەستی خۆی گەزت)، درکە بۆ واتای پەشیمان بوونەوە دێت، ئەمەش کاریگەری زیاترە لەوەی، بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ بگوترابایە.

٢. لە ڕێگەی (درکە)وە قسەکەر دەتوانێ گوزارشت بە هەموو شتێک بکات، بەتایبەت ئەو شتانەی ناشێت بە ڕاستەوخۆ لە بارەی ئاساییدا لە کۆڕو کۆبوونەوە فەرمییەکان لەبەر هەر هۆیەک بگوترێ، وەک ڕێزگرتنێک لە گوێگر.

٣. شاردنەوەو ئاشکرا نەکردنی واتای مەبەست و دەرنەبڕینی بە ڕاستەوخۆی، ئەمەیان یەکێکە لە گرنگترین ئەرکەکانی درکە کە پەنای بۆ دەبرێت.

٤. درکە وەک هونەرێک پارێزگاری ئەو هەموو پەندە جوان و پڕ واتایانە دەکات، کە لە سەردەمێک لە سەردەمەکاندا بەکارهاتوون، بۆیە شتی جوان و چێژدار دەخاتە بەر گوێی گوێگر.

٥. درکە واتاکان لە وێنەی جواندا پێشکەش دەکات، ئەمەش بێگومان لە تایبەتمەندییەکانی ئەم هونەرەدایە، هەروەک چۆن وێنەکێشێک وێنەیەکمان بۆ دەکێشێت بە شێوازێکی جوان، ئەوا درکەش بە هەمان شێوە واتایەکمان پێشکەش دەکات بە شێوازێکی جوان و سەرنج ڕاکێش.

٦. هونەری درکە ڕۆڵێکی گرنگ دەبینێت لە دەوڵەمەند کردنی فەرهەنگی زمان و ئامانجێکە لە ئامانجەکانی ڕوونبێژی، زۆر کەس ناتوانێت ئەم هونەرە بەکاربهێنێت مەگەر کەسێکی پسپۆر نەبێت و خاوەنی هەستێکی ناسک و سەلیقەییەکی باش نەبێت، ئەم هونەرە وێنەی جۆراو جۆر بە جوانترین دەربڕین و شیرنترین واتا پێشکەش دەکات.

# بەشی پێنجەم: جوانی هونەرەکانی ڕوونبێژی

١. ڕوونکردنەوە

٢. کورتبڕی

٣. قسەکردن بە وێنە

## بەشی پێنجەم: جوانی هونەرەکانی ڕوونبێژی

بەهۆی هونەرەکانی ڕوونبێژییەوە چەندین شێوازی جوان دروست دەبێت و قسەکەر پێشکەشی بە گوێگر دەکات، ئەوانیش بریتینە لە: ڕوونکردنەوە، کورتبڕی، قسەکردن بەوێنە، کە بە هەموویانەوە (دیوانی بێخود)یان جوانکردووە، مەبەستیش لەم سێیانە ئەمانەی خوارەوەن:

### ١. ڕوونکردنەوە

قسەکە ڕوون وئاشکرا بێت واتە نەک سادە بێت، بەڵام جوانییەکی تێدا بێت خەڵکی ئاقڵ تێبگات، هەم لەزەتی پێبدات ئەمەش هونەرە، چونکە ئەگەر دەربڕین سادە بوو، هەموو زانا و نەزانێک تێیدەگات، بۆیە ئەو چێژەی نابێت، بەڵام ئەگەر دەربڕین ڕوون بوو، ئەوا چێژێکی هونەری دەبێت، هونەرەکانی ڕوونبێژی هەموویان لەو جۆرەن، کە گوتار لە ڕاستەوخۆیی و سادەیی ڕزگار دەکەن و بەرگێکی هونەری و جوانییەکی ئەدەبییان بە بەردا دەکەن، بۆ نمونە: کە گوتمان (گورگەکە هەڕەشە دەکات).

مەبەست لە گورگ لەلای هەموو ئەوانەی ئاقڵن و دیدێکی جوانی ناسییان هەیە ڕوونە، کە مەبەست گورگی چوار پێ نییە، ئاژەڵ نییە، بەڵکو کەسێکە کە سیفاتی دڕندەی لە گورگ وەرگرتووە، ئەمەش ڕوونکردنەوەیەکی جوانە بۆ باسی کەسێک کە بە گورگ دەچێت.

### ٢. کورتبڕی

هونەرەکانی ڕوونبێژی زۆرجار بە تایبەت خواستن و خوازەکان، یان ئیدیۆمەکانیش بە کورتی گوزارشت لە واتای زۆرتر دەکەن، کە دەڵێن (شار تێگەیی)، مەبەست ئەوەیە خەڵکی شار تێگەیی، بکەرەکە لە بارەی دروستدا خەڵکە، لابراوە، واتە: کورتبڕی کراوە، بەڵام واتاش وەکو خۆی ماوەتەوە چونکە هەموو ئاقڵ و لێهاتووەک بە باشی تێدەگات، کە مەبەست لەم دەربڕینە چییە، واتە بە کەمکردنەوەی وشە، واتا کەمی نەکردووە.

ئەوەش کەواتە ئەو هونەرانەی ڕوونبێژی نیوەی مەبەستەکانی ڕەوانبێژی بەرجەستە دەکەن، کە لە کۆنەوە زانایانی ڕەوانبێژی گوتوویانە: (ڕەوانبێژی بریتییە لە کورتبڕی بێ کەم و درێژبڕی بێ زیادە).

### ٣. قسەکردن بە وێنە

هونەرەکانی ڕەوانبێژی هەر هەموویان بریتینە لە قسەکردن بە وێنە، جا یان بە ڕاستەخۆی وێنەکە دروست دەکرێ وەکو لە لێکچوواندندا ئەو شێوازە بەدیدەکەین.

بۆ نمونە دەگوترێ (منداڵەکە لە جوانیدا دەڵێی گوڵە) ئەمە وێنەیەکی لێکچوواندنی ڕوون و ڕاستەوخۆیە، یانیش بە ناڕاستەوخۆ وێنەکە بەرەو واتایەکی ترمان دەبات، بۆ نمونە دەڵێین (ماڵێکن دڵیان گەورەیە)، دڵیان گەورەیە وێنەی سیفەتێکی ماددی مرۆڤەکانە وەهامان بۆ وێنا دەکات، کە لە ڕووی قەبارەوە هەموو ئەندامانی ئەو ماڵە دڵیان گەورە بێ، بەڵام خوێنەری وشیار و خەڵکی جوانیناس دەزانێ مەبەست قەوارەی دڵ نیە، بەڵکو مەبەست ئەوەیە، کە ئەو ماڵە هەمیشە لە کەموو کورییەکانی خەڵکی چاو دەپۆشن و تورە نابن، ئەمە واتایەکەیە مەبەستی قسەکەرە، بەڵام چۆن گەیشتینە ئەو واتایە کاتێک لە دەربڕینەکە ورد دەبینەوە دەبینین وێنەیەکی هونەری ئێمە گەیاندە ئەم واتایە نەوەک وشە ئەو واتایەی بۆ دروست کردبین، ئەمەش بەرهەمهێنانی ئەدەبییەت (شیعرییەت)ە، کە دەربڕین و تێکستی ئەدەبی دروست دەکات.

# ئەنجام

# ئەنجام

لە کۆتایی ئەم نامەیەدا (هونەری ڕوونبێژی لە شیعرەکانی بێخود دا) گەیشتینە چەند ئەنجامێک، لەمانەی خوارەوە کورتیان دەکەینەوە:

١. ڕوونبێژی زانستێکی دیارو چڕو پڕو فرە هونەری نێو زانستی ڕەوانبێژییە، کە بەهۆیەوەی تاکە واتا بە ڕێگە و شێوازی ئەدەبی لە یەکجیا پێشکەش دەکرێت. هونەری ڕوونبێژیش بە ڕای زانایان لە چوار هونەردا کورتدەکرێنەوە، کە لێکچوواندن و خوازە و خواستن و درکەن. (بێخود)یش ئەم زانستەی بە وردی و هونەرییانە و بە زۆرێکی شێواز و پەیوەندی و ڕێگەی جۆراو جۆر لە شیعرەکانیدا بەرجەستە کردووە، بەهۆیەوەی دەیان وێنەی ئەدەبی کاریگەر و جوان و سەرنجڕاکێشی بەرهەم هێناوە.

٢. بێخود توانایەکی باشی لە بەکارهێنانی لێکچوواندندا هەبووە و بایەخێکی زۆری پێداوەو زۆرترین جۆری لێکچوواندنی بەکارهێناوە، بەپێی بنەڕەتە سەرەکی و ناسەرەکییەکان، شەش جۆرو، بە پێی ئەقڵی هەستی دوو لایەنەکانی لێکچوواندن، چوار جۆر، بە پێی ژمارەی لێچوو و لەوچوو، دوو جۆر، بەپێی تاک و کۆی لێچوو و لەوچوو، چوار جۆر، هەروەها چەندین جۆری لێکچوواندنی لێکدراو و پێچراو و بڵاو و ئاوەژوو و نائاشکرا و مەرجدار، کە بە هەموویان دەگەنە (٣٣) جۆر و شێوازی لێکچوواندن، لە لێکچوواندنەکانیشیدا بە زۆری ئەوزاری بەکارهێناوە، بە زیاتر لە بیست ئەوزاری لێکچوواندن، کە: ئەو ئەوزارانە پێنجی عەرەبی و سێی فارسی و نۆی کوردی، لە نێو ئەوزارەکانیشدا زیاتر بایەخی بە ئەوزارە کوردییەکان داوە، شاعیر بەشداری باشی هەیە و چەندین مەبەستی جوانی پێ خزمەتکردووە.

٣. خوازە هونەرێکی فراوانی هۆنراوەکانی ئەم شاعیرەیە، دروستکردنی خوازە بەرهەمی ئەقڵی تیژ و خەڵکی بە توانایە، لای بێخود (سێزدە) شێوازی خوازە سوودی لێوەرگرتووە، کە بریتینە لە پەیوەندییەکانی: کەرتی، گشتی، ڕابردوویی، هاوسێیەتی، کاتی،

شوێنی، بەرکاری، ئاوەڵناوی، ژمارەیی، تایبەتکردن، هۆیی، سەرچاوەیی، خاوەندارییەتی. بە شێوەیەکی گشتی هەست و داهێنانی خوازە لای بێخود ئامادەییەکی بەرچاوی هەیە لە دروستکردنی وێنە شیعرییەکانیدا.

٤. خواستن کە بە هونەرێکی بەرز و کاریگەری شیعری دادەنرێت، لە کۆن و نوێدا پەیوەندی بە ئەزموون و پاشخانی زانستی و هونەری و ئاگایی شاعیرەوە هەیە، هونەرێکە توانای بەرهەمهێنانی شیعرییەتی هەیە، لقێکی گەورەی خوازەی زمانییە، گەلێ شێواز و جۆری لێکراوەتەوە، بێخودیش گرنگی زۆری پێداوە، وێنەی خواستنی بەهێز و ڕەنگینی بەرهەمهێناوە، بە بەرچاوگرتنی گەلێ هۆکار، جۆرەکانی خواستن دەستنیشان دەکرێ، لای ئەم شاعیرە ئەوەی بەدیکرا، بە بەرچاوگرتنی وشەی خواستراو: خواستنی تاکە وشە، دوو جۆرە: بنجی و شوێنکەوتەیی بە دیکرا، لەگەڵ خواستنی ڕستەی لێکدراو، بە بەرچاوگرتنی دوو لایەنەکانی خواستن (لێخواستراو و بۆخواستراو)یش دوو جۆری دیکەی خواستنی ئاشکرا و خواستنی درکاو بە دیکراون، بە بەرچاوگرتنی بۆگونجاوەکان سێ جۆری خواستن بە دیکرا، ئەوانیش بریتینە لە خواستنی ڕەها، خواستنی پاڵێوراو، خواستنی پەتی بە بەرچاوگرتنی هەستی و ئەقڵی دوو لایەنەکانی خواستنیش سێ جۆری، خواستنی ئەقڵی هەستی، خواستنی هەستی هەستی، خواستنی ئەقڵی ئەقڵی، نمونەیان بۆ دۆزراوەتەوە، بە بەرچاوگرتنی گونجاوی و نەگونجاوی دوو لایەنەکانی خواستن، دوو جۆری: خواستنی گونجاوی و خواستنی نەگونجاوی بە دیکراون، ئینجا خواستنی گشتی و خواستنی ڕاستەقینە، کە بە هەموویان دەگەنە (١٦) جۆرو شێوازی خواستن لای ئەم شاعیرە بەدیکراوە.

٥. دوا هونەری زانستی ڕوونبێژی درکەیە، ئەم هونەرەش بەو هۆیەی هونەری بەکارهێنانی تەکنیکی کورتبڕی و ئاماژەی خێرا و واتای بەهێزتر و کاریگەرترە لەو واتایەی، بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ دەخرێتەڕوو، درکە خوازەیە لە ئاستی ڕستەدا، لای ئەم شاعیرە گرنگی زۆری پێدراوە، چەندین جۆری درکە وەکو: درکە لە سیفەت و لە مەوسوف و لە

هاوگری بە چەندین ڕێگە و شێوازی گشتی و فرمانی و خەبەری و مەرجی بەرهەمهێنراوە، بە هەموو ئەوانەش (٧) جۆر و شێوازی درکەمان لای ئەم شاعیرە بەرجەستە کردووە و هۆنراوەکانیان لە ڕووی واتاوە کاریگەر و بەهێزتر کردووە.

٦. لێکدانەوە و شیکردنەوەی شیعرەکانی بێخود لە ڕێگەی ئەم هونەرانەوە تێگەیشتن ئاسان دەکات و چێژی شیعری دەبەخشێت، شاعیر جوانترین وێنەی لە ڕێگەی ئەو هونەرانەوە بنیات ناوە و ڕوونکردنەوە و کورتبڕی لە مەبەستەکانی خۆی لە ڕێگەی ئەم هونەرانەی ڕوونبێژی بەرجەستە کردووە.

# سەرچاوەكان

# سەرچاوەکان

قورئانی پیرۆز

فەرمودەی پێغەمبەر (ص)

**یەکەم: بە زمانی کوردی**

**أ. کتێب**


١. ئەرەستۆ (٢٠١١)، هونەری شیعر، وەرگێرانی لە ئینگلیزییەوە: عەزیز گەردی، چاپی دووەم، خانەی چاپ و پەخشی ڕێنما، سلێمانی.

٢. ئەفلاتون (٢٠١١)، سەرجەم بەرهەمەکانی ئەفلاتون، وەرگێرانی: عیمران هاواری، بەرگی سێیەم، چاپی یەکەم، خانەی چاپ و پەخشی ڕێنما، سلێمانی.

٣.ئیدریس عەبدوڵلا (٢٠١٠ ـ ٢٠١١)، شێواز و شێوازگەری، چاپی یەکەم، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، هەولێر.

٤. ئیدریس عەبدوڵلا مستەفا (٢٠١١)، لایەنە ڕەوانبێژییەکان لە شیعری کلاسیکی کوردیدا بە نموونەی حەمدی و حاجی قادری کۆیی، چاپخانەی حاجی هاشم، هەولێر.

٥. ئیدریس عەبدوڵلا (٢٠١٢)، شێواز، چاپی یەکەم، چاپخانەی منارە، هەولێر.

٦. ئیدریس عەبدوڵلا (٢٠١٣)، کۆوانەکانی ڕەوانبێژی، چاپی یەکەم، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، هەولێر.

٧. بورهان محمد امین (٢٠٠٢)، تەفسیری ئاسان بۆ تێگەیشتنی قورئان، چاپی سێیەم، لە بڵاوکراوەکانی کتێبخانەی ڕۆشنبیر لە سلێمانی ـ هەولێر.

٨. حوسێن محەمەد عەزیز (٢٠٠٤)، یاقووت و زمرووتی کوردیی (ئایین و فەلسەفە)، بەرگی دووەم، چاپخانەی شڤان.

٩. دەریا جەمال حەوێزی (٢٠٠٩)، وێنەی ڕوونبێژی لە کۆمەڵە شیعری (شەهید بە تەنیا پیاسە دەکات)ی قوبادی جەلیزادەدا، چاپ و بڵاوکردنەوەی سلێمانی، سلێمانی.

١٠. ڕەفیق حلمی (١٩٨٨)، شعر و ئەدەبیاتی کوردی، بەرگی یەکەم، المکتبه الوگنیه، بغداد.

١١. مەلا سامان هەڵەبجە (٢٠١٤)، گوڵستان (ژیانی ناوداران و شاعیرانی کورد)، چاپی یەکەم، کتێبخانەی هەژار موکریانی، هەڵەبجە،.

١٢. سەردار ئەحمد حەسەن گەردی (٢٠٠٤)، بنیاتی وێنەی هونەری لە شیعری کوردیدا (١٩٧٠ ـ ١٩٩١)، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی.

١٣. سدیق بۆرەکەیی (سەفی زادە) ( ٢٠٠٨)، مێژووی وێژەی کوردی، بەرگی دووەم، چاپی دووەم، دەزگای چاپ و بڵاوکراوەی ئاراس، هەولێر.

١٤. شوکور مستەفا (٢٠١١)، ئەندێشە و هونەر لە پێشکەوتنی کۆمەلایەتیدا، چاپی دووەم، دەزگای توێژینەوەو بڵاو کردنەوەی موکریانی، هەولێر.

١٥. عەبدولڕەزاق بیمار (٢٠٠٦)، خوێندنەوەیەکی تازەی هەڵبەستی کوردی، چاپی یەکەم، دەزگای ئاراس، هەولێر.

١٦. عەبدوڵلا سەڕاج (٢٠٠٨)، با لە هونەر بگەین، چاپی یەکەم، چاپخانەی خانی ـ دهۆک، هەولێر.

١٧. عەزیز گەردی (١٩٧٢)، ڕەوانبێژی لە ئەدەبی کوردیدا، بەرگی یەکەم، ڕوونبێژی، چاپی یەکەم، چاپخانەی دار الجاحظ، بغداد.

١٨. عەزیز گەردی (١٤٢٣ک ـ ٢٠٠٢ز)، ڕەوانبێژی بۆ پۆلی دووەمی پەیمانگاکانی مەڵبەندی مامۆستایان، پۆلی پێنجەمی پەیمانگاکانی پێگەیاندنی مامۆستایان، چاپی یەکەم، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، هەولێر.

١٩. عەلائەدین سەجادی (٢٦٦٧ک ـ ١٩٦٧م)، ئەدەبی کوردی و لێکۆلینەوە لە ئەدەبی کوردی، چاپخانەی مەعارف، بغداد..

٢٠. عەلائەدین سەجادی (١٩٨٦)، خۆشخوانی (گوزارەکاری، رەوانکاری، جوانکاری)، چاپخانەی زانکۆی سەلاحەدین

٢١. كامل حسن عزيز البصير (١٤٠٣ك ـ ١٩٨٣ز)، رەخنەسازی مێژوو و پەیرەو کردنی، چاپخانەی کۆری زانیاری عێراق، بەغداد.
٢٢. کەمال مەمەند میراودەلی (١٩٧٩)، فەلسەفەی جوانی و هونەر (ئیستاتیکا)، مطبعه مدیریه دار الکتب للطباعه والنشر، بەغداد.
٢٣. لیۆ تولستۆی (٢٠٠٩)، هونەر چییە؟، وەرگێرانی: هەژار رەحیمی، چاپی یەکەم، دەزگای توێژینەوەو بڵاو کردنەوەی موکریانی، هەولێر.
٢٤. مارف خەزنەدار (٢٠١٠)، مێژووی ئەدەبی کوردی، بەرگی شەشەم، چاپی دووەم، چاپخانەی ئاراس، هەولێر.
٢٥. بابە شێخی مەردۆخ ڕۆحانی (٢٠١١)، مێژووی ناودارانی کورد، وەرگێرانی: ماجد مەردۆخ ڕۆحانی، بەرگی دووەم، چاپی یەکەم، لە کتێبەکانی ئەکادیمیای کوردی، هەولێر.
٢٦. محمد سعید ابراهیم محمدی (١٣٦٤)، گەشتێ لە علمی بەلاغە (معانی، بیان، بدیع، عروض، قافیە)، اذربایجان غربی، مهاباد.
٢٧. موحسین ئەحمەد مصطفی گەردی (٢٠١٣)، بەهاری ڕەوانبێژی (واتاناسی، ڕوونبێژی، جوانکاری)، چاپی یەکەم، نارین بۆ چاپ و بڵاوکردنەوە، هەولێر.
٢٨. موعتەصەم ساڵەیی (٢٠٠٧)، ئەدەب و هونەر، چاپی یەکەم، چاپخانەی ڕوون، سلێمانی.
٢٩. نەوزاد کەلهور (١٤٢٩ک ـ ٢٠٠٨ز)، رەهەندی ئایین لە شیعری کلاسیکی کوردی کرمانجی خواروو، چاپی یەکەم، نوسینگەی تەفسیر بۆ بڵاوکردنەوەو ڕاگەیاندن، هەولێر.
٣٠. هەژار فەقێ سلێمان حسێن (٢٠١٤)، ڕوونبێژی لە شیعری مەحوی دا، چاپی یەکەم، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی.

**ب. فەرهەنگ:**

٣١. گیوی موکریانی (١٩٩٩)، فەرهەنگی کوردستان، چاپی یەکەم، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، هەولێر.

٣٢. شێخ محمدی خاڵ (١٣٨٣هـ ـ ١٩٦٤م)، فەرهەنگی خاڵ، جزمی دووەم، چاپخانەی کامەرانی، سلێمانی.

٣٣. شێخ محمدی خاڵ (١٣٩٦هـ ـ ١٩٧٦ز)، فەرهەنگی خاڵ، جزمی سێیەم، چاپخانەی کامەرانی، سلێمانی.

٣٤. هەژار (١٣٩١)، هەنبانە بۆرینە، فەرهەنگی (کوردی ـ فارسی)، چاپی هەشتەم، سروش، تهران.

**ت. نامەی ئەکادیمی:**

٣٥. عەبدول سەلام سالار عەبدولڕەحمان (کانوونی دووەمی ٢٠٠٠)، هونەری ڕەوانبێژی لە شیعری نالیدا، نامەی ماستەر، پێشکەشکراوە بە کۆلێژی زمانی زانکۆی سلێمانی.

٣٦. نەوزەت ئەحمەد عوسمان (جەمادی ئاخیری ١٤١٢هـ ـ کانونی یەکەمی ١٩٩١م)، ڕوونبێژی لە شیعری کلاسیکی کوردیدا بە نمونەی مەلای جزیری و نالی، نامەی ماستەری پێشکەشکراوە بە بەشی کوردی کۆلێژی ئادابی زانکۆی سەلاحەددین.

**پ. دیوانی لێکۆلینەوە:**

٣٧. مەلا مەحمودی مفتی، ناسراو بە بێخود (١٩٧٠)، دیوانی بێخود (کوردی و فارسی)، کۆکردنەوەو ڕێکخستن و لەسەر نوسینی: محەمەدی مەلا کەریم، چاپخانەی سلمان الاعظمی، بەغدا.

٣٨. مامۆستا مەلا مەحموودی موفتی، ناسراو بە (بێخود) (١٣٨٦)، دیوانی بێخود، کۆکردنەوەو ڕێکخستن و لەسەر نوسینی: موحەممەدی مەلا عەبدولکەریم، چاپی یەکەم، بڵاوکردنەوەی کوردستان، سنە.

**ج. گۆڤار:**

٣٩. سەردار ئەحمەد گەردی (١٩٩٧)، ئەوزاری لێکچوواندن لە شیعری کوردیدا، گۆڤاری کاروانی ئەکادیمی، ژمارە: (٢)، بەرگی یەکەم، هەولێر.

٤٠. سەردار ئەحمەد گەردی (٢٠٠١)، لێکچوواندن و ڕۆلی لە دروستکردنی وێنەی هونەری لە شیعرەکانی (ئەحمەد موختار بەگی جاف)دا، گۆڤاری زانکۆی سلێمانی، ژمارە:(٥)، سلێمانی.

٤١. م. عبدالسلام سالار (کانونی یەکەمی ٢٠٠٣)، پەیبردن بە جیاوازیی نێوان چەند هونەرێکی ڕەوانبێژی، گۆڤاری زانکۆی سلێمانی، بەشی B، ژمارە: (١٢)، سلێمانی.

٤٢. مارف خەزنەدار (١٩٧٨)، ووشەو تەعبیری تازە لە شیعری بێخود، گۆڤاری کۆلێجی ئەدەبیات، زانستگای بەغدا، ژمارە: (٢٢)، چاپخانەی دار الجاحظ، بەغدا.

**دووەم: بە زمانی عەرەبی:**

**کتێب:**

٤٣. ابن عبدالله أحمد شعيب (١٤٢٩هـ ـ ٢٠٠٨م)، بحوث منهجيه في علوم البلاغة العربية، الطبعة الاولى، دار ابن حزم للطباعة ونشر، بيروت ـ لبنان.

٤٤. ابن عبدالله أحمد شعيب (١٤٢٩هـ ٢٠٠٨م)، الميسر في البلاغه العربية، دروس وتمارين، الطبعة الأولى، دار ابن حزم، بيروت ـ لبنان.

٤٥. العالم العلامة أحمد بن محمد بن على الفيومي المقرئ (١٩٨٧)، المصباح المنير (معجم عربى ـ عربى)، مكتبة لبنان، بيروت ـ لبنان.

٤٦. أبى الحسين أحمد بن فارس بن زكريا (١٤٢٢هـ ـ ٢٠٠١م)، معجم مقاييس اللغة، إعتنى به: د. محمد عوض مرعب، الانيسة فاطمه محمد أصلان، الطبعة الأولى، دار إحياء التراث العربي، بيروت ـ لبنان.

٤٧. للعلامة الامام أبى الحسين احمد بن فارس بن زكريا الرازي اللغوي (١٤١٤هـ ـ ١٩٩٣م)، الصاحبى، حققه: د. عمر فاروق الطباع، الطبعة الاولى، مكتبة المعارف، بيروت ـ لبنان.

٤٨. احمد مصطفى المراغي (١٤٢٨هـ ـ ٢٠٠٧م)، علوم البلاغة (البيان و المعانى و البديع)، الطبعة الرابعة، دار الكتب العلمية، بيروت ـ لبنان.

٤٩. أحمد مطلوب، د. كامل حسن البصير، البلاغة والتطبيق، الطبعة الاولى، مطابع بيروت الحديثة، بيروت ـ لبنان، بدون سنه الطبع.

٥٠. احمد مطلوب (١٣٩٥هـ ـ ١٩٧٥م)، فنون بلاغية (البيان ـ البديع)، الطبعة الاولى، دار البحوث العلمية، الكويت.

٥١. احمد مطلوب (١٤٠٠هـ ـ ١٩٨٠م)، البلاغة العربية (المعانى و البيان و البديع)، الطبعة الاولى، الطبع والنشر محفوظة لدى وزارة التعليم العالى والبحث العلمى، بغداد.

٥٢. احمد مطلوب (١٤٠٦هـ ـ ١٩٨٦م)، معجم المصطلحات البلاغية و تطورها، الجزء الثانى، مطبعة المجمع العلمي العراقي، بغداد.

٥٣. أحمد مطلوب (١٤٢٣هـ ـ ٢٠٠٢م)، في المصطلح النقدى، مطبعة المجمع العلمى، بغداد.

٥٤. السيد احمد الهاشمى (١٤٣٤هـ ـ ٢٠١٣م)، جواهر البلاغة، الطبعة الرابعة، دار المعرفة، بيروت ـ لبنان.

٥٥. أحمد هنداوى هيلال (١٤٢٢هـ ـ ٢٠٠١م)، استدراكات (السعد على الخطيب في المطول)، الطبعة الأولى، مكتبة وهبة، قاهره.

٥٦. احمد هنداوى هلال (١٤٢٤هـ ـ ٢٠٠٣م)، الكناية في لسان العرب لابن منظور، الطبعة الأولى، مكتبة وهبة، قاهرة.

٥٧. أمين ابو ليل (١٤٢٧هـ ـ ٢٠٠٦م)، علوم البلاغة (المعاني و البيان و البديع)، الطبعة الاولى، دار البركة للنشر و التوزيع، عمان ـ اردن.

٥٨. إنعام فوال عكاوى (١٤٣٥هـ ـ ٢٠١٤م)، المعجم المفصل في علوم البلاغة (البديع و البيان و المعانى)، مراجعة: أحمد شمس الدين، الطبعة الرابعة(طبعة جديدة منقحة)، دار الكتب العلمية، بيروت ـ لبنان.

٥٩. الإمام أبى عبدالله بدرالدين بن مالک الدمشقى (١٤٢٢هـ ـ ٢٠٠١م)، المصباح في المعانى و البيان و البديع، حقق الكتاب وقدم: د. عبدالحميد هنداوى، الطبعة الأولى، دار الكتب العلمية، بيروت ـ لبنان.

٦٠. بدوى طبانة (١٤٠١هـ ـ ١٩٨١م)، علم البيان، دار الثقافة، بيروت ـ لبنان.

٦١. بسيونى عبدالفتاح فيود (١٤٢٥هـ ـ ٢٠٠٤م)،علم البيان، الطبعة الثانية، مؤسسة المختار للنشر والتوزيع،قاهرةـ مصر.

٦٢. المعلم بُطرس البستانى (١٩٨٧)، محيط المحيط (قاموس مطول للغة العربية)، مكتبه لبنان، بيروت.

٦٣. المعلم بُطرس البستانى (٢٠٠٩)، محيط المحيط (قاموس عصري مطول للغة العربية)، الجزء الخامس، الطبعة الآولى، دار الكتب العلمية، بيروت ـ لبنان.

٦٤. المعلم بطرس البستانى (٢٠٠٩)، محيط المحيط (قاموس عصري مطول للغة العربية)، الجزء السادس، الطبعة الاولى، دار الكتب العلمية، بيروت ـ لبنان.

٦٥. المعلم بطرس البستانى (٢٠٠٩)، محيط المحيط (قاموس عصرى مطول للغة العربية)، الجزء السابع، الطبعة الأولى، دار الكتب العلمية، بيروت ـ لبنان.

٦٦. المعلم بطرس البستانى (٢٠٠٩)، محيط المحيط (قاموس عصري مطول للغة العربية)، الجزء الثامن، الطبعة الاولى، دار الكتب العلمية، بيروت ـ لبنان.

٦٧. بلقاسم ساعى (٢٠١٤)، محاضرات في فن البيان و البديع، الطبعة الاولى، دار الكتاب الحديث، قاهره.

٦٨. السيد الشريف الجرجانى أبى الحسن على بن محمد بن على (١٤٢٨هـ ـ ٢٠٠٧م)، الحاشية على المطول (شرح تلخيص مفتاح العلوم في علوم البلاغة)، الطبعة الأولى، دار الكتب العلمية، بيروت ـ لبنان.

٦٩. جمال إبراهيم قاسم (١٤٣٣هـ ـ ٢٠١٢م)، البلاغة الميسرة، الطبعة الاولى، دار ابن الجوزى، مصر ـ القاهرة.

٧٠. للإمام العَـلاَّمة أبي الفضل جمال الدين محمد بن مكرم ابن منظور (١٤١٣هـ ـ ١٩٩٣م)، لسان السان، تهذيب لسان العرب، الجزء الاول، الطبعة الاولى، دار الكتب العلمية، بيروت ـ لبنان.

٧١. الإمام العلامة أبى الفضل جمال الدين محمد بن مكرم ابن منظور الافريقى المصرى، لسان العرب، المجلد الرابع، دار صادر، بيروت، بدون سنة الطبع.

٧٢. الإمام العلامة أبى الفضل جمال الدين محمد بن مكرم ابن منظور الافريقى المصرى، لسان العرب، المجلد الخامس، دار صادر، بيروت، بدون سنة الطبع.

٧٣. الإمام العلامة أبى الفضل جمال الدين محمد بن مكرم ابن منظور الافريقى المصرى، لسان العرب، المجلد الخامس عشر، دار صادر، بيروت، بدون سنة الطبع.

٧٤. حامد عبدالهادي حسين (١٤٢٨هـ - ٢٠٠٧م)، البلاغة والمعنى في النص القرآني، دار الكتب والوثائق العراقية، بغداد.

٧٥. ابى على الحسن بن رشيق القيروانى (١٤٠١هـ - ١٩٨١م)، الازدى، العمدة، الجزء الاول، الطبعة الخامسه، دار الجيل، سوريا.

٧٦. أبي هلال الحسن بن عبدالله بن سهل العسكري (١٤٢٧هـ - ٢٠٠٦م)، كتاب الصناعتين، (الكتابة و الشعر)، تحقيق:على محمد البجاوى، محمد أبو الفضل إبراهيم، الطبعة الأولى، المكتبه العصرية، صيدا - بيروت.

٧٧. حسنى عبدالجليل يوسف (٢٠٠٧)، علم البيان بين القدماء والمحدثين، الطبعة الأولى، دار الوفاء، الإسكندرية.

٧٨. حفنى محمد شرف (١٩٧٣)، التصوير البيانى، الطبعة الثانية، مكتبة الشباب، القاهرة.

٧٩. حلمى مرزوق، فى فلسفة البلاغة العربية (علم البيان)، دار الوفاء لدنيا الطباعة و النشر، الإسكندرية، بدون سنة طبع.

٨٠. حميد آدم ثويني (٢٠٠٦)، البلاغة العربية المفهوم والتطبيق، دار المناهج للنشر والتوزيع، عمان،.

٨١. خالد إبراهيم يوسف (١٩٩٩)، مداخل كتابة العربية و بلاغتها، الطبعة الاولى، مؤسسه الرحاب الحديثة، بيروت - لبنان.

٨٢. عقيد خالد حمودى العزاوى (١٤٣٣هـ ـ ٢٠١٢م)، البحث البلاغي عند الاصوليين، الطبعة الاولى، دار العصماء، سوريه ـ دمشق.

٨٣. الخطيب القزوينى (٢٠١٠)، الإيضاع في علوم البلاغة (المعانى و البيان و البديع)، الطبعة الثانية، المحقق: إبراهيم شمس الدين، دار الكتب العلمية، بيروت ـ لبنان.

٨٤. أبى عبدالرحمن الخليل بن أحمد الفراهيدى (١٩٨١)، كتابُ العين، تحقيق: د. مهدى المخزومي، د. إبراهيم السامرائى، الجزء الثالث، دار الرشيد للنشر، بغداد.

٨٥. راجى الأسمر (١٤٢٦هـ ـ ٢٠٠٥م)، علوم البلاغة (الموسوعة الثقافية العامة)، دار الجيل، بيروت ـ لبنان.

٨٦. راضى نواصرة (٢٠٠٧)، البلاغة والبيان و فصاحة الكلام عند سيدنا الإمام، مؤسسه حمادة للدراسات الجامعية والنشر والتوزيع، اربد ـ الاردن.

٨٧. شيخ الإسلام أبو يحيى زكريا الانصاري (١٤٢٩هـ ـ ٢٠٠٨م)، ملخص تلخيص المفتاح في علوم البلاغة، تحقيق: إلياس قبلان التركي، الطبعة الأولى، دار صادر، بيروت ـ لبنان.

٨٨. زين كامل الخويسكى، أحمد محمود المصرى (٢٠٠٦)، رؤى في البلاغة العربية (دراسة تطبيقية لمباحث علم البيان)، الطبعة الاولى، دار الوفاء، الاسكندرية.

٨٩. زين كامل الخويسكى، احمد محمد المصرى (٢٠٠٦)، فنون بلاغية، الطبعة الاولى، دار الوفاء لدينا الطباعة و النشر، الاسكندرية.

٩٠. سعدالدين التفتازانى، شرح المختصر، منشورات دار الحكمة، قم ـ ايران، دون سنة الطبع.

٩١. سعدالدين مسعود بن عمر التفتازانى (١٣٨٧ش.ق)، المطول شرح تلخيص المفتاح، وعلق علية: أحمد عزو عناية، الطبعة الاولى، دار الكوخ للطباعة والنشر.

٩٢. شرف الدين الحسين بن محمد بن عبدلله الطيبي (١٤٠٦هـ ـ ١٩٨٦م)، التبيان في البيان، تحقيق: د. توفيق الفيل، عبداللطيف لطف الله، الطبعة الأولى، ذات السلاسل للطباعة والنشر، الكويت.

٩٣. الامام الفاضل جامع اشتات الفضائل شهاب الدين ابى الثناء محمود بن سليمان الحلبى الحنفى (١٢٩٨هـ)، حسن التوسل، الطبعة الوهبية، مصر.
٩٤. فى ادب الكاتب والشاعر لضياءالدين بن الأثير (دون سنة الطبع)، المثل السائر، قدمه و علق عليه: د. احمد الحوفى، د. بدوى طبانه، القسم الاول، دار نهضه مصر للطبع و النشر، الفجاله ـ القاهره.
٩٥. في أدب الكاتب والشاعير لضياء الدين الأثير (١٩٧٣)، المثل السائر، قدمه وعلق عليق: (د. أحمد الحوفى و د. بدوى طبانه)، القسم الثانى، الطبعة الثانى، الطبع والنشر دار نهضه مصر، الفجاله ـ قاهره.
٩٦. طالب محمد الزوبعي، ناصر حلاوى (١٩٩٦)، البلاغة العربية (البيان و البديع)، الطبعة الاولى، دار النهضة العربية، بيروت.
٩٧. عاطف فضل محمد (١٤٣٢هـ ٢٠١١م)، البلاغة العربية، الطبعة الأولى، دار المسيرة للنشر و التوزيع، عمان.
٩٨. عبدالحق الكتانى (٢٠١٢ ـ ٢٠١٣)، المغنى (معجم اللغة العربية)، دار الكتب العلمية، بيروت ـ لبنان.
٩٩. عبدالرحمن حسن حبنكه الميداني (١٤٣١هـ ٢٠١٠م)، البلاغة العربية (أسسها و علومها و فنونها)، الجزء الثانى، الطبعة الثالثة، دار القلم، دمشق.
١٠٠. الشيخ الامام عبدالرؤوف بن المناوى (١٤١٠هـ ـ ١٩٩٠م)، التوقيف على مهمات التعاريف، تحقيق: د. عبدالحميد صالح حمدان، الطبعة الاولى، عالم الكتب، القاهره.
١٠١. عبدالعزيز عتيق، علم البيان، دار النهضة العربية، بيروت ـ لبنان، بدون سنة الطبع.
١٠٢. الشيخ الإمام أبى بكر عبداقاهر عبدالرحمن بن محمد الجرجانى النحوى (١٤١٣هـ ـ ١٩٩٢م)، دلائل الأعجاز، علق عليه: محمود محمد شاكر، الطبعة الثالثة، مطبعة المدنى، مصر.
١٠٣. الشيخ الإمام أبى بكر عبدالقاهر بن محمد الجرجانى النحوى، أسرار البلاغة، قرأة وعلق عليه: محمود محمد شاكر، مطبعة المدنى، القاهرة، بدون سنة الطبع.

١٠٤. أبى الفتح عثمان بن جني، الخصائص، تحقيق: محمد على النجار، الجزء الثاني، الطبعة الرابعة، دار الشؤن الثقافية العامة، العراق ـ بغداد ـ اعظمية، دون سنة الطبع.

١٠٥. على الجارم، مصطفى أمين، البلاغة الواضحة (البيان، والمعانى، والبديع)، المكتبة العلمية، بيروت – لبنان، دون سنة الطبع.

١٠٦. على جارم، مصطفى أمين (١٤٣٥هـ ـ ٢٠١٤م)، البلاغة الواضحة في البيان و المعانى و البديع، دليل البلاغة الواضحة، حققه و علق: قاسم محمد النوري، الطبعة الاولى، مكتبة دار الفجر، دمشق ـ بيروت.

١٠٧. أبى حسن على بن عيسى الرمانى (١٩٧٦)، النكت في اعجاز القرآن (ثلاث رسائل قي إعجاز القرآن)، حفقها و علق عليها: (محمد خلف الله احمد، د. محمد زغلول سلام)، دار المعارف، مصر.

١٠٨. عمر عبدالهادي عتيق (٢٠١٢م)، علم البلاغة بين الأصالة والمعاصرة، الطبعة الاولى، دار أسامة للنشر والتوزيع، الاردن ـ عمان.

١٠٩. عمر بن علوى بن ابى بكر الكاف (١٤٢٩هـ ـ ٢٠٠٨م)، البلاغة (المعانى ـ البيان ـ البديع)، الطبعة الثالثة، دار المنهاج، المملكة العربية السعودية ـ جدة.

١١٠. بن عيسى باطاهر (٢٠٠٨)، البلاغة العربية مقدمات و تطبيقات، الطبعة الأولى، دار الكتاب المتحدة، ليبيا.

١١١. فضل حسن عباس، أساليب البيان، الجزء الثانى، دار ابن الاثير للطباعة و النشر في جامعه الموصل، دون سنة الطبع.

١١٢. فضل حسن عباس (١٤٠٧هـ ـ ١٩٨٧م)، البلاغة فنونها و أفنانها (علم البيان و البديع)، الطبعة الأولى، دار الفرقان للنشر والتوزيع، عمان ـ أردن.

١١٣. أبى عبدلله فيصل بن عبره قائد الحاشرى (٢٠٠٦)، تسهيل البلاغة، دار الايمان للطبع والنشر و التوزيع، الاسكندرية.

١١٤. محمد أحمد أبوبكر أبو عامود (١٤٢٠هـ ـ ٢٠٠٩م)، البلاغة الأسلوبية، الطبعة الاولى، مكتبه الادب، القاهرة..

١١٥. محمد احمد قاسم، محى الدين ديب (٢٠١٠)، علوم البلاغة (البديع و البيان و المعانى)، الطبعة الأولى، المؤسسة الحديثة للكتاب، طربلس ـ لبنان.

١١٦. محمد أمين الضناوي (١٤٢١هـ ـ ٢٠٠٠م)، معين الطالب في علوم البلاغة (علم المعانى ـ علم البديع ـ علم البيان)، الطبعة الاولى، دار الكتب العلمية، بيروت ـ لبنان.

١١٧. محمد التونجى (١٤٢٤هـ ـ ٢٠٠٣م)، معجم علوم العربية، الطبعة الأولى، دار الجيل للنشر و للطباعة والتوزيع، بيروت ـ لبنان.

١١٨. محمد جلال الذهبى، سمات البلاغة عند الشيخ عبدالقاهر، الطبعة الثانية، مطبعة الأمانة، ٣ شارع جزيرة بدران ـ شبرا مصر، بدون سنة الطبع.

١١٩. محمد حسين على الصغير (١٩٨١)، الصورة الفنية في المثل القرآنى، دار الرشيد للنشر، العراق.

١٢٠. محمد حسين على الصغير (١٩٨٦)، اصول البيان العربي (رؤية بلاغية معاصره)، دار الشؤون الثقافية العامة، بغداد ـ العراق.

١٢١. محمد دياب، حنفى ناصف، سلطان محمد، مصطفى طموم (١٤٢٦هـ ـ ٢٠٠٥م)، شرح دروس البلاغة، شرح: محمد صالح العثيمين، الطبعة الاولى، مكتبه المحمدي، مصر.

١٢٢. محمد ربيع (١٤٢٨هـ ـ ٢٠٠٧م)، علوم البلاغة العربية، الطبعة الاولى، دار الفكر، عمان ـ الاردن.

١٢٣. القاضى ابي عبدالله محمد بن سلامة القضاعي (١٤٠٥هـ ـ ١٩٨٥م)، مسند الشهاب، حققه و خرج أحاديثهُ: حمدى عبدالمجيد السلفي، المجلد الأول، الطبعة الاولى، مؤسسة الرسالة للطباعه والنشر والتوزيع، بيروت.

١٢٤. محمد سليمان عبدلله الاشقر (١٤٢٦هـ ـ ٢٠٠٦م)، معجم علوم اللغة العربية، الطبعة الأولى، دار النفائس للنشر والتوزيع، الادن.

١٢٥. محمد طاهر اللادقي (١٤٢٩هـ ـ ٢٠٠٨م)، المبسط في علوم البلاغة (المعانى و البيان و البديع)، مراجعة: إبراهيم محمد طاهر اللادقي، المكتبة العصرية، صيدا ـ بيروت.

١٢٦. محمد على التهانَوى (١٩٩٦)، موسوعة كشاف اصطلاحات الفنون والعلوم، تحقيق: د. على دحروج، الجزء الاول، الطبعة الاولى، مكتبه لبنان ناشرون، بيروت ـ لبنان.

١٢٧. أبى بكر محمد بن على المعروف بابن حُجة الحموي (١٤٣٠هـ ـ ٢٠٠٩م)، خزانةُ الادب و غاية الارب، قدم له: د. صلاح الدين الهواري، الجزء الأول، المكتبة العصرية، صيدا ـ بيروت.

١٢٨. أبى بكر محمد بن على المعروف بابن حُجة الحموي (١٤٣٠هـ ـ ٢٠٠٩م)، خزانة الأدب و غاية الارب، قدم له: د. صلاح الدين الهواري، الجزء الثاني، المكتبة العصرية، صيدا ـ بيروت.

١٢٩. ركن الدين محمد بن على بن محمد الجرجاني (١٤٢٣هـ ـ ٢٠٠٢م)، الإشارات و التنبيهات في علم البلاغة، علق علية: إبراهيم شمس الدين، الطبعة الاولى، دار الكتب العلمية، بيروت ـ لبنان.

١٣٠. محمد علي سلطانى (١٤٢٧هـ ـ ٢٠٠٨م)، المختار من علوم البلاغة و العروض، الطبعة الاولى، سوريا ـ دمشق.

١٣١. محمد مصطفى أبو شوارب، أحمد محمود المصرى (٢٠٠٦)، قطوف بلاغية، الطبعة الأولى، دار الوفاء، الإسكندرية.

١٣٢. محمد هيثم غرة (١٤٢٨هـ ـ ٢٠٠٧م)، البلاغة من منابعها، القسم الثانى، البيان و البديع، دار الرؤية، دمشق ـ سوريا.

١٣٣. الإمام جارالله فخر خوارزم محمود بن عمر الزمخشرى (١٤٣٤هـ ـ ٢٠١٣م)، أساس البلاغة، قدم لة وعلق حواشية: د. محمد احمد قاسم، المكتبة العصرية، صيدا ـ بيروت.

١٣٤. مسعد الهوارى، قاموس قواعد البلاغة و أصول النقد والتذوق، مكتبه الايمان، دون سنه الطبع.

١٣٥. مصطفى الحلوة (١٩٩٣)، محاضرات في البلاغة العربية، الطبعة الاولى، حقوق الطبع محفوظة، عمان.

١٣٦. مهدى صالح السامرائي (١٤٣٤هـ ـ ٢٠١٣م)، المجاز في البلاغة العربية، الطبعة الاولى، دار ابن كثير، بيروت ـ لبنان.

١٣٧. الموسوعة الفلسفية العربية (١٩٨٦)، رئيس التحرير د. معن زياده، المجلد الاول (الاصطلاحات و المفاهيم)، الطبعة الأولى، معهد الإنماء العربى.

١٣٨. وداد نوفل (٢٠١٤)، علم البيان، مؤسسه حورس الدولية، الاسكندرية.

١٣٩. وليد إبراهيم قصاب (١٤٣٥هـ ـ ٢٠١٤م)، البلاغة العربية (علم البيان)، الطبعة الثانية، دار الفكر، دمشق ـ سورية.

١٤٠. السيد الامام امام الائمه الكرام يحيى بن حمزة بن على بن ابراهيم العلوى اليمنى (١٣٣٢هـ ـ ١٩١٤م)، الطراز لأسرار البلاغة و علوم حقائق الأعجاز، الجزء الاول، الطبع بمطبعة المقتطف، مصر.

١٤١. يوسف ابو العدوس (١٤٣٠هـ ـ ٢٠١٠م)، مدخل الى البلاغة العربية (علم المعانى ـ علم البيان ـ علم البديع)، الطبعة الثانية، دار الميسرة للنشر والتوزيع و الطباعة، عمان ـ الاردن.

١٤٢. أبى يعقوب يوسف بن محمد بن على السكاكى (١٤٣٥هـ ـ ٢٠١٤م)، مفتاح العلوم، حققة وقدم: د. عبدالحميد هنداوى، الطبعة الثالثة، دار الكتب العلمية، بيروت ـ لبنان.

**سێیەم: بە زمانی فارسی**

١٤٣. بهرور ثروتيان (١٣٧٨)، بيان در شعر فارسى، چاپى دوم، تهران.

١٤٤. استاذ علامه جلال الدين همايى (١٣٧٠)، فنون بلاغت و صناعات ادبى، چاپ هفتم، مؤسسه نشر هما، تهران، تابستان.

١٤٥. سيروس شميسا (١٣٩٠)، بيان، ويراست چهارم، نشر ميترا، تهران.

١٤٦. محمد حسين محمدى (١٣٩٠)، بلاغت (معانى، بيان، بديع)، چاپى دوم، انتشارات زوار، تهران.

چوارەم: بە زمانی ئینگلیزی

أ. کتێب:

147. Abrams, M.H 1999. Agossary of literary Terms, 7th edn. 1999. United king dom and The united states of America: cornell university public cation.

148. Baldick (2001), Chris, The Concise Oxford Dictionary of Literary Terms, Oxford: Oxford University Press.

149. LONGMAN (1998), Dictionary of English Language and Gulture, secondeditiong England.

ب. ئەنتەرنێت:

150. On line Dictionary, love tak now corporation, 1999/10/17, www.your dictionary. Com.

پێنجەم: بە زمانی تورکی

151. Komisyon (2010), 9.SINIF TÜRK EDEBIYATI, TEK YildizYayinlari, Arrinti BASIMEVI, ANKARA.

152. ŐmerYildz, Mustafa Ekinci, Hamdikoçak, Mehmet ONAY, Şaban TUGLA, Erdal DANACI (2001), EDEBĩMETiNLERI, MILLĩEğitimBasimevi, istanbu.

# ((Abstract))

(The Art of Clarity in Bekhood's Poems) is the title of this scientific research, which is submitted in partial fulfilment of the requirements for the degree of Master's in Kurdish literature.

In this thesis there is an access to introduce some significant nouns and terms, which occurred in the title, such as: the nouns and terms of Art, Bekhood and Clarity. Sufficient, precise and straightforward information each of these noun and term has been provided.

After that the research came on to its main parts and for this purpose the work is divided into five main parts: the first part is specialised to Simile art. The second part is dedicated to Allegory art. The third part is devoted to Metaphor art. The fourth part is specific to Metonymy art. The last part, which comes after all the other parts, is dedicated to aesthetics of rhetoric arts. It seems that through the Clarityarts many aesthetic forms are made and the speaker offers his/her means to the listener. The Clarityarts consist of: explanatory, brevity, economising in speech and talking in pictures.

As a result, the research after providing enough instances from the verses of Bekhood poems, concludes with several important results, which have been summarised in the following six points:

1. Clarity is a prominent, condensed, rich and poly-art science in the science of rhetoric, through which a single meaning can be offered via different literary ways and means. According to the scientists' believe, Clarity is briefed on four arts:

2. Simile: is one of the old and important arts of literary expressing, Bekhood had a good ability in using simile and used the largest types of simile, which together become (33) types and means of simile.
3. Allegory: is a wide art of this poet's poems, making allegory is the production of open-minded and capable people. Bekhood benefitted from more than (13) types of allegory.
4. Metaphor: in old and modern times is considered as a high, effective poetic art, Bekhood used strong and interesting metaphor images in different ways. All the different types and ways of using metaphor reaches (16) ways and categories.
5. The last art of Clarity is Metonymy: metonymy is allegory at sentence level, Bekhood cared a lot about metonymy and we have noted (7) different categories and ways from his poems.
6. Analysing and interpreting Bekhood's poems through clarity art, will make understanding them easier and give more poetry pleasure.

زانكۆی سەلاحەددین - هەولێر
Salahaddin University-Erbil

# The Art of Clarity in Bekhood's Poems

**A Thesis**

Submitted to the Council of the College of language Salahaddin University-Erbil in Partial Fulfillment of the Requirements for the Degree of Master in Kurdish literature

**By**
**Dunya Shahab Ali**
B.A. Kurdish literature and Language -2010

**Supervised By**
**Asst. Prof. Dr. Idrees Abdullah Mustafa**

**Erbil, KURDISTAN**
**October 2015**